حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان

بەشی راگەیاندن

# رۆڵی میدیای نوێ لە بازاڕسازیی سیاسیی بۆ پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان

**نامەیەکە خوێندکار**

**کرمانج رەسوڵ عەبدوڵا**

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی راگەیاندن دا.

**بە سەرپەرشتی**

**پ.ی.د. کاروان محەمەد حەسەن**

2722 **کوردی** 2022 **زاینی**

بسم الله الرحمن الرحيم

**اقْرَأْ بِاسْمِ رَبّكَ الَّذِي خَلَقَ(1) خَلَقَ الإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ(2) اقْرَأْ وَرَبُّكَ الأَكْرَمُ(2) الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ(3) عَلَّمَ الإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ(4).**

**سورة العلق: اية (1–5)**

رەزامەندیی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەی خوێندکار (**کرمانج رەسول عەبدوڵا**) بە ناونیشانی (**ڕۆڵی میدیای نوێ لە بازاڕسازیی سیاسیی بۆ پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان**)، بە چاودێری ئێمە لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی (ڕاگەیاندن)، پێشنیار دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:

سەرپەرشتیار: د. کاروان محەمەد حەسەن

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ڕێکەوت: ٩ / ١٠ /٢٠٢٢

بەپێی ئەم پێشنیارە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:

پ.د. سەلام نەسرەدین محەمەد

سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن

ڕێکەوت: ٩ / ١٠ /٢٠٢٢

ت

رەزامەندیی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەیەی خوێندکار (کرمانج رەسول عەبدوڵا)مان بە ناونیشانی (**ڕۆڵی میدیای نوێ لە بازاڕسازیی سیاسیی بۆ پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان**)، خوێندەوە و گفتوگۆمان دەربارەی ناوەرۆک و رەهەندەکانی دیکەی کردووە، بڕیارماندا بە پلەی (          ) بڕوانامەی ماستەری لە زانستی (راگەیاندن) پێ بدرێت.

واژۆ:

ناو: د. هێمن مجید حسن

پلەی زانستی: پرۆفیسۆر

سەرۆکی لیژنە

ڕێکەوت: ١٥/١٢/٢٠٢٢

واژۆ:

ناو: د. [illegible]

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندامی لیژنە

ڕێکەوت: ٤/١/٢٠٢٣

واژۆ:

ناو: د. ئاراز رمضان احمد

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندامی لیژنە

ڕێکەوت: ١٥/١٢/٢٠٢٢

واژۆ:

ناو: د. کاروان محمد حسن

پلەی زانستی: پ.ی

ئەندامی لیژنە و سەرپەرشتیار

ڕێکەوت: ١٥/١٢/٢٠٢٢

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی پەسەندکرا.

واژۆ:

ناو: پ.ی.د. پاڤێ جەمیل ئەحمەد

راگری کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان بە وەکالەت

ڕێکەوت: ٣٠/٣/٢٠٢٣

**پێشکەشە بە:**

- دایک و باوکی خۆشەویستم، کە لە هەموو قۆناغەکانی ژیانم هاندەر و پشتیوانم بوون.
- خوشک و براکانم.

## سوپاس و پێزانین

- زۆر سوپاس بۆ خودای پەروەردگار کە تەمەنی پێبەخشیم توانیم ئەم توێژینەوەیە ئەنجام بدەم.
- سوپاس بۆ بەڕێز (پ.ی.د. کاروان محەمەد حەسەن) کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی توێژینەوەکەی لە ئەستۆگرت و هاوکاریی کردم.
- سوپاس بۆ سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، بەڕێزان (پ د. هێمن مەجید، پ ی د. کاروان عەلی، پ ی د. ئاراز رەمەزان).
- سوپاس بۆ (پ.د. هێرش رەسوڵ) کە هاوکاریی کردم لە ڕێکخستنی فۆرمەکە و ریکخستنی پلانی توێژینەوەکە.
- سوپاس بۆ هەڵسەنگێنەرانی فۆرمی راپرسیی، بەڕێزان (پ د. نەزاکەت حسێن حەمە سەعید، پ د. هێمن مەجید، پ ی د. ئیبراهیم سەعید، پ ی د. سەلام نەسرەدین، پ ی د. عەبد عارف، پ ی د. عومەر ئەحمەد رەمەزان، پ ی د، محەمەد عەلی، پ ی د. یۆهان عوسمان، پ ی. م. کاوە عزەدین عەبدولرەحمان).
- سوپاس بۆ بەڕێزان (م. جەوهەر جەلال ، پاریزەر جەمال جەلال) کە هاوکارم بوون لە وەرگێرانی سەرچاوە عەرەبیی و ئینگلیزییەکان بۆ سەر زمانی کوردیی.
- سوپاس بۆ بەڕێزان (فێنک ئەحمەد، نەریمان مەجید، کاروان ئەنوەر) کە هاوکارم بوون بۆ دابەشکردنی فۆرمەکان لە دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتیی و مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی.
- سوپاس بۆ بەڕێزان (رزگار ئەژی گۆران، هۆشیار ئاغا، نورەدین بەکر، دانا عصام) کە هاوکارم بوون بۆ دابەشکردنی فۆرمی راپرسیی لە ناو دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی و مەکتەبی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتیی کوردستان.

- سوپاس بۆ بەڕێز (دلێر عەبدولخالق) کە هاوکارم بوو بۆ دابەشکردنی فۆرمەکان لە ناو ژووری رۆژنامەوانیی و هەڵبژاردنی بزوتنەوەی گۆڕان.
- سوپاس بۆ (م. ڕێبوار حەمەد، بێستون حەمە ساڵح) کە هاوکارم بوون لە دابەشکردنی فۆرمی راپرسیی لەناو مەکتەبی هەڵبژاردن و راپرسیی و مەکتەبی راگەیاندنی کۆمەڵی دادگەری کوردستان.
- سوپاس بۆ بەڕێزان ( م. هێمن ئەسکەندەر و موسعەب عەبدولعەزیز) کە هاوکارم بوون لە دابەشکردنی فۆرمی راپرسیی لە ناو مەکتەبی هەڵبژرادن و راگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامیی.
- سوپاس بۆ (م. سۆران حسێن) کە لە لایەنی مەیدانیی و کاری ئاماری توێژینەوەکە هاوکارم بوو.
- سوپاس بۆ سەرۆکایەتی بەشی راگەیاندن لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی.

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی میدیای نوێ لە بازاڕسازیی سیاسیی بۆ پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان) هەوڵێکە بۆ زانین و دەرخستنی ڕۆڵی میدیای نوێ و بە تایبەتیش پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان لە بازاڕسازیی سیاسیی بۆ پارتە سیاسییەکان.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ئاشکراکردنی ئاستی ڕۆڵبینینی میدیای نوێ لە بازاڕسازیی سیاسیی بۆ پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و دیاریکردنی ڕادەی بەکارهێنانی پێگە ئەلکترۆنییەکان لە بواری بازاڕسازیی سیاسیی، هەروەها دەرخستنی پێگە و گرنگی بازاڕسازیی سیاسیی لە لایان. ئەم توێژینەوەیە جۆرێکە لە توێژینەوەی "وەسفی"، بە بەکارهێنانی میتۆدی "ڕووپێوی".

لەم توێژینەوەیەدا فۆرمی ڕاپرسیی بەکارهێنراوە بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری، سامپڵی توێژینەوەکەش بەشێوەی مەبەستدار سەرجەم کادرانی مەکتەبی هەڵبژاردن و ڕاگەیاندنی پێنج پارتی سیاسیی هەرێمی کوردستان وەرگیراون، کە سیانیان لەحکومەتدان وەک (پارتی دیموکراتیی کوردستان، یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان) دوانیشیان ئۆپۆزسیۆنن وەک (کۆمەڵی دادگەریی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان)، لەلایەکی دیکەوە پێگە ئەلکترۆنییەکانی کەناڵە ئاسمانییەکان (ئەو کەناڵانەی کە بە ڕەسمی سەر بەو پێنج پارتە سیاسییەن)، بەپاساوی ئەوەی دەزگای حیزبین وکارەکانیان پەیوەستە بە بازاڕسازیی سیاسیی بۆ پارتەکانیان.

لە گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە، ئامرازەکانی میدیای نوێ بە گشتی بەشێوەیەکی فراوان لەلایەن کادرانی هەڵبژاردن و ڕاگەیاندنی پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بەکاردەهێنرێت لە ئاستێکی بەرزدا بایەخیان بۆی هەیە، ئەوەش ڕۆڵی لە بڵاوکردنەوەی

سیاسەت و پەیامی پارتە سیاسییەکان هەیە. لە کۆتاییدا توێژینەوەکە گەیشتووە بەو ئەنجامەی، ئەو کەسانەی کە لە دامەزراوەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردن و راگەیاندنی پارتە سیاسییەکان کاردەکەن، پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە ئاستی بەرزدا وەک سەرچاوەیەک دەبینن بۆ بازاڕسازیی سیاسیی. زۆرینەی بەرتوێژان، لە ئاستێکی بەرزدا تێگەیشتنیان بۆ زانستی بازاڕسازیی سیاسیی و رۆڵی لە بەرەوپێشبردن و گەشەکردنی پارتە سیاسییەکان نیە، هەروەها پەیوەندییەکی ئاماریی راستەوانەی بەهێز هەیە لە نێوان (میدیای نوێ و بازاڕسازیی سیاسی)، تا پارتە سیاسیەکان زیاتر گرنگی بە بەکارهێنانی میدیای نوێ پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بدەن و بە شێوەیەکی دروست بەکاری بهێنن بازاڕسازیی سیاسی سەرکەوتووتر و کاریگەرتر دەبێت.

## پێکهاتەی توێژینەوە


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکیی | 1 |
| **بەشی یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوە** | 4 |
| یەکەم: کێشەی توێژینەوە | 5 |
| دووەم: گرنگی توێژینەوە | 6 |
| سێیەم: ئامانجی توێژینەوە | 6 |
| چوارەم: گریمانەکانی توێژینەوە | 7 |
| پێنجەم: جۆر و میتۆدی توێژینەوە | 7 |
| شەشەم: کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوە | 8 |
| حەوتەم: سنووری توێژینەوە | 9 |
| هەشتەم: ئامرازی توێژینەوە | 9 |
| نۆیەم: درووستیی و جێگیریی | 9 |
| دەیەم: کەرەستە ئامارییە بەکارهاتووەکانی توێژینەوە | 11 |
| یانزەیەم: دیاریکردنی چەمک و زاراوەکانی توێژینەوە | 12 |
| دوانزەیەم: توێژینەوەکانی پێشوو | 13 |
| سیانزەیەم: تیۆری بەکارهاتووی توێژینەوە | 21 |
| چواردەیەم: بەربەستی توێژینەوە | 27 |
| **بەشی دووەم: لایەنی تیۆری<br>میدیای نوێ و بازاڕسازیی سیاسیی** | 28 |
| **باسی یەکەم : دەروازەیەک بۆ تێگەیشتن لە میدیای نوێ** | 29 |
| یەکەم: چەمک و ناساندنی میدیای نوێ | 29 |
| دووەم: بەشەکانی میدیای نوێ | 32 |
| سێیەم: تایبەتمەندییەکانی میدیای نوێ | 33 |
| چوارەم: تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان | 35 |
| پێنجەم: پێگە ئەلیکترۆنییەکان | 45 |
| **باسی دووەم : دەروازەیەک بۆ ناساندنی لە بازاڕسازیی سیاسیی** | 50 |
| یەکەم: چەمک و ناساندنی بازاڕسازیی سیاسیی | 50 |
| دووەم: گەشەی مێژوویی بازاڕسازیی سیاسیی | 55 |
| سێیەم: پێکهاتەکانی بازاڕسازیی سیاسیی | 57 |

| | |
|---|---|
| 62 | چوارەم: شێواز و تاکتیکەکانی بازاڕسازیی سیاسیی |
| 66 | **باسی سێیەم: میدیای نوێ و بازاڕسازیی سیاسیی بۆ پارتە سیاسییەکان** |
| 66 | یەکەم: میدیای نوێ و بازاڕسازیی سیاسیی |
| 70 | دووەم: پارتە سیاسییەکان |
| 71 | سێیەم پارتە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان |
| 75 | چوارەم: گرنگی بازاڕسازیی سیاسیی بۆ پارتە سیاسییەکان |
| 79 | **بەشی سێیەم: لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە**<br>**دەرخستنی رۆڵی میدیای نوێ لە بازاڕسازیی سیاسیی** |
| 80 | یەکەم: پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان |
| 84 | دووەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەی خشتەکان |
| 131 | دەرەنجام |
| 133 | پێشنیار و راسپاردەکان |
| 135 | لیستی سەرچاوەکان |
| 146 | پاشکۆکان |


## لیستی خشتەکانی لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکە


| لاپەڕە | ناونیشانی خشتەکان |
|---|---|
| 10 | رادەی جێگییری ( مقیاس کرونباخ الفا ) |
| 84 | رەگەزی سامپڵی توێژینەوە |
| 84 | تەمەنی سامپڵی توێژینەوە |
| 83 | بڕوانامەی سامپڵی توێژینەوە |
| 86 | سنووری پارێزگای سامپڵی توێژینەوە |
| 87 | کادری حیزبی |
| 88 | ئاستی بایەخی بەرتوێژان بۆ میدیای نوێ |
| 89 | ئاستی بەکارهێنانی میدیای نوێ بەپێی کاتژمێر |
| 90 | بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان |
| 91 | رادەی بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان |
| 92 | ئەو بابەتانەی بەرتوێژان لە پێگەی ئەلیکترۆنییەکان ( وێب سایتەکان) تەماشای دەکەن |
| 93 | رادەی پشتبەستنی بەرتوێژان بە پێگەی ئەلیکترۆنییەکان بۆ دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکانیان دەربارەی سیاسەت |

| | |
|---|---|
| ڕادەی پشتبەستنی بەرتوێژان بە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بۆ بازاڕسازیی سیاسیی | 94 |
| مەبەستی بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە هەرێمی کوردستان | 95 |
| بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان وەک سەرچاوەیەک بۆ بازاڕسازیی سیاسیی | 96 |
| پێوانەی تایبەت بە ڕۆڵی میدیای نوێ لە بازاڕسازیی سیاسیی بۆ پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان | 97 |
| پێوانەی تایبەت بە بازاڕسازیی سیاسیی بۆ پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان | 101 |
| ڕۆڵی میدیای نوێ لە بازاڕسازیی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان | 104 |
| بەراوردی نێوان بەرتوێژان لەئاستی بازاڕسازیی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکان بەپێی: (ڕەگەز – تەمەن - بڕوانامە – پارێزگا و کادری حیزبی). | 106 |
| پەیوەندیی نێوان کادری حیزبی و بایەخدان بە میدیای نوێ | 107 |
| پەیوەندیی نێوان کادری حیزبی و ڕۆژانە چەند کاتژمێر بۆ بەکارهێنانی میدیای نوێ تەرخاندەکەیت | 109 |
| پەیوەندیی نێوان کادری حیزبی و بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردیەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان ( وێب سایتەکان ) | 111 |
| پەیوەندیی نێوان کادری حیزبی و لەماوەی 24 کاتژمێردا واتە لە شەو ڕۆژێکدا, چەند کاتژمێر تەرخاندەکەیت بۆ بەکارهێنانی پێگەی ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان | 113 |
| پەیوەندیی نێوان کادری حیزبی و ئەو بابەتەی لە پێگەی ئەلیکترۆنییەکان تەماشای دەکەن | 115 |
| پەیوەندیی نێوان کادری حیزبی و پێگەی ئەلیکترۆنییەکانت کردووە بە سەرچاوەیەک بۆ دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکانت دەربارەی سیاسەت | 118 |
| پەیوەندیی نێوان کادری حیزبی و ڕادەی پشتبەستنیان بە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بۆ بازاڕسازیی سیاسیی | 120 |
| پەیوەندیی نێوان کادری حیزبی و مەبەستی بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان | 122 |
| پەیوەندیی نێوان کادری حیزبی و بەشێوەیەکی گشتی پێگەی ئەلیکترۆنییەکان وەک سەرچاوەیەک دەبینیت بۆ بازاڕسازیی سیاسیی | 124 |
| پەیوەندیی نێوان میدیای نوێ و بازاڕسازیی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان | 126 |
| بەراوردی نێوان ڕادەی پشتبەستنی پارتە سیاسییەکان بە پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان و بازاڕسازیی سیاسیی | 127 |
| بەراوردی نێوان بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان لەلایەن پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و بازاڕسازیی سیاسیی | 128 |

| | |
|---|---|
| بەراوردی  نێوان بەرتوێژان لەهەرێمی کوردستان لە ئاستی بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان بۆ بازاڕسازیی سیاسیی بەپێی: (ڕەگەز – تەمەن – بڕوانامە – پارێزگا و کادری حیزبی) | 129 |


## لیستی پاشکۆکانی توێژینەوە


| ناونیشانی پاشکۆکان | لاپەڕە |
|---|---|
| فۆرمی دەرهێنانی راستی | 147 |
| فۆرمی راپرسی | 154 |
| بەرگ و پوختە بە زمانی عەرەبیی | 162 |
| بەرگ و پوختە بە زمانی ئینگلیزیی | 164 |

## پێشەکی

بازاڕسازیی سیاسیی پرۆسەیەکە بۆ باشترکردن و گەشەپێدانی دۆخی پارتێک یان دامەزراوەیەکی سیاسیی یان کاندید و کەسایەتییەکی سیاسیی، هەروەها دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ دەنگدەر و لایەنگرانیان بۆ ئەوەی پشتگیرییان بەدەستبهێنرێت، کە ئەوەش هەوڵدان و شارەزایی تەواویی پێویستە.

بازاڕسازیی سیاسیی لە ڕووی مێژووییەوە تازەترە لە بازاڕسازیی بازرگانیی، بە تایبەت لەم ساڵانەی دواییدا گەشەی بەرچاوی کردووە ئەوەش بەهۆی زیادبوون و پەرەسەندنی ناوەندی ڕاوێژکاریی بازاڕسازیی و گرنگیی ڕێکخراوە سیاسییەکان بۆ ئەو بوارە، هەروەها زیادبوونی ئەو وتار و کتێبانەی کە لە بواری بازاڕسازیی سیاسیی دا نووسراون ، هەمووی ئاماژەن بۆ داهاتووی گەشی ئەم بوارە.

هاتنەناوەوەی بازاڕسازیی بۆ دنیای سیاسەت بەتایبەتی لەگەڵ پەرەسەندنی تەکنەلۆجیای مۆدێرن و ئامرازەکانی پەیوەندیی تا ڕادەیەک تازەیە، وەکچۆن کۆمپانیا و دامەزراوە بازرگانییەکان، پێویستییان بە بازاڕسازیی هەیە بۆ ئەوەی پشکێکی گەورەی بازاڕ بەدەستبهێنن بە مەبەستی قازانجێکی زۆر و گەورەکردن و فراونکردنی سنووری کارو چالاکییەکانیان و بەردەوامییدان بە مانەوەیان، بە هەمانشێوە پارتە سیاسییەکانیش پێویستییان بە بازاڕسازیی هەیە بۆ ڕەوایەتییدان بە خۆیان و پەیام و سەرکردە سیاسییەکانیان لەناو ئەندامان و دەنگدەرانیاندا، لە سەردەمی ئەمرۆشدا کاریگەرترین ڕێگە بۆ بازاڕسازیی ئینتەرنێت و ئامرازەکانی میدیای نوێیە.

هەندێک لە پارتە سیاسییەکان کە دروستبوون و دواتر لەناوچوون ڕەنگە بەهۆی ئەوەوە بووبێت، کە نەیانتوانیبێت بازاڕسازیی بۆ خۆیان بکەن بۆ ئەوەی بمێننەوە و گەشە بکەن، بازاڕسازیی سیاسیی گرنگیی خۆی هەیە بۆ پارتە سیاسییەکان و تەنانەت بۆ سەرکردەکانیش، بۆ ئەوەی

ڕەوایەتیی بۆ خۆیان درووستبکەن و توانای مانەوەیان هەبێت، لەسەر ئەو بنەمایەش توێژینەوە لە بازاڕسازیی سیاسیی بۆتە پێداویستییەکی بواری توێژینەوە ئەکادیمییەکان بە تایبەتیش بازاڕسازیی میدیایی.

ئینتەرنێت و ئامرازەکانی میدیای نوێ شۆڕشێکی گەورەی زانیارییان بەرپاکرد کە زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵ بەرجەستەی دەکەن، لەو روانگەیەشەوە هەڵبژاردنی بواری میدیای نوێ و بازاڕسازیی سیاسیی بۆ توێژینەوە گرنگی خۆی هەیە، چونکە هەردوو بوارەکە تا رادەیەک تازەن و کەمترین توێژینەوەیان لەبارەوە ئەنجامدراوە بە تایبەت بە زمانی کوردیی، هەروەها دۆزینەوەی پەیوەندیی لە نێوان میدیای نوێ و بازاڕسازیی سیاسیی گرنگی زۆری بۆ پارتە سیاسییەکان هەیە.

ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی شوێنەوار و رۆڵی میدیای نوێ و پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە بازاڕسازیی سیاسیی بۆ پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان.  لە سێ بەش پێکهاتووە؛ لە بەشی یەکەمدا رێبازنامەی توێژینەوە باسکراوە کە پێکدێت لە (کێشە و ئامانج و جۆر و میتۆد و کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوەکە، هەروەها دیارییکردنی چەمکەکانی  توێژینەوەکە و توێژینەوەکانی پێشوو و تیۆری بەکارهاتوو لە توێژینەوەکەدا).

لە بەشی دووەمدا تیۆریینامەی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو کە لە سێ باس پێکهاتووە، باسی یەکەم تایبەتە بە دەروازەیەک بۆ تێگەیشتن لە میدیای نوێ، پێکدێت لە (چەمک و ناساندنی میدیای نوێ، بەشەکانی میدیای نوێ، تایبەتمەندییەکانی میدیای نوێ، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، پێگە ئەلیکترۆنییەکان)، باسی دووەم دەروازەیەکە بۆ تێگەیشتن لە بازاڕسازیی سیاسیی، کە پێکدێت لە (چەمک و ناساندنی بازاڕسازیی سیاسیی، گەشەی مێژوویی بازاڕسازیی سیاسیی، پێکهاتەکانی بازاڕسازیی سیاسیی، تاکتیکەکانی بازاڕسازیی سیاسیی)، باسی سێیەم تایبەتکراوە بە میدیای نوێ و بازاڕسازیی سیاسیی بۆ پارتە سیاسییەکان، کە پێکدێت لە (میدیای نوێ و بازاڕسازیی سیاسیی،

پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان و بازارِسازیی سیاسیی، پارتە سیاسییەکان، گرنگی بازارِسازیی سیاسیی بۆ پارتە سیاسییەکان).

هەروەها بەشی سێیەم تایبەتە بە لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە و شیکردنەوەی خشتەکان و خستنەڕووی ئەنجامە گشتییەکانی توێژینەوەکە.

# بەشی یەکەم

## رێبازنامەی توێژینەوە

**یەکەم: کێشەی توێژینەوە**

**دووەم: گرنگی توێژینەوە**

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوە**

**چوارەم: گریمانەکانی توێژینەوە**

**پێنجەم: جۆر و میتۆدی توێژینەوە**

**شەشەم: کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوە**

**حەوتەم: سنووری توێژینەوە**

**هەشتەم: ئامرازی توێژینەوە**

**نۆیەم: درووستی و جێگیریی**

**دەیەم: کەرەستە ئامارییە بەکارهاتووەکانی توێژینەوە**

**یانزەیەم: دیاریکردنی چەمک و زاراوەکانی توێژینەوە**

**دوانزەیەم: توێژینەوەکانی پێشوو**

**سیانزەیەم: تیۆری بەکارهاتووی توێژینەوەکە**

**چواردەیەم: بەربەستی توێژینەوە**

# بەشی یەکەم

## ڕێبازنامەی توێژینەوە

### یەکەم: کێشەی توێژینەوە:

کێشەی توێژینەوە خاڵێکی بنەڕەتییە بۆ دەستپێکردنی توێژینەوەی زانستی، بە واتایەکی تر تا کێشەیەک نەبێت توێژەر ناتوانێت توێژینەوە بکات و بەدوای لایەنە شاراوەکان و ئەو گومانانەدا بگەڕێت کە لای توێژەر سەبارەت بە دیاردەیەک یان بابەتێک دروستبووە. کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە هەبوونی ناڕوونییەک لە ڕۆڵی میدیای نوێ لە بازاڕسازیی سیاسیی بۆ پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتیش پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان لە دیدی پارتە سیاسییەکان، وەک بەشێک لەمیدیای نوێ چ ڕۆڵێکی هەیە لە بازاڕسازیی سیاسیی، بۆ زیاتر روونکردنەوەی کێشەی ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بداتەوە:

1) بەکارهێنانی میدیای نوێ لای پارتە سیاسییەکان لە چ ئاستێکدایە؟
2) ئامانجی بەکارهێنانی میدیای نوێ (پێگە ئەلیکترۆنییەکان) لای پارتە سیاسییەکان چیە؟
3) پێگە و گرنگی بازاڕسازیی سیاسیی لای پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟
4) ئایا پارتە سیاسییەکان تا چەند میدیای نوێ بەکاردەهێنن لە بازاڕسازیی سیاسیی بۆ هەڵمەتە سیاسییەکانیان؟
5) ئەو بوارانە کامانەن کە پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان زیاتر گرنگی پێدەدەن؟
6. ئاستی ڕۆڵبینینی پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان لە بازاڕسازیی سیاسیی بۆ پارتە سیاسییەکان چۆنە؟

**دووەم: گرنگی توێژینەوە:**

ئەنجامدانی توێژینەوە لە بارەی میدیای نوێ و بازاڕسازیی سیاسیی بایەخی خۆی هەیە بە تایبەت لە سەردەمی ئەمرۆ کە پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان تەواوی جیهانی گرتۆتەوە و کاریگەریی لەسەر ژیانی سیاسیی و دیاریکردنی ئاراستەی رووداوەکان هەیە، دەکرێت لایەنە ئەرێنییەکانی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەدا کۆبکرێتەوە:

1) ئەم توێژینەوەیە کاریگەریی باشی دەبێت لە تاووتوێکردن و ناساندنی هەردوو بواری میدیای نوێ و بازاڕسازیی سیاسیی و پەیوەندییەکانی نێوانیان روونده‌کاتەوە.
2) ئەم توێژینەوەیە بۆ پارت و دامەزراوە و کەسایەتییە سیاسییەکان گرنگە بۆ ئاشنابوونیان بە بازاڕسازیی سیاسیی، کە لایەنێکی گرنگە بۆ ئەوەی بەردەوامیی بە مانەوە و گەشەکردنی خۆیان بدەن لای جەماوەر.
3) بۆ بواری زانستی بە تایبەت بواری راگەیاندن گرنگی خۆی دەبێت و دەکرێت وەک سەرچاوەیەکی زانستی بەکاربهێنرێت، بەتایبەت کە کەمترین توێژینەوە لە بواری بازاڕسازیی سیاسیی بە زمانی کوردیی ئەنجامدراوە.

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوە:**

هەموو توێژینەوەیەک چەند ئامانجێکی هەیە و توێژەر بە پەیڕەوکردنی ڕێگای زانستی دەیەوێت بە ئامانجەکانی بگات، گرنگتریین ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لەم چەند خاڵەدا دیاریکراوە:

1) زانین و دەرخستنی ئاستی بەکارهێنانی میدیای نوێ لای پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان.
2) دەرخستنی مەبەست و ئامانجی بەکارهێنانی میدیای نوێ (پێگە ئەلیکترۆنییەکان) لای پارتە سیاسییەکان.

3) دەرخستنی پێگە و گرنگی بازاڕسازیی سیاسیی لای پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان.
4) ئاشکراکردنی ئاستی رۆڵبینینی میدیای نوێ بۆ بازاڕسازیی سیاسیی بۆ پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان.
5) دیارییکردنی ئەو بوارانەی کە پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان گرنگی پێدەدەن.
6) زانینی رادەی پشتبەستن و بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە بواری بازاڕسازیی سیاسیی لای پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان.

**چوارەم: گریمانەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە چەند گریمانەیەکی هەیە کە بریتیین لە:

1) پەیوەندیی ئامارییی هەیە لە نێوان بەکارهێنانی میدیای نوێ لەلایەن پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و بازاڕسازیی سیاسیی.
2) پەیوەندیی ئامارییی هەیە لە نێوان پشتبەستنی پارتە سیاسییەکان بە پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان و ئاستی گرنگیدان بە بازاڕسازیی سیاسیی.
3) پەیوەندیی ئامارییی هەیە لە نێوان بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان لەلایەن پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و بازاڕسازیی سیاسیی.
4) جیاوازی ئامارییی هەیە لە نێوان سامپڵی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی (رەگەز، بڕوانامە، کادری سیاسیی پارتەکان، پارێزگا) و ئاستی پشتبەستن و بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان بۆ بازاڕسازیی سیاسیی.

**پێنجەم: جۆر و میتۆدی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوە "وەسفی"یەکانە کە ئامانج لێی شیکردنەوە و وەسفکردنی دیاردەیەکە بە مەبەستی گەیشتن بە راستی و زانیارییەکانی تایبەت بەو دیاردەیەی کە لێی

دەکۆڵرێتەوە، چونکە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی رۆڵ و کاریگەریی میدیای نوێ لە بازاڕسازیی سیاسیی بۆ پارتە سیاسییەکان، بە بەکارهێنانی رێکاری "ڕووپێوی" بەو پێیەی رێکارێکی زانستییە بۆ دەستکەوتن و کۆکردنەوەی زانیاریی و پۆلێنکردنیان. هەروەها ئەم توێژینەوەیە فۆرمی راپرسیی بەکارهێناوە لەپێناو زانینیی رای کادر و ئەندامانی پێنج پارتی سیاسی هەرێمی کوردستان لەسەر رۆڵ و کاریگەریی میدیای نوێ لە بازاڕسازیی سیاسیی بۆ پارتە سیاسییەکان.

**شەشەم: کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوە:**

أ- **کۆمەڵی توێژینەوە**: بەو پێیەی ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (رۆڵی میدیای نوێ لە بازاڕسازیی سیاسیی بۆ پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان) توێژەر بە گرنگی زانی کۆمەڵی توێژینەوە پێنج پارتی سیاسیی هەرێمی کوردستان بێت، سیانیان بەشدارن لە حکومەت کە بریتیین لە (پارتی دیموکراتیی کوردستان، یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان)، دوو پارتی ئۆپۆزسیۆن (کۆمەڵی دادگەریی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان)، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو پارتە سیاسییانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە خاوەنی کەناڵی تەلەفزیۆنی تایبەت بە خۆیانن کە بە رەسمی زمانحاڵی پارتە سیاسییەکەیە. مەبەستمانە دید و تێروانینیان لەسەر رۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بزانین بۆ بازاڕسازیی سیاسیی بە تایبەت (ئەو کەناڵانەی کە بە رەسمی سەر بە پێنج پارتە سیاسییەکەن).

ب- **سامپڵ**: لەناو پارتە سیاسییەکان دا، توێژەر بۆ دیاریکردنی سامپڵ، کادرانی باڵای دامەزراوەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردن و راگەیاندنی پارتە سیاسییەکانی هەڵبژارد (پارتی دیموکراتیی کوردستان، یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان، کۆمەڵی دادگەریی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان)، بەو پێیەی ئەو دامەزراوانە یەکێک

لە ئەرکەکانیان بازاڕسازیی سیاسییە بۆ پارتەکانیان، توێژەر لە ماوەی نێوان (2022/2/1 – 2022/6/1) بەشێوەی (حصر شامل) (330) فۆرمی لەناو ئەو دامەزراوانەدا دابەشکرد، لە کۆی ئەو ژمارەیە (320) فۆرم گەڕایەوە، (317) فۆرم شیاوی شیکاریی بوون، (246) لە ڕەگەزی نێر و (76) لە ڕەگەزی مێ بوون.

**حەوتەم: سنووری توێژینەوە:**

سنووری ئەم توێژینەوەیە لە چەند لایەنێکەوە دیاریکراوە بەم شێوەیە :

1) سنووری جوگرافی: هەرێمی کوردستان پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک ، هەڵەبجە).
2) سنوری کات: ماوەی ئەنجامدانی لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکەیە، (2022/2/1 – 2022/6/1).
3) سنووری مرۆیی: پێکدێت لە کادر و ئەندامانی  پێنج پارتی سیاسیی هەرێمی کوردستان (پارتی دیموکراتیی کوردستان، یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان، کۆمەڵی دادگەریی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان)، بە دیاریکراوی ئەوانەی لە مەکتەب و دامەزراوەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردن و ڕاگەیاندنی ئەو پارتە سیاسییانە کار دەکەن.

**هەشتەم: ئامرازی توێژینەوە:**

توێژەر بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و هەڵسەنگاندنی گریمانەکان و هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، هەروەها بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی تایبەت بە ڕۆڵ و کاریگەریی میدیای نوێ لە بازاڕسازیی سیاسیی بۆ پارتە سیاسییەکان فۆرمی ڕاپرسیی بەکارهێناوە، کە لە ڕێگەی فۆرمی ڕاپرسییەوە چەندین پرسیاری پەیوەست بە بابەتی توێژینەوەکەی ئاراستەی بەرتوێژان کرد، کە لە (3) تەوەر و (48) بڕگە پێکهاتبوو.

**نۆیەم: دروستیی و جێگیری:**

أ- دروستی فۆرمی ڕاپرسیی، بۆ دەرهێنانی دروستی فۆرمی ڕاپرسییەکە توێژەر پشتی بە ڕاستی ڕواڵەت بەستووە بۆ پرسیار و بڕگەکانی ئامرازی بەکارهاتوو، توێژەر فۆرمە ڕاپرسییەکەی ئاراستەی (7) پسپۆڕی بواری ڕاگەیاندن و (2) پسپۆڕی بواری زانستە سیاسییەکان کرد*، بۆ ئەوەی سەرنج و تێبینییەکانی خۆیان لەبارەوە بخەنەڕوو، دوای گەڕانەوەی فۆرمەکە لەلایەن هەڵسەنگێنەرانەوە تێبینییەکانیان بەهەند وەرگیرا و فۆرمەکە بە ڕێژەی (94.1%) ڕێککەوتنی هەڵسەنگێنەرانی وەرگرت کە لەڕووی زانستییەوە دروستی فۆرمەکە پیشاندەدات.

ب-ڕادەی جێگیری: بۆ دڵنیابوون لە ڕادەی جێگیری، توێژەر هاوکێشەی (کرونباخ الفا)ی بەکارهێناوە، بەهای جێگیریی بە ڕێگەی (مقیاس کرونباخ الفا) دەکاتە (0.871) کە بەهایەکی باش دەردەخات و جێگیری داتاکانی توێژینەوەکە لە ئاستێکی بەرزدایە. بڕوانە خشتەی ژمارە (1).

خشتەی ژمارە (1) ڕادەی جێگییری ( مقیاس کرونباخ الفا )

| پێوەری گشتیی | ژمارەی بڕگەکان | بەهای جێگییری ( مقیاس کرونباخ الفا ) |
|---|---|---|
| بەهای جێگیریی (مقیاس کرونباخ الفا) | 34 | 0.871 |

* هەڵسەنگێنەرانی فۆرمی ڕاپرسیی:
پ د. نەزاکەت حسێن حەمە سەعید، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
پ د. هێمن مەجید، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
پ د. ئیبراهیم سەعید، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
پ ی د. سەلام نەسرەدین، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
پ ی د. عەبد عارف، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سلێمانی.
پ ی د. عومەر ئەحمەد ڕەمەزان، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی..
پ ی د، محەمەد عەلی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سلێمانی.
پ ی د. یۆهان عوسمان، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
پ ی. م. کاوە عزەدین عەبدولرەحمان، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی

**دەیەم: کەرەستە ئامارییە بەکارهاتووەکان:**

بۆ گەیشتن بە چارەسەرە ئامارییەکان و دەرهێنانی ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوانەیی و پلەبەندکردنی بڕگەکان، توێژەر پرۆگرامی (SPSS)ی بەکارهێناوە، لەگەڵ چەند کەرەستەیەکی ئاماریی کە بریتیین لە:

1) ڕێژەیی سەدی = $\frac{\text{بەش} \times 100}{\text{کۆی گشتی}}$

2) ناوەندی ژمێرەیی (الوسط الحسابي – Maen) بۆ دەرهێنانی ناوەندی تەمەنی سامپڵی توێژینەوەکە لە ڕاپرسییەکەدا.

3) لادانی پێوانەیی (الانحراف المعياري – Standard Deviation) بۆ دەرهێنانی بڵاوەی بەهاییەکان لە ناوەند.

4) هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان (Person Correlation Coefficient) بۆ دەرهێنانی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان.وەکو گۆراوی (x,y)

5) هاوکێشەی (Simple Regression Model) بۆ دەرهێنانی پەیوەندی و ڕۆڵی گۆراوێکی ناسەربەخۆ بۆ گۆراوێکی سەربەخۆ، وەکو گۆراوی (x,y) (x) بریتیە لە گۆڕاوێکی سەربەخۆ وە (y) بریتیە لە گۆڕاوێکی ناسەربەخۆ

6) هاوکێشەی (Independent samples T-test) بۆ دەرهێنانی بەراوردی نێوان دوو گروپ لە گۆڕاوێکا بۆ گۆراوێکی دیاریکراو.

7) هاوکێشەی (One Way ANOVA F-Test) بۆ دەرهێنانی بەراوردی نێوان زیاتر لە دوو لە گۆڕاوێکدا بۆ گۆراوێکی دیاریکراو.

**پانزەیەم: دیاریکردنی چەمک و زاراوەکانی توێژینەوە:**

لەم باسەدا گرنگترین ئەو چەمکانەی کە لە توێژینەوەکەدا هاتوون دەناسێنین و ئەو مەبەستەی کە بۆی بەکارهێنراون ڕووندەکەینەوە:

1. **ڕۆڵ** : مەبەست لە چەمکی ڕۆڵ چالاکی و ئەرکێکە کە کاریگەریی لەسەر پرۆسە و بابەتێکی دیاریکراو دەبێت. مەبەستی بەکارهێنانی ئەم چەمکە لەم توێژینەوەیەدا ئەو شوێنپێ و کاریگەرییەیە کە میدیای نوێ لە بازاڕسازیی سیاسیی بۆ پارتە سیاسییەکان دروستیدەکات.
2. **میدیای نوێ:** شێواز و چالاکی دیجیتاڵیی میدیاییە، کە توانای بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی پەیامێکی میدیایی هەیە، لە ڕێگەی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانی پەیوەست بە ئینتەرنێت، مەبەستی بەکارهێنانی چەمکی میدیای نوێ لەم توێژینەوەیەدا بە دیاریکراوی بریتییە لە پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان.
3. **بازاڕسازیی سیاسیی:** مەبەست لە چەمکی بازاڕسازیی سیاسیی لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە پرۆسەی پلاندانان و جێبەجێکردنی لە پێناو بەدەستهێنانی پشتگیریی و هاوکاریی جەماوەر بۆ پارتێک یان کەسایەتییەک یان کاندیدێکی سیاسیی، بە بەکارهێنانی ستراتیژێکی بەرنامە بۆداڕێژراو کە لەسەر ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەریی بونیادنرابێت و جەماوەرێکی دیاریکراو بکرێتە ئامانج.
4. **پارتە سیاسییەکان:** یەکگرتنی کۆمەڵە خەڵکێکی دیاریکراوە لەسەر بنەمای سیستمێکی هاوبەش، لە پێناو بەدیهێنانی سیاسەت و ئامانجێکی هاوبەش، مەبەست لە بەکارهێنانی پارتە سیاسییەکان لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە پارتە سیاسییەکانی (پارتی دیموکراتیی کوردستان، یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان، کۆمەڵی دادگەریی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان).

5. **هەرێمی کوردستان:** وەک لە دەستوری عێراقدا ئاماژەی پێکراوە، هەرێمی کوردستان پێکهاتەیەکی جوگرافی و کارگێرییە لە ڕووی سیاسییەوە هەرێمێکی سیاسیی فیدراڵە لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا.
6. **پێگە ئەلیکترۆنییەکان:** کۆمەڵێک لاپەرەی ئەلیکترۆنی بەیەکەوە بەستراون لە ناو تۆڕی ئینتەرنێتدا دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو، کە لەلایەن تاکەکەس یان ڕێکخراوێکەوە بەڕێوە دەبرێت بۆ هێنانەدی مەبەستێکی دیاریکراو. مەبەستی بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەم توێژینەوەیەدا پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی (کوردستان، گەلی کوردستان، کەی ئێن ئێن، پەیام، سپێدە) یە.
7. **کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان:** مەبەستی توێژەر لە بەکارهێنانی چەمکی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان ئەو کەنالانەن کە بە زمانی کوردیی و لە هەرێمی کوردستان پەیامەکانیان پەخش دەکەن، بە دیاریکراویش کەناڵەکانی (کوردستان، گەلی کوردستان، کەی ئێن ئێن، پەیام، سپێدە) یە، کە زمانحاڵی پارتە سیاسییەکانی (پارتی دیموکراتیی کوردستان، یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان، کۆمەڵی دادگەریی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان)ن.

**دوانزەیەم**: **توێژینەوەکانی پێشوو**:

لەم بەشەدا توێژەر ئەو توێژینەوە کوردستانی و عەرەبیی و ئینگلیزییانە دەخاتەڕوو کە لە بابەتی توێژینەوەکەوە نزیکن و لە تازەترینەوە بۆ کۆنترین ریزبەندکراون:

**یەکەم:** توێژینەوەی محمد السید طاحون بە ناونیشانی (**التسويق السياسي للأحزاب السياسية المصرية من خلال شبكات التواصل الاجتماعي**2021)[1]. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت بزانێت پارتە سیاسییەکانی میسر تا چەند توانیویانە سوود لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ببینن بۆ بازارسازیی

---

[1] . **محمد السيد طاحون، التسويق السياسي للأحزاب السياسية المصرية من خلال شبكات التواصل الاجتماعي، المجلة العلمية لبحوث العلاقات العامة و الإعلان، العدد** 21، 2021.

سیاسیی و گەیشتن بە هاوولاتییان و دەنگدەران، هەروەها بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لای پارتە سیاسییەکان چ کاریگەرییەکی هەبووە لەسەر رای هاوولاتییان و بازارڕسازیی سیاسیی، لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی بەکارهێنراوە و سامپڵێک لە ئەندامانی پارتەکانی (مصر بلدی، الاتحاد، مستقل وطن) وەرگیراون. لە گرنگترین دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە:

1. هیچ جیاوازییەکی بەرچاو لە پێوەرەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گۆڕاوی تەمەن نییە.
2. تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک لای ئەندامانی پارتە سیاسییەکان بە بەراورد بە تۆڕەکانی دیکە زۆرتر بەکاردەهێنرێت، لە ڕێگەی کۆمێنتەوە بۆچوونە سیاسییەکانی خۆیان دەردەبڕن.
3. جیاوازی هەیە لەسەر پێوەرەکانی بازارڕسازیی سیاسیی، لە نێوان پارتەکانی (مصر بلدی و مستقل وطن)، مصر بلدی سەرکەوتووتر بووە لە بازارڕسازیی سیاسیی، هەروەها لە نێوان (الاتحاد، مستقل وطن) مستقل وطن سەرکەوتووتر بووە.

**دووەم:** توێژینەوەی (إسراء محمود عیسی البحیصی)، زانکۆی ئەزهەر، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی زانستە سیاسییەکان، بە ناونیشانی (**دور مواقع التواصل الاجتماعی فی التسویق السیاسیی للحملات الانتخابیة**[1]) 2019، توێژینەوەیەکی شیکارییە و دەیەوێت لە ڕۆڵی پێگەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی بکۆڵێتەوە لە بازارڕسازیی سیاسیی بۆ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و میسر، هەروەها باسکردنی بابەتی وێنەی زهنی و دروستکردنی رایگشتیی لە ڕێگەی پێگەکانی میدیای ئەلیکترۆنیی. لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە:

1. تۆڕەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی بوون بە ئامرازی بەهێزکردنی ناڕەزایی سیاسیی و گواستنەوەی کۆمەڵگەی ئینتەرنێتی بۆ ئەرزی واقع.

---

(1) **إسراء محمود عیسی البحیصی، دور مواقع التواصل الاجتماعي في التسويق السياسي للحملات الانتخابية، رسالة ماجستير، (جامعة الازهر- غزة، كلية الاداب والعلوم الانسانية، قسم العلوم السياسية)،** 2019.

2. پێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چوار ئەرکی سەرەکییان هەیە لە بەڕێوەبردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن کە بریتین لە:
   - ئەرکی هەواڵی و دروستکردنی وێنەی زهنی دەربارەی کاندیدەکان.
   - ئەرکی گەیاندنی پەیام بە دەنگدەران.
   - ئەرکی ئاراستەکردنی دەنگدەران لەپێناوی پشتیوانی لە کاندیدەکان.
   - ئەرکی میدیایی بۆ پارێزگاریکردنی متمانە لەنێوان کاندید و دەنگدەران.
3. دەرئەنجامەکانی توێژینەوە هاوتایە لەگەڵ گریمانەکانی تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی میدیا، کە جەخت لە پشتپێبەستنی گەنجان بە فەیسبووک دەکاتەوە بۆ تێگەیشتن لە ژینگەی دەوروبەر دواتر بڕیاری هەڵبژاردن.

**سێیەم:** توێژینەوەی شێرکۆ جبار محمد، بە ناونیشانی (**مامەڵەی سۆشیاڵ میدیای کەناڵە ئاسمانییەکان لە رووماڵکردنی پرسە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستاندا**) 2019 توێژینەوەیەکی رووپێویی شیکاری ناوەرۆکە[1]. ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەستنیشانکردنی کارتێکردنی دیدی گشتیی لە هەرێمی  کوردستاندا بە چۆنێتی خستنەڕووی پرسە سیاسییەکان لە پەیجە فەرمییەکانی سۆشیال میدیای تایبەت بە کەناڵە ئاسمانییەکان. کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە چوارچێوەی چۆنییەتی مامەڵەی سۆشیال میدیا دەبینێتەوە لە هەڵگیرسانی قەیرانە سیاسییەکاندا و هاندانی بەکاربەری تۆڕەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی لە هەڵچوونی زەینی سیاسیی و ناسەقامگیریی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی لە هەرێمی کوردستاندا.

سامپڵی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لەو پۆستانەی کە لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (FACEBOOK) لەلایەن  کەناڵی ئاسمانی رووداو و ئێن ئارتی لە پەیجی فەرمی خۆیان رۆژانە بڵاوی دەکەنەوە،

---

[1] د. شێرکۆ جبار محمد، مامەڵەی سۆشیاڵ میدیای کەناڵە ئاسمانییەکان لە رووماڵکردنی پرسە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دا، توێژینەوەیەکی رووپێویی ناخنشییکارییە، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە 59، کانونی دووەمی 2019. https://jzsb.univsul.edu.iq/home

ئەم توێژینەوەیە پشتی بە ئامرازی شیکاریی ناوەرۆک بەستووە و کۆمەڵێ بواری جیاوازی گرتۆتەوە و تیۆری "چێوەرگرتنی میدیا" بەکارهێنراوە. گرنگترین دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیین لە:

1. لە بارەی کۆمێنتی ئەندامانی لە بارەی بڵاوکراوەکانی پێگەی سۆشیال میدیای کەناڵە ئاسمانییەکان، رەخنەگرتن لە حکومەت بە پلەی یەکەم دێت، پاشان کۆمێنتی تێروانین و بیروبۆچوون بە پلەی دووەم، کۆمێنتی جنێودان و ناوزراندن بە پلەی سێیەم دێت.
2. ئەولەویەتی ناوەرۆکی بابەتە سیاسییەکان لە پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە ئاسمانییەکان لە هەرێمی کوردستان بە پلەی یەکەم باس لە گرفتی گەندەڵی دەکەن، پاشان بابەتی خۆپیشاندانی جەماوەریی بە پلەی دووەم و پاشان گرفتی مووچە بە پلەی سێیەم، بابەتی بایکۆت بە پلەی چوارەم دێت.
3. مامەڵەی میدیایی بۆ بابەتە سیاسییەکانی پێگەی سۆشیال میدیای کەناڵە ئاسمانییەکان لە هەرێمی کوردستان بە پلەی یەکەم سیاسییانەیە، پاشان مامەڵەی میدیایی سۆزداریی بە پلەی دووەم هاتووە، مامەڵەی میدیای تێکەڵ لە بابەتیبوون و هاوسەنگی لە کاری رۆژنامەگەری بە پلەی سێیەم هاتووە.

**چوارەم:** توێژینەوەی ئاراز رەمەزان ئەحمەد بە ناونیشانی (**رۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە پێکهاتنی زانینی سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا**) 2018. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ئاشکراکردنی ئاستی رۆڵبینینی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، لەپێکهێنانی زانینی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان. توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدی زانستی شیکاریی و مەیدانی بەستووە، لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی، لە رێگەی دابەشکردنی فۆرمی راپرسیی بەسەر مامۆستایانی زانکۆدا، هەروەها شیکاریی ناوەرۆک بۆ هەواڵی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان و رۆڵی لە پێکهێنانی زانینی سیاسیی، کە پێگەی ڕووداو وەک نمونە وەرگیراوە. گرنگترین دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە:

1. زۆرینەی مامۆستایانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان، پێگە ئەلیکترۆنییەکان وەک سەرچاوەیەک بۆ زانینی سیاسیی بەکاردەهێنن.
2. پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەهۆی ئاسانی لە بەکارهێنان و خێرایی لە گەیاندن، وەک سەرچاوەیەکی زانینی سیاسیی بەکاردەهێنرێن.
3. پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان سەرچاوەیەکی باشن بۆ هۆشیاری سیاسیی لای مامۆستایانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان.

**پێنجەم:** توێژینەوەی (Christine B. Williams) کە بە زمانی ئینگلیزییە بە ناونیشانی Social Media, Political Marketing and the 2016 U.S. Election)، (سۆشیال میدیا و بازاڕسازیی سیاسیی لە هەڵبژاردنی 2016ی ئەمریکا)، زانکۆی بینتلی، ئەمریکا، 2017.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ئاشکراکردنی رۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بازاڕسازیی سیاسیی بۆ کاندیدەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا لە هەڵبژاردنی ساڵی 2016، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ئەم شێواز و ڕێکارانە دیارییکات دەربارەی ئەوەی کە چۆن تەکنەلۆژیای پەیوەندیی نوێ بازاڕسازیی سیاسیی بۆ کاندیدەکان دەکات و ئاراستەی بیرکردنەوەی دەنگدەران دەگۆڕن، لەم توێژینەوەیەدا شێوازی لێکۆڵینەوەی وەسفیی و شیکاریی ناوەرۆک پەیڕەوکراوە. لە گرنگترین دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیین لە:

1. فەیسبووک و تویتەر و ئینستگرام ڕێگا و شێوازی نوێ دروست دەکەن بۆ هەڵمەتە سیاسییەکان و بازاڕسازیی سیاسیی بۆ کاندیدەکان.
2. لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی 2016 ی ئەمریکا، 44٪ ی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو زانیارییان لەبارەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەستکەوتووە.

3. 24٪ ی دەنگدەران هەواڵ و زانیارییان لەپۆستی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەدەست هێناوە دەربارەی دۆناڵد ترامپ و هیلاری کلینتۆن.

**شەشەم:** توێژینەوەی (Nandi Dabula) کە بە زمانی ئینگلیزییە بە ناونیشانی (The influence of social media political marketing on trust, loyalty and voting intention of youth voters in South Africa)[1]، (کاریگەریی بازاڕسازی سیاسیی لە سۆشیال میدیا لەسەر متمانەی دەنگدارانی گەنج لە باشوری ئەفریقا) زانکۆی ویتواتەرسراند، ئەفریقای باشور 2016.

ئەم توێژینەوەیە لە ئاستی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵێتەوە لەلای پارتە سیاسییەکانی ئەفریقای باشور، بۆ راکێشانی سۆزی دەنگدەرانیان بە تایبەت توێژی گەنجان دەکۆڵێتەوە و ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت بزانێت تاچەند بازاڕسازیی سیاسیی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کاریگەریی لەسەر دڵسۆزی متمانەی دەنگدەران هەیە، لە گرنگترین دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە:

1. زۆربەی پارت و سەرکردە سیاسییەکان بۆ گەیشتن بەگەنجان هەوڵەکانیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاودەکەنەوە و توانای ئەوەیان هەیە لەگەڵیان تێکەڵ بن.
2. تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە بازاڕسازیی سیاسیی و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بەکاردەهێنرێت و سەرکەوتووش بووە لەسەر شێوازی بانگەشەی کاندیدەکان بەشداریی هاووڵاتییان لە سیاسەتدا.

(1) Nandi Dabula, The influence of social media political marketing on trust, loyalty and voting intention of youth voters in South Africa, University of the Witwatersrand, in partial fulfilment of the requirements for the degree of Master of Management in the field of Strategic Marketing, 2016. https://wiredspace.wits.ac.za/handle/10539/21489

**حەوتەم:** توێژینەوەی هاوبەشی ( عبدالله جاد محمود، أمین سعید عبدالغنی، احمد الهلالی الشربینی الهلالی) بە ناونیشانی **(استخدام الفیسبوک فی التسویق السیاسي لمرشحي الانتخابات الرئاسیة**[1]) 2014، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ئاستی کاریگەریی بازاڕسازیی سیاسیی بۆ کاندیدەکانی سەرۆکایەتی لە ڕێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە، لەسەر ئاراستەکردنی گەنجان، هەروەها فێربوون دەربارەی شێوازی بازاڕسازیی سیاسیی لە پێگەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی، لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی لێکۆڵینەوەی وەسفیی و شیکاریی ناوەڕۆک پەیڕەوکراوە،

بۆ ئەو مەبەستەش لاپەرەی فەرمی هەردوو کاندیدی سەرۆکایەتی (محەمەد مورسی و ئەحمەد شەفیق) لە فەیسبووک بە نمونە وەرگیراوە. لە گرنگترین دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە:

1. شێوازی بازاڕسازیی سیاسیی لە بڵاوکراوەکانی لاپەرەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک، بە ڕێژەی 83.50% لە لاپەرەی فەیسبووکی محەمەد مورسی بەکارهێنراوە، لە بڵاوکراوەکانی ئەحمەد شەفیق بە ڕێژەی 87.14% بەکارهێنراوە.
2. باوترین شێوازی بازاڕسازیی سیاسیی کە لە لاپەڕەی محەمەد مورسی بەکارهاتووە، " هێرشی ڕاستەوخۆ" یە، بە ڕێژەی "27.91٪" بوو، لە لاپەرەی ئەحمەد شەفیق بە ڕێژەی 29.84% بووە.
3. کەمترین شێوازی بازاڕسازیی سیاسیی کە لەلاپەرەی محەمەد مورسی بەکارهاتووە شێوازی "دژە هێرش"ە، شێوازی دژە هێرش لە لاپەرەی ئەحمەد شەفیق ڕێژەکەی 1.64% یە.

[1] د. عبدلله جاد محمود واخرون، استخدام الفیسبوک فی التسویق السیاسي لمرشحي الانتخابات الرئاسیة، جامعة المنصورة، مجلة بحوث التربیة النوعیة، العدد 33، 2014.

### 1-12: تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو

ئەو توێژینەوانەی خراونەتەڕوو بوونەتە سەرچاوەیەکی باش بۆ توێژەر لە هەردوو بواری تیۆریی و پراکتیکی توێژینەوەکەیدا، لە دوای تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو و بەراوردکردنی بە توێژینەوەکەی خۆی، توێژەر بەم ئەنجامانە گەیشتووە:

1. جۆری ئەم توێژینەوەیە "وەسفیی"یە، لە هەمان جۆری ئەو توێژینەوانەیە کە لە بڕگەی توێژینەوەکانی پێشوو ئاماژەی پێدراوە.
2. لەڕووی ئامانجەوە، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هاوتایە لەگەڵ هەندێک لە ئامانجەکانی هەریەک لە توێژینەوەکانی (إسراء محمود، محمد السيد طاحون، Christine B. Williams، Nandi Dabula)، بەڵام ئامانجەکانی جیاوازە لەگەل توێژینەوەکانی (ئاراز رەمەزان، شێرکۆ جبار ، عبدلله جاد).
3. لەڕووی دەرەنجامەوە، دەرەنجامی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ هەندێک لە دەرەنجامی توێژینەوەکانی (إسراء محمود، محمد السيد طاحون) هاوشێوەن، بەڵام لەگەڵ توێژینەوەکانی (ئاراز رەمەزان، شێرکۆ جبار، عبدلله جاد، محمد السيد طاحون، Christine B. Williams، Nandi Dabula) جیاوازە.
4. لەڕووی بابەتەوە، بابەتی ئەم توێژینەوەیە نزیکە لە بابەتی هەریەک لە توێژینەوەکانی (ئاراز رەمەزان، شێرکۆ جبار، إسراء محمود، عبدلله جاد، محمد السيد طاحون، Christine B. Williams، Nandi Dabula)، هەریەکەیان بە ئامانجی جۆراوجۆر میدیای نوێ و بازاڕسازیی سیاسیی بابەتی توێژینەوەکانیانن.
5. لەڕووی ئامرازەوە، ئەم تویژینەوەیە فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنوەی زانیاریی هاوشیوەی توێژینەوەکانی (ئاراز رەمەزان، محمد السيد طاحون Nandi Dabula) بەلام

توێژینەوەکانی (شێرکۆ جبار، إسراء محمود، عبدلله جاد، Christine B. Williams) شیکاری ناوەرۆکیان بەکارهێناوە.

ئەم توێژینەوەیە توانیویەتی سوود لە توێژینەوەکانی پێشوو وەربگرێت لە ڕووی:

1. سود وەرگرتن لە میتۆد و ئامرازی توێژینەوەکان.
2. سەرچاوەیەکی باش بوون بۆ ڕێکخستنی پلانی توێژینەوەکە و ئاشنابوونی توێژەر بە کۆمەڵێک سەرچاوەی زانستی بە تایبەت لە بواری بازاڕسازیی سیاسیی.
3. ئاشنابوون بەو هەوڵە زانستیانەی کە لە بواری پەیوەندیی نێوان میدیا و بازاڕسازیی سیاسیی نراون.
4. لە ڕووی تیۆرییەوە سەرچاوەیەکی باش بوون بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەو بابەتانەی پەیوەستبوون بە پەیوەندیی نێوان میدیای نوێ و بازاڕسازیی سیاسیی.
5. ئەم توێژینەوانە سەرچاوەیەکی گرنگ بوون بۆ بەرچاوڕوونی توێژەر لە سازاندن و ڕێکخستنی فۆرمی ڕاپرسی و داڕشتنی پرسیارەکانی فۆرمەکە.

**سیانزەیەم: تیۆری بەکارهاتووی توێژینەوە:**

1-13 **تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی میدیا**

تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی میدیا، ڕێبازێکی سیستەماتیکە بۆ لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییەکانی میدیا لەسەر بینەران و کارلێکەکانی نێوان میدیا و بینەران و سیستەمی کۆمەڵایەتیی، کە لە لایەن هەردوو توێژەری ئەمەریکی بواری کۆمەنیکەیشن (ساندرا بال-رۆکیچ و میڵڤین دیفلیور) لە ساڵی (1976) دا ناسێنرا.[1].

[1] Yang lin, https://www.britannica.com/topic/media-dependency-theory , in 14/9/2021

تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی میدیا پابەندە بەو پەیوەندییەی میدیاو جەماوەرو سیستمی کۆمەڵایەتیی پێکەوە گرێدەدات، لەو پشتیوانییە ئاڵوگۆڕییەدا خاوەندارێتی چەند تایبەتمەندییەکی کۆمەڵایەتیی دەکات کە نیشانەکانی کۆمەڵگەی نوێ دەیسەپێنێت، جەماوەر بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی و هێنانەدی پێداویستییەکانی  پشت بە دەزگاکانی راگەیاندن دەبەستێت، بەو پێیەی سیستمێکی لاوەکی لە پێناو سەردەرکردن و تێگەیشتن لە سیستمێکی لاوەکی دیکە، کە ئەویش دەوروبەری کۆمەڵایەتییە کە تاکەکانی کۆمەڵ تێیدا دەژین، واتا ئامرازەکانی میدیا لە جێی چەند سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ دەستکەوتنی زانیاریی لە بارەی ڕووداوەکانی دەورووبەریان لەلایەن هاووڵاتییانەوە پشتیان پێدەبەسترێت، بە تایبەتیش لە کاتەکانی پشێوی و گۆڕانکارییەکان و ململانێکانی ناو کۆمەڵگە، واش بە پێویست دەزانرێت کە تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ تێگەیشتن لە سروشتی ژیانی کۆمەڵایەتیی پشت بە ئامرازەکانی میدیا ببەستن.[1].

تاکەکانی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی یەکسان پشت بە ئامرازەکانی میدیا نابەستن ئەوەش لەبەر چەند هۆکارێک، شوێنی بونیادی کۆمەڵایەتیی هەر تاکێک هۆکارێکی سەرەکییە لە تێگەیشتن لە شێوازەکانی پشتبەشتن بە میدیا. بونیادی شوێن لە رێگەی چەند هاوکێشەیەکەوە دیاری دەکرێت، وەکو پێگەی کۆمەڵایەتیی، بارودۆخی کۆمەڵایەتیی، دەسەڵات و هۆکاری هاوشێوەی دیکە.[2]

### 2-13 کاریگەریی تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی میدیا لەسەر کۆمەڵ:

توانای ئامرازەکانی پەیوەندییکردن لەسەر بەدیهێنانی زۆرترین کاریگەریی مەعریفیی و سۆزداریی و رەفتاریی زیاد دەکات، کاتێک ئەو ئامرازانە هەڵدەستن بە کرداری  گواستنەوەی زانیاریی بەشێوازێکی چڕ، ئەو ئەگەرەش توانای زیاد دەکات لەکاتی بوونی نا سەقامگیری لە کۆمەڵگەدا بە

---

(1) صالح خليل أبو أصبح، الإتصال و الاعلام فى المجتمعات المعاصرة، ط5، عمان، دار مجدلاوى للنشر و التوزيع، 2004، ص164.

(2) Pablo Halpern, Media Dependency and Political Perceptions in an Authoritarian Political System: The Case of Chile's Left, Annen berg School for Communication and Department of Sociology University of Southern California, 1993, P5

هۆی ناکۆکی و گۆڕانکارییەکان. سەرەرای ئەوەی کە بیرۆکەی گۆرینی رەفتارو ویژدانیی جەماوەر، لەوانەیە کاریگەریی پێچەوانەی هەبێت بۆ گۆڕینی هەریەک لە کۆمەڵگە و ئامرازەکانی گەیاندن، ئەوەش واتای پەیوەندیی سێلایەنی نێوان ئامرازەکانی گەیاندن و جەماوەرو کۆمەڵگە دەگەیەنێت.[1].

کاریگەرییەکانی تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی میدیا بۆ سێ بواری سەرەکی پۆلێن کراوە کە بریتین لە:

1) کاریگەریی مەعریفیی: کاریگەرییە مەعریفییەکان بەپێی تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی میدیا بریتین لە لابردن و نەهێشتنی نهێنیەکان بە تایبەت لە کاتی قەیران و جەنگدا، هەروەها پێکهێنانی رایگشتیی، ریزبەندکردنی پێداویستییەکان، فراوانکردنی پێشنیارو بیروباوەڕەکان، پاراستن و هێشتنەوەی بەهاکانی کۆمەڵ.[2]

2) کاریگەریی ویژدانیی، ئەو کاریگەرییە پەیوەستە بە هەندێک کرداری ویژدانیی و زاراوەوە، وەک هەست، سۆز و لێکدانەوەی سۆزداریی و کەمتەرخەمی، ترس و دڵەراوکێ، پاڵپشتی مادیی و جیابوونەوە.[3]

3) کاریگەریی رەفتاریی: بە بۆچونی هەریەک لە (دیفلیور و رۆکیچ) کاریگەرییە رەفتارییەکانی تاک بۆ پشتبەستنی بە راگەیاندن کورت دەبێتەوە لە دوو رەفتاریی بنەرەتی[4]:

أ- چالاککردن: واتا ئەنجامدانی کارێک لەلایەن تاک لە ئەنجامی بەریەککەوتنی لەگەڵ ئامرازێکی راگەیاندن، ئەوەش دەرئەنجامی کۆتایی بەیەکەوە بەستنی کاریگەریی مەعریفیی و ویژدانییە.دەکرێت ئەو چالاککردنە خۆی بەرجەستە بکات لە: هەڵوێست وەرگرتن بۆ

---

[1] د. محمود حسن اسماعيل، مبادئ علم الإتصال ونظريات التأثير، مصر، القاهرة، الدار العالمية للنشر والتوزيع، 273.

[2] د. نها عبد المقصود، نظرية الاعتماد على وسائل الإعلام: الأسس والمنطلقات، المعهد المصرى للدراسات، 2018، ص4.

[3] حسن عماد مكاوى و عاطف عدلى العبد، نظريات الاعلام، القاهرة، 2007، ص412-413.

[4] أسامة بن مساعد المحيا، نظريات التأثير الاعلامية، 1433ه، ص32.

پشتیوانیکردنی ژنان له داواکردنی مافه‌کانیان و یه‌کسانی ره‌گه‌زی. یان وازهێنان له جگه‌ره‌کێشان.

ب- ناچالاک: واته ئه‌نجامنه‌دانی هیچ کارێک، ده‌کرێت ناچالاک به‌رجه‌سته ببێت له دوورکه‌وتنه‌وه له به‌شداریی سیاسیی و ده‌نگ نه‌دان له هه‌ڵبژاردن و به‌شداریی نه‌کردن له‌و چالاکیانه‌ی سوود به کۆمه‌ڵگه ده‌گه‌یه‌نن.

## 3-13: گریمانه‌کانی تیۆری پشتبه‌ستن به ئامرازه‌کانی میدیا

ئه‌م تیۆرییه له‌سه‌ر کۆمه‌ڵێک گریمانه دامه‌زراوه(1):

- کۆمه‌ڵگه‌کان جیاوازن به‌پێی راده‌ی سه‌قامگیرییان و هه‌رچه‌ند نائارامیی له کۆمه‌ڵگه‌دا زیاتر بێت، ئه‌وا ئه‌ندامه پشتبه‌ستووه‌کانی کۆمه‌ڵگه زیاتر پشت به میدیاکان ده‌به‌ستن.
- هه‌رچه‌ند سیستمی راگه‌یاندنی کۆمه‌ڵگه‌یه‌ک زیاتر بتوانێت ئامانجه‌کانی جه‌ماوه‌ر له‌م کۆمه‌ڵگه‌یه‌دا به‌دیبهێنێت و پێداویستییه‌کانیان تێر بکات، ئه‌وا جه‌ماوه‌ر زیاتر پشت به‌میدیا ده‌به‌ستن.
- پله‌ی پشتبه‌ستن به میدیاکان به پێی هه‌لومه‌رج و تایبه‌تمه‌ندیی و ئامانجه‌کانیان له نێو جه‌ماوه‌ردا جیاوازه.

تیۆری پشتبه‌ستن به ئامرازه‌کانی میدیا له‌سه‌ر دوو کۆڵه‌که‌ی سه‌ره‌کی بنیاتنراوه: ئامانج و سه‌رچاوه‌کان، بۆ ئه‌وه‌ی تاک و گرووپ و رێکخراوه جیاوازه‌کان ئامانجی تایبه‌تی و کۆمه‌ڵایه‌تیی خۆیان به‌ده‌ستبهێنن، ده‌بێت پشت به سه‌رچاوه‌کان ببه‌ستن[2]. تاکه‌کان وه‌ک به‌شێک له سیستمی

(1) De Fleur, Melvin L; Ball-Rokeach, Sandra J ،" Theories of Mass communication " ،(USA) ،5 ،1989, P240.

(2) د. نها عبد المقصود، سه‌رچاوه‌ی پێشووه، ل4.

کۆمەڵایەتیی پەیوەندییان بە میدیاکانەوە هەیە، چونکە تاکەکان دەکرێنە ئامانج، هەروەها مرۆڤەکان پشت بە میدیاکان دەبەستن بۆ گەیشتن بەم ئامانجانەی خوارەوە[1]:

1) تێگەیشتن: تێگەیشتنی مرۆڤ لە خودی خۆی و زانینی هەموو ئەو شتانەی لە ژینگەی دەوروبەردا دەگوزەرێت و زانین دەربارەی جیهان یان تێگەیشتنی کۆمەڵایەتیی، بە فێربوون و بەدەستهێنانی ئەزموونەکان.[2]
2) ئاراستەکردن: میدیا لە چوارچێوەی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگەدا، بە شێوەیەکی چالاک ڕێنیشاندەری ڕایگشتیی دەکات، وەک ئاراستەکردن بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخێکی نوێ یان دژوار، یان ئاراستەکردنی کار، یان ئاراستەکردن بۆ جێبەجێکردنی هەندێک کردار.[3]
3) کات بەسەربردن: مرۆڤ پشت بە میدیا دەبەستێت بۆ کاتبەسەربردن و ڕزگاربوون لە فشارەکانی ڕۆژانە، لەوانە کاتبەسەربردنی گۆشەگیری یان تەنیایی، پشوودان، جۆشوخرۆش و کاتبەسەربردنی کۆمەڵایەتیی وەک: چوون بۆ سینەما و گوێگرتن لە مۆسیقا لەگەڵ هاوڕێکان و سەیرکردنی تەلەفزیۆن.


### 4-13 پەیوەندیی تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی میدیا بەم توێژینەوەیەوە:

پەیوەندیی تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی میدیا بەم توێژینەوەیەوە، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە پارتە سیاسییەکان پشت بە ئامرازەکانی میدیا و دەبەستن بۆ بازاڕسازیی سیاسیی و کاریگەریی دروستکردن لەسەر ئەو جەماوەرەی کە لە پرۆسەکەدا بە ئامانج دەگیرێت، لە پێناو بەدەستهێنانی پشتگیریی و دڵسۆزییان، هەروەها وەرگر پشت بە ئامرازەکانی میدیا دەبەستێت لە

---

(1) **حسن عماد مكاوى وليلى حسين السيد، الإتصال ونضرياتة المعاصرة، ط5، القاهرة، دار المصرية اللبنانية،** 2006 ، ص320.
(2) زاهر هاشم، نضريه الاعتماد على وسائل الإعلام https://www.ajeal.net/media/4222/ (17-9-2021)
(3) **حسن عماد مكاوى و عاطف عدلى العبد**، سەرچاوەی پێشووە، ل407-408.

پێناو تێگەیشتن لە هەموو ئەو ڕووداوانەی کە لە دەوروبەریدا ڕوودەدەن، هەروەها بۆ ئاراستەکردن و کاتبەسەربردن، لەو ڕوانگەیەوە توێژەر ئەو تیۆرەی بەکارهێناوە و فۆرم و برگەکانی ڕاپرسییەکەی لەگەڵ گریمانە و کاریگەرییەکانی ئەم تیۆرە گونجاندووە.




شێوەی ژمارە (1)

کاریگەرییەکانی تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی میدیا

**چواردەهەم: بەربەستی توێژینەوە:**

یەکێک لە بەربەستەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەبوو کە بابەتی بازاڕسازیی سیاسیی بابەتێکی تازەیە و کەمترین کتێب و توێژینەوەی بە زمانی کوردی لەسەر نوسراوە، سەرچاوە عەرەبی و ئینگلیزیەکانیش دۆخ و شێوازی بەڕێوەبردنی بازاڕسازی سیاسیی لەو وڵاتە دەردەخست کە کتێبەکەی تێدا نوسراوە، بەڵام بۆ شێوازی بەڕێوەبردنی بازاڕسازیی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان سەرچاوەی کەم بەردەستبوون، هەروەها فراوانی کۆمەڵی توێژینەوەکە کە ٥ پارتی سیاسیی هەرێمی کوردستانە، ئەمە وایکرد کە درەنگ فۆرمە راپرسیەکان بگاتەوە دەستی توێژەر.

## بەشی دووەم: میدیای نوێ و بازاڕسازیی سیاسیی

### باسی یەکەم: دەروازەیەک بۆ تێگەیشتن لە میدیای نوێ

یەکەم: چەمک و پێناسەی میدیای نوێ

دووەم: بەشەکانی میدیای نوێ

سێیەم: تایبەتمەندییەکانی میدیای نوێ

چوارەم: تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان

پێنجەم: پێگە ئەلیکترۆنییەکان

### باسی دووەم: دەروازەیەک بۆ ناساندنی بازاڕسازیی سیاسیی

یەکەم: چەمک و ناساندنی بازاڕسازیی سیاسیی

دووەم: گەشەی مێژوویی بازاڕسازیی سیاسیی

سێیەم: پێکهاتە سەرەکییەکانی بازاڕسازیی سیاسیی

چوارەم: شێواز و تاکتیکەکانی بازاڕسازیی سیاسیی

### باسی سێیەم: میدیای نوێ و بازاڕسازیی سیاسیی بۆ پارتە سیاسییەکان

یەکەم: میدیای نوێ و بازاڕسازیی سیاسیی

دووەم: پارتی سیاسیی

سێیەم: گرنگی بازاڕسازیی سیاسیی بۆ پارتە سیاسییەکان

# بەشی دووەم: لایەنی تیۆریی

## میدیای نوێ و بازاڕسازیی سیاسیی

### باسی یەکەم: دەروازەیەک بۆ تێگەیشتن لە میدیای نوێ

#### یەکەم: چەمک و پێناسەی میدیای نوێ

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای گەیاندن و پەیوەندییکردن، گۆڕانکاریی لە زۆر بواردا هێنایە ئاراوە بە تایبەت لە بواری راگەیاندن و ئامرازەکانی گەیاندن، لەگەڵ گەشەکردنی ئینتەرنێت لە کۆتاییەکانی سەدەی بیست، راگەیاندنیش گۆڕانکاریی زۆری بەخۆیەوە بینی بە تایبەت لە ڕووی چۆنایەتییەوە، یەکێک لەو چەمکە نوێیانەی کە هاتە ناو فەرهەنگی راگەیاندنەوە چەمکی میدیای نوێ ( New Media) بوو.

بە هاتنی ئینتەرنێت و ئاوێتەبوونی تەکنەلۆژیا و راگەیاندن، زۆرێک لە سەرچاوە زانستییەکانی میدیا و راگەیاندن، مێژوو و کاری میدیایان لە نێوان میدیای کلاسیک traditional media و میدیای نوێ (new media) دابەشکردووە، "مەکوەیل" کە یەکێکە لە زاناکانی بواری پەیوەندییە جەماوەرییەکان، میدیای کلاسیک بەو راگەیاندنانە دەناسێنێت کە هۆکارە نەریتییەکانی وەک رۆژنامە و گۆڤار و رادیۆ و تەلەفزیۆن دەگرێتە خۆی، هەروەها میدیای نوێ بە هەموو ئەو جۆرانەی میدیا وەسف دەکات کە کۆمپیوتەر رۆڵی لە بەرهەمهێنان و ڕێکخستن و بڵاوکردنەوەیدا هەیە، کردەی ئەنەلۆگی تێدا گۆراوە بۆ دیجیتاڵیی[(1)].

ئامرازەکانی میدیای نوێ وەرچەرخانێکیان دروستکرد لە ژیانی رۆژانەی زۆرینەی تاک و کۆمەڵگەکان بە جۆرێک وایکرد هەر یەکێکمان لە ژینگەیەکی میدیاییدا بژین، بە هۆی ئەوەی هەواڵ

---

[(1)] Denis Mcquail, McQuail's Mass communication theory, Sage Publications, London, 2010, P.117.

و زانیارییەکان بە بەردەوامیی لەبەردەستدا هەن لە هەر کات و شوێنێک بێت و بەدوای هەر جۆرە زانیارییەک بگەڕێین دەتوانین بە ئاسانی دەستمان بکەوێت، لە هەمانکاتیشدا خوێندنەوەی ڕۆژنامە لە بەیانیاندا تا ڕادەیەکی زۆر گۆڕا بۆ سەیرکردنی لاپەڕەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و وێبسایتەکان و سەیرکردنی ئیمەیل، کە زۆرترین زانیاریی لەخۆدەگرن و بە کلیکێک دەیدەنە بەردەستی بەکارهێنەر.[1]

میدیای نوێ بە چەند ناوێکی تریش ناسراوە کە هەریەکەیان بۆ تایبەتمەندیی و زەمەنێکی دیاریکراو بووە، وەکو "ڕاگەیاندنی بەدیل، میدیای ژمارەیی Digital media، میدیای کارلێککردن Interactive media ، میدیای سەرهێڵ یان ڕاستەوخۆ online media، میدیای زانیاریی information media، میدیای کۆمەڵگە society media، میدیای فرەیی یان هۆیە جۆراوجۆرەکان multimedia، میدیای فرە ڕەهەند hypermedia، میدیای سایبەر

cyberspace، میدیای ئەلیکترۆنی و میدیای ئینتەرنێتی و...هتد[2].

بە هۆی گۆڕانکاریی و پێشکەوتنی خێرایی ئەم جۆرە میدیایە چەندین پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە کە گوزارشت لەو کاتە دەکات کە تایبەتمەندییەکانی بەردەست بووە، بەڵام بە هۆی ئەوەی تایبەتمەندیی ئامرازەکانی میدیای نوێ بەشێوەیەکی خێرا دەگۆڕێن ئەوا پێناسەکانیش گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، هەر بۆیە ناتوانین بڵێین پێناسەیەکی تەواو و گشتگیری هەیە، بەڵام هەموو پێناسەکان لەسەر ئەو ڕایە یەکدەگرنەوە کە میدیای نوێ بەرهەمی دەرکەوتن و گەشەکردنی تۆڕی ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیای نوێی کۆمیونیکیشنە.

---

(1) Cecelia Moller, social media and journalism. 14th Central Asia Media Conference, Turkmenistan: Ashgabat.2012, p126.

(2) غالب كاظم جياد الدعمي، الإعلام الجديد، اعتمادية متصاعدة – ووسائل متجددة، الطبعة الاولى، عمان، الاردن، دار أمجد للنشر والتوزيع، 2017، ص59-64.

فەرهەنگی ئۆکسفۆردی بەریتانی بەم جۆرە پێناسەی میدیای نوێ دەکات، "هەر هۆکارێکی ڕاگەیاندن سوود لە کۆمپیوتەرو تۆڕەکانی ئینتەرنێت وەربگرێت و بەرهەمێکی میدیایی بەرهەمبهێنێت بە ئامانجی گەیاندنی زانیاریی یان کات بەسەربردن ئەوە پێی دەووترێت میدیای نوێ".(1)

فەرهەنگی تەکنەلۆژیای باڵا (High-Tech Dictionary)، میدیای نوێ بەشێوەیەکی پوخت پێناسە دەکات و دەڵێت "یەکگرتنی کۆمپیوتەر و تۆڕەکانی کۆمپیوتەر و نێوەندە جۆراوجۆرەکانە".(2) هەروەها بە پێی فەرهەنگی لیستەر (Lester) میدیای نوێ بریتییە لە کۆمەڵێک تەکنەلۆژیای پەیوەندیی، لە ئەنجامی بە یەکگەیشتنی کۆمپیوتەر و ئامرازە تەقلیدییەکانی ڕاگەیاندن لە دایکبووە وەک ئامێری چاپ، وێنەی وەستاو و دەنگ و ڤیدیۆ.(3)

دەشکرێت میدیای نوێ وا پێناسە بکرێت، پرۆسەی پەیوەندییکردن و گەیاندنە، کە لە ئەنجامی ئاوێتەبوونی سێ ڕەگەزی سەرەکییەوە درووستدەبێت، ئەوانیش بریتین لە (کۆمپیوتەر، تۆڕەکان، مەڵتی میدیا).(4)

یان میدیای نوێ ئەو جۆرەیە لە میدیا کە هەموو ئامێر و هۆیەکانی ڕاگەیاندن لە خۆ دەگرێت و تێیدا بەکاردێت بۆ گەیاندنی پەیامەکانی بە وەرگر، جا ئەو وەرگرە لە هەرشوێنێک بێت و هەرچیەکی بوێت.(5)

---

(1) Oxford Dictionaries | English. new media | Definition of new media in English by Oxford Dictionaries. [online] Available at: https://en.oxforddictionaries.com/definition/new_media [Accessed 10 sep. 2021]

(2) د.عباس مصطفى صادق، الاعلام الجديد، المفاهم والوسائل والتطبيقات، دراسة فى مداخله النظرية و خصائصة العامة، القاهرة, مصر، الشروق، 2007, ل5.

(3) على خليل شقرة، الاعلام الجديد، شبكات تواصل الاجتماعى، الطبعة الاولى، الاردن، عمان، دار أسامة للنشر والتوزيع، 2014، ص52.

(4) انتصار ابراهيم و صفد حسام الساموک، الاعلام الجديد تطور الأداء و الوسيله والوظيفة، سلسلة مكتبة الاعلام والمجتمع، بغداد، الدار الجامعية للطباعة والنشر والترجمة، 2011، ل12.

(5) بێ ناوی نووسەر، الرقابه القانونية على الاعلام الرقمى، القاهرة، مركز هردو للدعم التعبير الرقمى، 2016،ص8.

پێناسەکانی میدیای نوێ بەپێی زەمەن و ئەو کاتەی تێدا پێناسە کراوە دەگۆڕێن، ستیڤ جۆنس لە کتێبەکەیدا بە ناوی ئینسکلۆپیدیای میدیای نوێ لە ساڵی (2002)، پێناسەی میدیای نوێ دەکات "زاراوەیەکە بۆ وەسفکردنی جۆرە جیاوازەکانی پەیوەندییکردنی ئەلیکترۆنی بەکاردێت، کە بە هۆی کۆمپیوتەرەوە ئەنجامدەدرێت وەک جێگرەوەیەک بۆ میدیای کلاسیک، کە خۆی لە رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆندا دەبینێتەوە، پێیان دەوترێت ئامرازە جێگیر و نەجوڵاوەکان".[1]

نووسەری میسری "فتحی ابو حطب" لەبارەی پێناسەی میدیای نوێ نوسیویەتی، "کۆمەڵێک شێواز و چالاکی دیجیتاڵیی نوێیە، کە توانای بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی پەیامێکی میدیایی هەیە بە شێوەی جۆراوجۆر، لە رێگەی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانی پەیوەست بە ئینتەرنێت".[2]

بە تێروانین بۆ ئەو پێناسە جیاوازانەی کە باسکران، دەتوانرێت میدیای نوێ یان میدیای ئەلیکترۆنی بناسێنرێت بەو "دەق و زانیارییانەی کە بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی دەگوازرێنەوە بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت و یەکێک لە خزمەت گوزارییەکانی، یان دەکرێت بڵێین هەموو ئەو میدیایانە دەگرێتەوە لە هەناوی ئینتەرنێت و لە دوای گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی تۆڕی ئینتەرنێت لە دایکبوون".

**دووەم: بەشەکانی میدیای نوێ**

توێژەرانی بواری میدیا، میدیای نوێیان بۆ چوار بەشی سەرەکی پۆلێن کردووە کە بریتین لە:

1. میدیای نوی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت (ONLINE) و بەکارهێنانەکانی، تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە سەرلەبەری نوێیە و بێ پێشینەیە، ئەویش زۆر بەخێرایی گەشە دەکات و کۆمەڵێک بەکارهێنانی بێ سنووری لێ درووست دەبێت.[1]

---

[1] Steve Jones, Encyclopedia of new Media, Newbury Park, California, Sage, 2002, p65.

[2] غالب كاظم جياد الدعمی، سەرچاوەی پێشووە، ل57.

2. میدیای نوی کە لەسەر بنچینەی هەندێک لە ئامرازەکانی خوێندنەوەی پەرتوک و ڕۆژنامەکان دروستدەبێت.[2]

3. جۆرێکی دیکەی میدیای نوێ کە پشت بە ئامرازەکانی میدیای کۆن دەبەستێت وەک ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، کە کۆمپیوتەری تێدا بەکاردێ و هەندی تایبەتمەندیی نوێی بۆ زیاد کراوە وەک کارلێک کردن و ژمارەیی بوون و وەڵامدانەوەی داواکاریی.[3]

4. میدیای نوێ پشت بەستوو بە کۆمپیوتەر (Offline)، ئەم جۆرە لە ڕێگەی تۆڕەکانی کۆمپیوتەر و هۆیەکانی بەکاردێت.[4]

**سێیەم: تایبەتمەندییەکانی میدیای نوێ**

بە هۆی ئەوەی ئامرازەکانی میدیای نوێ بەخێرایی لە گەشەکردن و نوێبوونەوەدان بەردەوام تایبەتمەندییەکانی دەگۆڕێن یان زیاد دەبن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی ئامرازەکانی میدیای نوێ خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیین کە جیایان دەکاتەوە لە میدیای کۆن ئەوانیش بریتین لە:

یەکەم: کارلێککردن، بە یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی میدیای نوێ دادەنرێت، کە بوار بۆ وەرگر دەرەخسێنێت بەشداریی بکات لە گفتوگۆکردن لەسەر ئەو پەیامەی کە ئاراستەی دەکرێت، کە ئەمەش وایکردووە وەڵامدانەوەی بەکارهێنەر هاوشێوەی پرۆسەی گفتوگۆکردن "دیبەیت" بێت لەنێوان دوو کەس، ئەم تایبەتمەندییەی میدیای نوێ ڕەهەندێکی گەیاندنی نوێی بەخشیوە بە ئامرازەکانی گەیاندنی جەماوەریی چونکە پێشتر کارلێککردن تەنها لە چوارچێوەی فیدباک بۆ

---

[1] د. ماهر عودة الشمايلة وأخرون، الاعلام الجديد الرقمي، عمان، الاردن، دار العصاء العلمى للنشر والتوزيع، 2015، ل20.
[2] نسرين حسونة، الاعلام الجديد المفهوم الوسائل والخصائص والوضائف، شبكه الالوكة، 2014، ص3.

[3] غالب كاضم جياد الدعمی، سەرچاوەی پێشووە ، ص68.
[4] د. ماهر عودة الشمايلة وأخرون، سەرچاوەی پێشووە، ل20.

ناوەرۆکی بابەتە بڵاوکراوەکاندا بوو، لەبەر ئەوەی پرۆسەی گەیاندن بەیەک ئاراستە بوو واتە "نێرەر بۆ وەرگر".[1]

دووەم: ناجەماوەریی بوون، پەیام لە میدیای نوێ دەکرێت ئاراستەی جەماوەرێکی زۆر فراوان بکرێت، بە پێچەوانەی میدیای تەقلیدی کە ئاراستەی کەسێک یان کۆمەڵە کەسێکی دیاریکراو بکرێت، واتە رادەی کۆنترۆڵکردن لە سیستمی گەیاندنی پەیامی میدیاییدا بە جۆرێک پەیامەکە راستەوخۆ لە نووسەری پەیامەکە بگات بە وەرگر.[2]

سێیەم: تەواوکاریی، واتە بەکارهێنەر دەتوانێ ئەو بابەتانەی کە مەبەستیەتی لای خۆی هەڵیانبگرێ لە رێگەی پۆستەی ئەلیکترۆنییەوە، چونکە سیستمی دیجیتاڵیی شێوازی خستنەڕوو و هەروەها دەرفەتی هەڵگرتنی زانیارییەکان دەرەخسێنێ لەو کاتەی کە بەکارهێنەر سەیری بابەتەکان دەکات.[3]

چوارەم: فرە جۆری، واتە جۆراوجۆری لە رەگەزەکانی پرۆسەی گەیاندن، ئەم فرە جۆرییەش بووە هۆی سەرهەڵدانی ئاژانسی راگەیاندنی زیرەک، کە لە رێگەی ئەم ئاژانسانەوە گەڕان بۆ هەموو ئەو بابەتانە دەکرێت کە بەکارهێنەر مەبەستییەتی، پاشان لە پاکێجی کۆکراوەدا دەخرێتە بەردەست بەکارهێنەر لە هەر کات و شوێنێکدا کە خۆی بیەوێت، بەمەش دەرفەتی زیاتری بۆ وەرگر دەرەخسێ کە بەپێی ئارەزووەکانی خۆی سوود لە پرۆسەی گەیاندن وەربگرێ لە پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی.[4]

پێنجەم: خێرایی و نوێبوونەوەی بەردەوام، میدیای نوێ بەو خێرایی و توانایەی خۆی لە بڵاوکردنەوە و بەردەوام نوێکردنەوەی ئەو هەواڵ و زانیارییانەی کە راستەوخۆ دوای ڕوودانیان

---

[1] خالد منصر، تكنلوجيا االإعلام والاتصال الحديثة واغتراب الشباب، الامارات، دار الكتاب الجامعي للنشر والتوزيع، 2016،

[2] د. حسنين شفيق، الإعلام الجديد والجرائم الإلكترونية، القاهرة، مصر، دار فكر وفن للطباعة والنشر والتوزيع، 2015، ص37.

[3] رضا امين، الإعلام الجديد، الطبعة الاولى، القاهرة، مصر، دار الفجر للنشر والتوزيع، 2015، ص94.

[4] نسرين حسونة، سەرچاوەی پێشووە، ل9.

بڵاویاندەکاتەوە، هەلی بۆ وەرگر رەخساندووە ئاگاداری بارودۆخی ژیانی ئێستای بێت و ناچار نییە چاوەڕێی دەرچوونی رۆژنامە بێت لە رۆژی دواتر بۆ ئەوەی ئاگاداری هەواڵی رۆژی پێشوو بێت، هەروەها ئەرشیفێکی دابینکردووە کە بەکارهێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ هەر زانیاریی و هەواڵێک، جا هەرچەند لە ڕووی کات و شوێنەوە لێی دوور بێت.[1]

شەشەم: تێکەڵکردنی ئامرازەکان، تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بۆتە هۆی ئەوەی کۆمەڵێک ئامرازی جیاوازی راگەیاندن پێکەوە ببەستێتەوە، کە پێشتر ئەو ئامرازانە سەربەخۆ بوون و پەیوەندییان پێکەوە نەبووە، بەجۆرێک وای لێهات سنووری نێوان ئەم ئامرازانەی تێکشکاند، بۆ نمونە ئینتەرنێت و تەلەفزیۆن بەشێوەیەکی تەواو تێکەڵ و وابەستەی یەکتر بوون.[2]

حەوتەم: ئازادیی رادەربڕین، میدیای نوێ ئازادیی رادەربڕینی کردە "فاکت"، چونکە هەموو کەسێک دەتوانێت پەیامی خۆی بەوپەڕی ئازادییەوە ئاراستەی هەموو جیهان بکات.[3]

هەشتەم: بەجیهانیبوون، توانای گواستنەوەی زانیارییەکان لە نێوان بەکارهێنەرانی میدیای نوێ لە دەوڵەتە جیاوازەکانی جیهاندا، بەبێ هیچ ڕێگریەک و کۆسپی شوێن و گواستنەوەی بەنێو سنووری دەوڵەتاندا.[4]

**چوارەم: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان** (Social Network Platforms)

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چەمکێکە بەو وێبسایتە ئینتەرنێتیانە دەوترێت کە لەگەڵ نەوەی دووەمی وێب دەرکەوتون (web2.0)* کە پەیوەندیی دروستدەکات لەنێوان کۆمەڵێک کەسدا بەگوێرەی ئەو

---

(1) علی خلیل شقرة، سەرچاوەی پێشووە، ل57.

(2) د. وسام فاضل راضي، مهند حميد التميمي، الإعلام الجديد تحولات اتصالة ورؤى معاصرة، دار الكتاب الجامعي للنشر والتوزيع، 2017، ص100.

(3) هەردەوان مەحمود کاکەشێخ، میدیای نوێ و کاریگەرییەکانی، سلێمانی، چاپخانەی کوردستان، 2015، ل22.

(4) بشير كاوجة، دور تكنلوجيا المعلومات و الاتصال في تحسين الاتصال الداخلي فى المؤسسات الاستشفائية العمومية الجزائرية، رسالة ماجستير غير منشورة، (الجزائر: جامعة ورقلة، كلية الحقوق والعلوم الاقتصادية، تخصص نضم المعلومات و مراقبة التسيير، 2012_2013)، ص23.

بابەتەی کە گرنکی پێدەدەن یان جێی بایەخیانە، لە ڕێگەی خزمەتگوزاریی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ ڕێکدەخرێن، وەکو ناردنی نامە یان زانینی دۆسیەی کەسیی و چالاکی و ئاگاداربوون لە هەواڵی یەکتر.[1]

چەمکی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ڕەنگدانەوەی ئەو پێشکەوتنەیە کە بەسەر بەکارهێنانی تەکنەلۆژیادا هاتووە و ئاماژەیەکە بۆ شێوازە نوێیەکانی پەیوەندییکردن لە ژینگەیەکی دیجیتاڵییدا، زانیارییەکان لە پێگەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا بەئاشکرا بڵاودەکرێنەوە، ئەو ئەندامانەی کە بایەخ و بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەیە پێکەوە کۆدەبنەوە، بە ئامانجی ئاسانکردنی ژیانی کۆمەڵایەتیی نێوانیان و چالاککردنی کۆمەڵگە[2].

گەشەکردنی خێرای تەکنەلۆژیای ئینتەرنێت و پەرەسەندنی وێب2 (WEB2) پشتگیریان لە گەشەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کردووە، وێب2 توانای کارلێککردنی خستەگەڕ، بەکارهێنەران لە ڕێگەی بەشدارییکردن و هاوکاریکردنی یەکترییەوە توانییان کۆنترۆڵی دروستکردن و دابەشکردنی زانیارییەکان بکەن و پەیوەندیی بەستنی کەسەکانیش بووە سیمایەکی دیکەی تۆڕی ئینتەرنێت، چیتر ناوەرۆک بە تەنها لەلایەن پسپۆرانەوە ئامادە نەدەکرا و بڵاونەدەکرایەوە.[3]

یەکەم تۆڕی کۆمەڵایەتیی لەلایەن ڕاندی کۆنراد (Randi Conrad) لە ساڵی (1995) لە ئەمریکا دروستکرا بە ناوی کلاس مەیت (Classamates.com)، کە تایبەت بوو بە پرۆسەی خوێندن بۆ

---

* وێب2 بە نەوەی دووەمی ئینتەرنێت دادەنرێت، کە تێیدا کۆمۆنیکەیشن لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت فرە ئاراستەیە لە دوای ساڵی (1990) زیاتر گەشەی کرد، سەکۆیەکی تەکنیکییە و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی دروستکردووە، لە کاتێکدا وێب1 (WEB1) سەرەتای سەرهەڵدانی ئینتەرنێتە کە لە ساڵی (1989)ەوە دەستیپێکردووە و کۆمۆنیکەیشن یەک ئاراستە بوو.

(1) د. ماهر عودة الشمائیلة و اخرون، سەرچاوەی پێشووە، ل66.

(2) نەوشیروان فەرەج ئەحمەد، ڕۆڵی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە بازاڕسازیی بۆ زیادکردنی فرۆشی کۆمپانیاکانی پەیوەندییکردن، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی ڕاگەیاندن، 2021، ل18.

(3) FULYA AKBUĞA, Uses of Social Network Sites Among Digital Natives: The Case of Facebook Use Among Metu Students, Unpublished Master Thesis, Middle East Technical University, School of Social Sciences,2014, P20.

پەیوەندیی دروستکردن لە نێوان خوێندکاران بەکاردەهات، لە قۆناغی باخچەی منداڵانەوە تا قۆناغی زانکۆ، بەکارهێنانی ئەو تۆڕە بێ بەرامبەر بوو، دواتر زیاتر گەشەی پێدرا خەڵکی تریش دەیانتوانی بەکاری بهێنن، توێژەران پێیانوایە ئەوە سەرەتای دەرکەوتنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوو تا کۆتایی نەوەدەکان، دوای ئەوە لە ساڵی (1997) تۆڕێکی تر دروستبوو بەناوی(Sixdegaress.com) کە تارادەیەک پێشکەوتووتربوو، تایبەت بوو بە زانکۆی هارڤاردی ئەمریکی، بەکارهێنەران دەیانتوانی وێنەی خۆیان دابنێن لەگەڵ ناوی راستەقینەی خۆیان، دواتریش لە ساڵانی (1999 بۆ 2001) چەند تۆڕێکی تر دروستبوون بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی فەیسبووک لەساڵی (2004) و مای سپەیس لە ساڵی (2005) دواتریش تویتەر توانییان هەنگاوی گەورە بنێن.[1]

زۆر پێناسەی جیاواز بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کراون، بەڵام هەموویان لەسەر ئەو رایە کۆکن کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئامرازێکن بۆ ئاسانکردنی پەیوەندیی و بەیەکەوە گرێدانی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت، لێرەدا چەند پێناسەیەک دەخەینەڕوو:

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو وێبسایتە کۆمەڵایەتییانەن کە پشت بە ئینتەرنێت دەبەستن بۆ ئاسانکردنی پەیوەندیی نێوان بەکارهێنەران و هاوبەشکردنی زانیاریی لە نێوان خۆیاندا لە رێگەی کۆمپیوتەر یان مۆبایلەوە.[2]

یان دەتوانرێت وا پێناسە بکرێت شێوازێکە لە پەیوەندیی ئەلیکترۆنی (نمونەی ماڵپەرە تۆڕییەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی و تیانوسە ئەلیکترۆنییە بچوکەکان)، کە لە ڕێگایەوە بەکارهێنەران دەتوانن

---

(1) د. عبيدة صبطى، الإعلام الجديد والمجتمع، مصر، المركز العربى للنشر والتوزيع، 2018، ص57-56.

(2) محمد مروان، بحث عن مواقع التواصل الاجتماعى، 2021، (1-2-2022) https://mawdoo3.com/بحث_عن_مواقع_التواصل_الاجتماعي

گرووپی ئەلیکترۆنی دروستبکەن و ئاڵوگۆری زانیاریی و بیروڕا و نامەی تایبەتی و بابەتی تر وەک وێنە و ڤیدیۆ بکەن.[1]

یان ئەو وێب سایتانەن کە لەسەر هێڵی ئینتەرنێت کۆمەڵگەی ئەلیکترۆنی گەورە پێکدەهێنن و کۆمەڵێک خزمەتگوزاریی پێشکەشدەکەن بۆ بانگهێشتکردنی پەیوەندیی و کارلێککردن لەنێوان ئەندامانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، وەک: هاوڕێیەتی، پەیام، گفتوگۆ و دروستکردنی گرووپ و پەیجی تایبەت، هەروەها هاوبەشییکردنی خزمەتگوزارییەکان لەگەڵ ئەوانی تر وەک وێنە و ڤیدیۆ[2].

پلاتفۆرمی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هاوبەشییکردنی بۆچوونەکانی بۆ بەکارهێنەران دابینکردووە بۆ ئەوەی پەیوەندیی جەماوەریی دروستبکەن، لەم تۆڕەدا بەکارهێنەران دەتوانن بە ئاسانی بەبێ بوونی هیچ سانسۆرێک گوزارشت لە بۆچوونەکانی خۆیان بکەن و هەروەها دەتوانن بە یەکسانی بەشداریی لە بابەتە گشتییەکاندا بکەن[3].

تایبەتمەندیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بەردەوام لە گۆڕانکارییدایە. ئەگەر لەسەرەتای دروستبوونیان هەندێک لەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانە لە ئامرازێکی سادەو بۆ دامەزراوەیەکی زانستی لە پێناو بەستنەوەی گرووپێک لە مامۆستاو خوێندکار یان فەرمانبەر بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بووبێت، ئەوا ئێستا ئەو تایبەتمەندییە سەرەتاییەی تێپەڕاندووە و تایبەتمەندیی نوێی بۆ زیادکراوە و بۆ کۆمەڵێک مەبەست لەلایەن چین و توێژەکانەوە بەکاردێت[4].

(1) دانا فاضل محمد، رۆڵی پێگەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە پێکهێنانی هۆشیاری سیاسیدا، توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە ناو قوتابیانی زانکۆی سلێمانی، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، بەشی کۆمەڵناسی، 2020، ل10.

(2) سلطانة جدعان نايف الخريشة، أخلاقيات استخدام شبكات التواصل الإجتماعي من وجهة نظر مدرسي الإعلام والقانون في الجامعات الأردنية، الرسالة الماجستير، كلية الإعلام- جامعة الشرق الاوسط، 2016، ص18.

(3) MMC 301: NEW MEDIA, Published by Director on behalf of the Centre for Open and Distance Learning,Tezpur University, Assam, p12

(4) John Lovett, social media metrics secrets, published by: Wiley publishing, Indiana, 2011, P15.

ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە تۆڕەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی بوونیان هەیەو بە سەدان ملیۆن بەکارهێنەریان هەیە لەسەر ئاستی جیهان، هەریەک لەو تۆڕانەش بە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی لە یەکتر جیادەکرێنەوە بەڵام دیارترین تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بریتین لە فەیسبووک، تویتەر، ئینستگرام، یوتیوب[1].

لێرەدا چەند نمونەیەک لە بەناوبانگترین و بەربڵاوترین سەکۆکانی  تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان باس دەکەین:

### 1-4 فەیسبووک

فەیسبووک پلاتفۆرم و ماڵپەڕێکی تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئازادە، ڕێگە بە بەکارهێنەرانی دەدات بۆ دروستکردنی پرۆفایل، بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆ، ناردنی پەیام و دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ بەکارهێنەری تر، وێبسایتەکە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی تری تێدایە و بە 37 زمان بەردەستە[2].

فەیسبووک لە ساڵی (2004) لەلایەن خوێندکارێکی زانکۆی هارڤاردی ئەمریکی بە ناوی "مارگ زوکەربێرگ" دروستکراوە، کە هەوڵی دەدا هاوپیشەکانی لە زانکۆی هارڤارد لە ڕێگەی وێبسایتێک لەسەر ئینتەرنێت بەیەکەوە ببەستێتەوە، بۆ ئەوەی هەواڵ و وێنە و بیروبۆچوونەکانیان ئاڵوگۆڕ بکەن[3]. سادەیی و ئاسانی بەکارهێنانی فەیسبووک یەکێکە لەو تایبەتمەندییانەی کە وای کردووە

(1) Aliza Sherman, social media engagement for dummies, published by: John Wiley and Sons, Canada, 2013, P50.

(2) TechTarget Contributor, definition facebook, in: https://whatis.techtarget.com/definition/Facebook

(3) مصطفى يوسف كافى، الإعلام التفاعلى، طبع الاولى، الاردن، عمان، دار ومكتبة الحامد للنشر والتوزيع، 2016، ص120.

ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییە زۆرترین بەکارهێنەری هەبێت، هەروەها بانگهێشتکردنی کەسانی هاوڕێ کردەیەکی ئاسانە[1]

فەیسبووک لە ساڵی (2021)ەوە خرایە سەر کۆمپانیای مێتا (Meta)، کە کۆمپانیایەکی گەورەی ئەمریکییەو بارەگاکەی لە ویلایەتی کالیفۆرنیایە، کە جگە لە فەیسبووک خاوەنداری هەریەکە لە (ئینستگرام و واتسئەپ)یش دەکات، بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی کۆمپانیای مێتا زیاتر لە ٣ ملیار کەس لە سەرانسەری جیهان بەکاریدەهێنن[2].

## 2-4 تویتەر

تویتەر ئامرازێکی تۆڕی کۆمەڵایەتییە، کە ڕێگە بە بەکارهێنەرانی دەدات لە ڕێگەی پەیامی کورت زانیارییەکانیان لەگەڵ بەکارهێنەرانی تر هاوبەش بکەن، دەکرێت لینک یان وێنە یان ڤیدیۆ یان هەر کەرەستەیەکی دیکەی ئۆنلاین بێت، هەموو کەسێک دەتوانێت ئەکاونتی تایبەت بەخۆی هەبێت بەڵام تویتەر زیاتر لەلایەن کەسانی تایبەتمەند بەکاردەهێنرێت وەکو توێژەران و سیاسییەکان[3].

تویتەر لەلایەن (Jack Dorsey) لە (21ی مارسی 2006) دروستکرا و یەکەم تویتی بڵاوکردەوە و تێیدا نوسیبووی (Just setting up my twitter)، بیرۆکەی دروستبوونی تویتەر لەوەوە سەرچاوەی گرت کە (Jack Dorsey) لەکاتێکدا دیزاینەر بوو لە کۆمپانیای (Odeo) هەوڵی دەدا تێکست بۆ هاوڕێکانی بنێرێت بۆ ئەوەی بتوانن بیخوێننەوە لە یەک کاتدا لە سەر ئامێری مۆبایل و کۆمپیوتەریش بکرێتەوە، لە سەرەتادا پێگەکە ناوی (Twttr) بوو دواتر ناوی گۆڕا بۆ (Twitter).[4]

---

(1) -أحمد عصام، ولد جاب الله سعاد، تأثير المواقع التواصل الاجتماعي على خصوصية الفرد الجزائيري، رسالة ماجستر، جامعة المسيلة ، الجزائير، لاينشر ، سنة 2013، ص 30.

2About meta: https://about.meta.com/ (30-7-2022)

(3) Fiona Maclean, Understanding Twitter, British Journal of Occupational Therapy, June 2013, 76(6), 295-298, P295.

(4) Ehsan Mohammadi, Academic information on Twitter: A user survey, PLOS ONE, Published: May 17, 2018, (IPHES), SPAIN, 4-43.

له ساڵی (2022) (ئیلۆن ماسک) خاوەنی کۆمپانیای تێسلا، تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەری بە بڕی (44) ملیار دۆلار کڕی، تا مانگی 7 ی 2022 ژمارەی بەکارهێنەرانی تویتەر (468) ملیۆن بەکارهێنەر بوو.[1]

### 3-4 یوتیوب

پلاتفۆرم و ماڵپەڕێکی کۆمەڵایەتییە، تایبەتە بە پەخشکردن و دانانی ڤیدیۆ لەلایەن بەکارهێنەرانیەوە، ئەم ماڵپەرە لە ساڵی (2005) لەلایەن سێ کارمەندی پێشووی کۆمپانیای ( Pay Pal)، بەناوەکانی (ستیڤ چین و جاوێد کەریم و چاد هەرلی) لە ویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمریکا دامەزرا، بە یەکێک لە بەرهەمەکانی گووگڵ دادەنرێت دوای ئەوەی لەلایەن کۆمپانیای گووگڵەوە لە ساڵی (٢٠٠٦) کڕدرا(2). ئەم پلاتفۆرمە گەورەترین ئەرشیفی ڤیدیۆیی جیهانە، لە ساڵی (2020) بە دووەمین تۆڕی کۆمەڵایەتیی دیاریکرا کە زۆرترین بەکارهێنەری هەبوو بە جۆرێک مانگانە نزیکەی (1.5) ملیار بەکارهێنەر سەردانیان کردووە.[3]

### 4-4 ئینستاگرام

یەکێکە لە بەناوبانگترین پێگەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی، کە ڕێگە بە بەکارهێنەرانی دەدات وێنەو ڤیدیۆ بڵاوبکاتەوە و گۆڕانکاریی تێدا بکات بەپێی ویست و ئارەزووی خۆی، ئینستاگرام لە ساڵی (2010) پەرەپێدرا لەسەر ئامێرەکانی کۆمپانیای ئەپڵ وەک (ipad, iphone, ipod) بە ئامانجی پێشکەشکردنی ڕێگەیەک بۆ ئاڵوگۆڕکردنی ئەو وێنانەی لەسەر ئەو جۆرە ئامێرانەن لە ڕێگەی تۆڕێکی کۆمەڵایەتیی، لەو کاتەدا ئینستگرام بەخێرایی بڵاو بووەوە و بۆیە بیر لەوە کرایەوە بۆ بەکارهێنەرانی سیستمی (ئەندرۆید) یش بەردەست بێت، دواتر کۆمپانیای فەیسبووک لە ساڵی

---

1 Elon Musk bought Twitter. Now what? https://www.washingtonpost.com/technology/2022/10/28/elon-musk-acquisition-twitter/ (28-10-2022)

(2) **علی خلیل شقرة**، سەرچاوەی پێشووە، ل90.

(3) **عبداالرحمن محمد سعيد الشامی، الإعلام الجديد والإعلام القديم: التحديات والفرص، الجمهورية اليمنية، كلية الإعلام ، جامعة صنعاء، ص**79.

(2012) ئەپلیکەیشنی ئینستاگرامی بە بڕی یەک ملیار دۆلار کڕییەوە، بۆ ئەوەی پێش کۆمپانیای گوگل بکەویتەوە.(٣) تا مانگی 7ی سالی 2022 ژمارەی بەکارهێنەرانی 1 ملیار و 440 ملیۆن بەکارهێنەر بووە[2].

## 5-4 **لینکد ئین**

یەکێکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە زیاتر پەیوەندیی بە کارەوە هەیە (تۆڕە پیشەییەکان)، ئەم تۆڕە هاوکاریی کارمەند و خاوەن پیشەکان دەکات، هەروەها لە ڕێگەی ئەم تۆڕەوە دەتوانرێت لیستێکی تایبەت دروستبکرێت بۆ ئەوەی لە پەیوەندیی دروستکردن لەگەڵ بەکارهێنەرانی تر و هاوڕێ و هاوپیشەکان و کڕیار و کۆمپانیاکان بەکاربهێنرێت، ئەو تۆڕە وادەکات زانیاریی و بیرۆکەو دەرفەت دروست بکات بۆ بەهێزکردن و فراوانکردنی کار و پیشە جیاوازەکان، تا تەموزی 2022 ژمارەی بەکارهێنەرانی ئەم پلاتفۆرمە 849 ملیۆن و 600 هەزار بەکارهێنەر بوو.(3)

لینکد ئین لە ساڵی (٢٠٠٣) لە لایەن (ڕێد هۆفمان) دروست کرا لە ویلایەتی کالیفۆرنیا لە ئەمریکا، تەنها لە ساڵی یەکەمی دروستکردنیدا نزیکەی (45) هەزار کەس خۆیان تۆمار کرد، کە بەکارهێنەران بریتیبوون لە خاوەن پیشە و کارەکان لە بواری بازرگانییدا، دواتر خزمەتگوزارییەکانی زیادی کرد تا بوو بە یەکەمین پێگە بۆ یەکتر ناسینی خاوەنکار و پسپۆرەکان لە بواری کارکردندا.(4)

---

(1) رضا امين، سەرچاوەی پێشووە، ل124.

[2] Instagram statistics and trends, : https://datareportal.com/essential-instagram-stats (20-12-2022)

(3) **د. عبيدة صبطى**، سەرچاوەی پێشووە، ل62.

(4) **د. وسام فاضل راضى**، سەرچاوەی پێشووە، ل224.

### 6-4 مای سپەیس May space

مای سپەیس لە (2005) دروستکرا، گەورەترین و فراوانترین تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمە بوو کە چەند زانیارییەکی تایبەتی لەخۆدەگرت، زیاتر بۆ بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوە و وێنە و دەنگ و نوسین بوو، هەروەها پێگەیەکی گرنگ بوو بۆ کەسانی هونەری بە تایبەت موزیسیانەکان، یەکێک لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی تیپی مۆسیقای (Indie rock) بە هۆی بەکارهێنانی ئەو تۆڕە بوو، مای سپەیس دەرگایەکی بەرەو ڕووی ئەو تیپەدا کردەوە کە لایەنگرێکی زۆری لەو تۆڕەدا لەدەوری خۆی کۆکردبۆوە، مای سپەیس لە سەرەتادا بەکارهێنەرێکی زۆری هەبوو بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی فەیسبووک ژمارەی بەکارهێنەرانی زۆر کەمی کرد[1].

### 7-4: سناپچات

سناپچات یەکێکە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییە دیارەکان کە بەکارهێنەرێکی زۆری هەیە، لە ساڵی (2011) لەلایەن (Evan Spiegel) دروستکرا، کە مەبەست لێی بەکارهێنانی وێنە و گرتەی ڤیدیۆیی و چاتکردن بوو کە پاش چەند چرکەیەک لە سەیرکردنی دیار نەمێنێت، لە سەرەتادا تەنها بۆ ناردنی وێنە بوو، بەڵام لە ساڵی (2013) پەرەی زیاتری پێدرا و چەند خزمەتگوزارییەکی دەستکاریکردنی وێنە و فلتەر و بڵاوکردنەوەی ستۆری بۆ زیادکرا، سناپچات لە ساڵی (2012) بە کۆمپانیای فەیسبووک فرۆشرا بە بەبڕی 1 ملیار دۆلار.[2] پلاتفۆمی سناپچات تا مانگی 7ی ساڵی (2022) ڕۆژانە (363 ملیۆن) بەکارهێنەری چالاکی هەبوو[3].

---

(1) د. عبیدة صبطی، سەرچاوەی پێشووە، 59.

(2) Alex Hern, Snapchat boss Evan Spiegel on the app that made him one of the world's youngest billionaires: in https://www.theguardian.com/technology/2017/dec/05/snapchat-boss-evan-spiegel-on-the-app-that-made-him-one-of-the-worlds-youngest-billionaires

3 Daniel Ruby, Snapchat Users 2023: How Many People Use Snapchat? **In** https://www.demandsage.com/snapchat-users/ (2022)

### 8-4: تیک تۆک

لە ساڵی (2018) لەلایەن کۆمپانیای تەکنەلۆژی چینی "بایت دیانس"ەوە (Byte dance) دروستکرا، لە سەرەتای دروستکردنیدا بوو بە یەکێک لە گەورەترین تۆڕەکانی کۆمەڵایەتیی لە جیهاندا نزیکەی یەک ملیار بەکارهێنەری چالاکی هەبوو لە مانگێکدا، تەنها لە سەرەتای ساڵی (2021) نزیکەی (200) ملیۆن جار لە ئەمریکا دابەزێنرا، تیکتۆک چەندین خزمەتگوزاریی و تایبەتمەندیی هەیە کە ڕێگە بە بەکارهێنەرانی دەدات ڤیدیۆ هاوبەشیی پێبکەن و چەندین جۆر ڤیدیۆی کورت دروستبکەن لە بوارەکانی وەک سەما و کۆمێدی و پەروەردە و خواردن دروستکردن و لیوی کورت، کە ماوەیان لە 3 چرکە بۆ 1 خولەکە.[1]

ئەو سەکۆیانەی کە باسکران، نمونەی بەناوبانگترین و بەربڵاوترین سەکۆکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن و لە هەرێمی کوردستانیش بەکارهێنەرێکی زۆریان هەیە، جگە لە هاووڵاتیی ئاسایی هەموو لایەنە سیاسییەکان چەندین ئەکاونت و لاپەرەی رەسمی و نارەسمییان لەم سەکۆیانەدا هەیە کە بۆ بڵاوکردنەوەی پەیام و مەبەستەکانی خۆیان بەکاریدەهێنن تا لەرێگەیانەوە ئامانجەکانیان بەدیبهێنن. بە پێی ئەو توێژینەوانەی ئەنجامدراون بەکارهێنانی فەیسبووک لەلایەن هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان لە پلەی یەکەمدا دێت بە ڕێژەی 84.3٪ زۆرترین بەکارهێنەری هەیە، لە پلەی دووەمدا ئینستاگرام دێت کە بەرێژەی 79.6٪ ی هاوڵاتییان لە هەرێمی کوردستان بەکاریدەهێنن، هەروەها لە پلەی سێیەمدا سناپچات دێت بە رێژەی 73.8٪، لە پلەی چوارەمدا یوتیوب دێت بە رێژەی 57.6٪، لە پلەی پێنجەم تیک تۆک دێت بە رێژەی 22.7٪، دواتر لە پلەی

---

(1) Deborah Dsouza, What is tiktok: https://www.investopedia.com/what-is-tiktok-4588933 (20-8-2022)

شەشەم تویتەر دێت بە ڕێژەی 19.2٪، هەروەها لینکید ئین لە پلەی حەوتەم دێت بە ڕێژەی 4.1٪ ی هاوڵاتییان لە هەرێمی کوردستان بەکاریدەهێنن[1].

**پێنجەم: پێگە ئەلیکترۆنییەکان** Websites

پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەگەڵ گەشەکردن و سەرهەڵدانی وێب دروستبوون و بڵاوبوونەوە، کە چەندین خزمەتگوزاریی میدیایی لەخۆدەگرن و دەق و زانیاریی جۆراوجۆر پێشکەشدەکەن.

پێگە ئەلیکترۆنییەکان (Websites) لە کۆمەڵێک لاپەرەی ئەلیکترۆنی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت پێکدێن، کە دەتوانرێت دروست بکرێن و بپارێزرێن، لەلایەن تاک یاک گرووپ و ڕێکخراوێک بەڕێوەدەبرێن بەمەبەستی خزمەتکردن و بەکارهێنانی بۆ چەند مەبەستێک[2].

هەروەها فەرهەنگی (Dictionary.com) بەم شێوەیە پێناسەی پێگەی ئەلیکترۆنیی دەکات "کۆمەڵێک لاپەرەی بەیەکەوە بەستراون لە ناو تۆڕی ئینتەرنێتدا دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو، کە لەلایەن تاکەکەس یان ڕێکخراوێکەوە بەڕێوە دەبرێت، تایبەتە بە بابەتێکی دیاریکراو یان چەند بابەتێکی پەیوەندییدار و نزیک لە یەکەوە"[3]

فەرهەنگی (Cambridge Dictionary) پێناسەی پێگەی ئەلیکترۆنیی کردووە بەوەی "کۆمەڵێک لاپەڕەی زانیاریی ڕێکخراون لەناو ئینتەرنێتدا دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو، کە بڵاودەکرێتەوە لەلایەن تاکە کەسێک یان دامەزراوە و کۆمپانیایەک".[4]

یەکەم پێگەی ئەلیکترۆنیی لە (6ی ئۆگەستی 1991)، لەلایەن (تیم بێرنێرس لیی) کە زانایەکی بەریتانییە لە بواری کۆمپیوتەر، لە تاقیگەیەکی کۆمپیوتەرییەوە لە (سویسرا) بڵاوکرایەوە و

---

[1] کاروان عەلی قادر، کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر رافتاری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا، گۆڤاری زانکۆی راپەرین، ژمارە 3، 2021، ل540.

(2) What does website mean: https://www.techopedia.com/definition/5411/website (20-8-2022)

(3) www.dictionary.com. (2021). the definition of website. [online] Available at: https://www.dictionary.com/browse/website [Accessed 20 Oct. 2021].

(4) Cambridge Dictionary, Website: https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/website

پەخشکرا، کە بە یەکەم پێگەی ئەلیکترۆنیی دادەنرێت لە جیهاندا، ئەگەرچی وێنەی یەکەم پەخشی نەماوە و هەڵنەگیراوە، بەڵام ڕووکاری پێگەکە لە ساڵی (1992)دا هەیە و بەردەستە.[1].

### 1-5: جۆرەکانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان

بەشێوەیەکی گشتیی چەندین جۆر پێگەی ئەلیکترۆنی جیاواز بوونیان هەیە، بۆ مەبەست و ئامانجی جۆراو جۆر دانراون و بەکاردەهێنرێن، پێگەی (sitesaga.com) لە ساڵی (2021) بەو شێوەیە جۆری پێگە ئەلیکترۆنییەکانی دیاریکردووە.[2]

1. پێگەی بازرگانیی Business Websites: پێگەی بازرگانیی یەکێکە لە جۆرە بەناوبانگەکانی پێگەکان کە ڕێکخراوە بازرگانییەکان دروستیان دەکەن بۆ نوێنەرایەتیکردنی مارکەکەیان لە سەر هێڵی ئینتەرنێت و زانیاریی بەخشین لە بارەی کاڵا و خزمەتگوزارییەکانی کۆمپانیایەک و برەوپێدانیان. لە نمونەی ئەم جۆرە پێگەیە (www.amazon.com).
2. پێگەی بلۆگەکان Blog Websites : بلۆگ پێگەیەکی ئەلیکترۆنیی زانیارییە کە لەلایەن تاک یان گرووپێکەوە خاوەندارێتی دەکرێت. بلۆگەکان ستایلێکی زۆر نافەرمی و گفتوگۆیان هەیە لە نووسین و نەخشەکانی گەڕانی دۆستی بەکارهێنەر بۆ بەشداری خوێنەران. بە بەردەوامیی نوێدەکرێتەوە بە زیادکردنی پۆستی نوێ، ئەو پۆستانەی کە تازە زیادکراون لە سەرەوەی ئەوانی تر دەردەکەون. لە نمونەی پێگەی بلۆگ وەک (www.sitesaga.com).
3. پێگەی تاکە کەسی Personal Websites: ئەم جۆرە بە تایبەت بۆ کەسێک دروست کراوە بۆ ئەوەی بە پلەی سەرەکی بیرۆکە و هەست و بەهرە و لێهاتوویی خۆی نمایش بکات، کە

---

[1] بەرهەم خالید ئەحمەد، سەرچاوەی پێشووە، ل55.

[2] **حسن السودانی، محمد المنصور، شبكات التواصل الاجتماعی وتأثرها على جمهور المتلقين، عمان، الأردن، مركز الكتاب الاكاديمى، 2016، ص52-57؛** https://www.sitesaga.com/types-of-websites/#3_Blog_Website

وێنە و ڤیدیۆ و کاروچالاکی تایبەت بەو کەسە لەخۆ دەگرێت، لە نمونەی ئەم جۆرە پێگەیە (www.mariasharapova.com).

4. پێگەکانی تایبەت بە هەواڵ و گۆڤارەکانNews and Magazine Websites ، ئەم جۆرە پێگە ئەلیکترۆنیانە تایبەتن بە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی پەیوەست بە سیاسەت و کەش و هەوا و وەرزش و هتد...، کە ڕێگایەکی خێراترن بۆ گەیاندنی هەواڵی ناوخۆیی و جیهانی بە خوێنەران. لە نمونەی ئەم جۆرە پێگەیە .(www.focnews.com)

5. پێگەی حکومی :Government websites زانیاریی و خزمەتگوزاریی جیاواز لە بارەی دامەزراوەکانی حکومەت پێشکەش دەکات. لە نمونەی ئەم جۆرە پێگەیە (www.usa.gov) (www.gov.krd).

6. پێگەی پەروەردەیی :Education website وەک لە ناوەکەی دیارە ئەم جۆرە پێگەکانی تایبەت بە پەروەردە دەگرێتەوە، کە خوێندنگە، زانکۆ، یان ڕێکخراوە ئەکادیمیەکان لە ڕێگەی ئەم جۆرە پێگەیەوە زانیاریی و کەرەستەی فێربوونی جۆراوجۆر پێشکەشدەکەن. لە نمونەی ئەم جۆرە پێگەیە.(www.harvard.edu)

7. پێگەی تایبەت بە کاتبەسەربردن :Entertainment website ئەم پێگەیە تایبەتە بە کاتبەسەربردن لە ڕێگەی سەیرکردنی فیلم، ڤیدیۆ، گوێگرتن لە گۆرانی، یاریکردن، هتد... لە نمونەی ئەم جۆرە پێگەیە.(www.netflix.com)

8. پێگەکانی تایبەت بە گەڕان :Search engine site ئەم پێگانە بە بەگەرخەری گەڕان ناسراون و بەکاردێن بۆ گەڕان بە دوای زانیارییەکاندا لەسەر هێڵی ئینتەرنێت، کە بەپێی پرسیارەکانی بەکارهێنەرا زانیاریی دەدۆزێتەوە، لە نمونەی ئەم جۆرە پێگەیە.(www.google.com)

9. پێگە کۆمەڵایەتییەکان :Social media site لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە پێگانە بەکارهێنەر دەتوانێت کارلێک لەگەڵ بەکارهێنەری دیکە بکات، لە نمونەی ئەم جۆرە پێگەیە.(www.facebook.com)

له بنەڕەتدا پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەپێی دۆمەینەکان پۆلێن دەکران، پێگەی دەزگا حکومییەکان (gov.)، پێگەی دامەزراوە پەروەردەییەکان(edu.) ، پێگەی ڕێکخراوەکان (org.) ، پێگە بازرگانییەکان(com.) ، پێگەی زانیاریی(ingo.)[1]

## 2-5 تایبەتمەندیی پێگە ئەلیکترۆنییەکان

لە سەردەمی ئێستای گەشەکردووی تەکتەلۆژیا و بەربڵاوی تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا، تایبەتمەندیی پێگە ئەلیکترۆنییەکان جیاوازن، بۆ نموونە پێگەیەکی ئەلیکترۆنیی تایبەتمەند لە بواری بازرگانیی جیاوازە لە پێگەیەکی تایبەتمەند بە پەیمانگای فێربوونی زمان، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی پێگەی ئەلیکترۆنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی هەیە لێرەدا گرنگترین تایبەتمەندییەکان دەخرێتەڕوو کە بریتین لە[2]:

1. بەشی بلۆگ یان بابەتەکان کە ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدات کۆمێنت بۆ بابەتەکان بنوسن.
2. هەبوونی تایبەتمەندیی کڕینی ئۆنلاین.
3. ڕۆژژمێری بۆنە و ڕووداوەکان.
4. بەشی پرسیار و وەڵام.
5. بەکارهێنانی (گووگل مەپ جێنێرەیتۆڕ) بۆ دروستکردنی نەخشەی پێگە ئەلیکترۆنییەکە.
6. بەشی گەلەری وێنەکان.
7. دانانی نەخشەی گووگل ماپی شوێنی کار، یان بزنسەکە.
8. بەشی چات و ڕێنمایی ئۆنلاین بۆ بەکارهێنەران.
9. بەشی گەڕانی تایبەت بە پێگە ئەلیکترۆنییەکە.

---

(1) What is a Website? In https://www.techopedia.com/definition/5411/website (27-7-2-2022)

(2) د. ئاراز ڕەمەزان، دیجیتاڵ میدیا و زانینی سیاسیی، لە بڵاوکراوەکانی تۆڕی ئەکادیمیا و دیالۆگی میدیا، 2019،ل67.

10. بەشی (FAQ) کە بریتییە لە دانانی وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە بەکارهێنەران زۆر پرسیاری لە بارەوە دەکەن.
11. بەشی هەواڵنامە، کە هەر بەکارهێنەرێک ویستی، بە داخڵکردنی ئیمەیلەکەی لە لایەن بەڕێوەبەری پێگە ئەلیکترۆنییەکە دواین هەواڵ و ئاگادارییەکانی بۆ بنێردرێت.
12. دانانی دەنگ و ڤیدیۆ.

## 3-5: پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان

مەبەست لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان شیوازێکە لە کاری میدیایی ئۆنلاین یان ئەو وێبسایتانەن کە پەیامەکانیان بە زمانی کوردی بڵاودەکەنەوە، لە هەر ناوچەیەکی جوگرافیدابن.

لە دوای سەرهەڵدان و گەشەکردنی تۆڕی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان دروستبوون، دامەزراندنی تۆڕی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان بۆ کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە، لە رۆژی (1999/9/15) بە شێوەیەکی فەرمی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دامەزراندنی ئەم تۆڕە جاڵجاڵۆکەییە راگەیەنرا، دوای ئەوە لە سلێمانی یەکەمین ناوەندی ئینتەرنێت بە ناوی (سەرچنار) دامەزرا، بەڵام لە ناوەندە حیزبییەکاندا پێش ئەو بەرواره تۆڕی ئینتەرنێت بەکارهێنراوە[1].

رۆژنامەی خەبات لە رۆژی (1996/10/1) بەشێوەیەکی ئەزموونی یەکەم ژمارەی ئەلیکترۆنی خۆی بڵاوکردەوەو لە رۆژی (1997/1/1)ەوە بە شێوەی ئاسایی دەستی بە بڵاوکردنەوە کرد بە شێوەی (pdf) لەسەر پێگەی (www.xebat.net).[2]

---

[1] ئاراز رەمەزان، سەرچاوەی پێشووە، ل76.

2 حەمە ساڵح فەرهادی، چەند بابەتێکی رۆژنامەنووسی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 1998، ل18.

دواتر پێگەی کوردیو لە ڕێککەوتی (1999/9/14) لە شاری هەولێر دامەزراوە، کوردیو ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی ئۆنلاینی کوردییە، بەردەوام بەرهەمە میدیاییەکانی بە زمانەکانی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی و فارسی و تورکی) بڵاودەکاتەوە، بۆ گەیاندنی رووی راستی رووداو و پێشهاتە سیاسییەکان[1].

کوردستانی نوێ وەک یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی دوای راپەڕین، کە لە بەرواری (1992/1/12) یەکەمین ژمارەی بڵاوکرایەوە، یەکەم ژمارەی ئەلیکترۆنی لە تشرینی دووەمی ساڵی (2000) لەسەر پێگەی (pukmedia.com) بڵاوکردەوە[2].

لە هەرێمی کوردستان و دەرەوەی ووڵات بە دەیان پێگەی ئەلیکترۆنی کوردیی بوونیان هەیە و لە هەموو بوارەکان (سیاسی، ئابوریی، کۆمەڵایەتی، وەرزشی...هتد) پەیامەکانیان بڵاودەکەنەوە.

## باسی دووەم: دەروازەیەک بۆ ناساندنی بازاڕسازیی سیاسیی

### یەکەم: چەمک و ناساندنی بازاڕسازیی و بازاڕسازیی سیاسیی

لە ڕووی زمانەوانییەوە لە زمانی عەرەبیی دا لە بەرامبەر وشەی بازاڕسازیی (التسويق) بەکاردەهێنرێت، بنەمای وشەکە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی بازاڕ (السوق)، هەروەها لە زمانی ئینگلیزیی دا بەرامبەرە بە وشەی (Marketing)، فەرهەنگی (ڕۆمانیی) لە بارەی بازاڕسازیی دەڵێت "بریتییە لە کۆمەڵێک چالاکی بەدوای یەکدا هاتوو، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنەر و داواکارییەکانی بە مەبەستی ساغکردنەوە و گەشەپێدانی بەرهەمێک"، هەروەها فەرهەنگی (التسويق) لە بارەی ئەو

---

[1] دەربارەی کوردیو، https://www.kurdiu.org/ku/b/462681 2022-2-1-3

2 سامان فەوزی، میدیای ئینتەرنێتی و گرفتە یاساییەکانی، و. هونەر رەسوڵ، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. ل6

وشەیەوە نوسیویەتی "تێگەشیتنێکی نوێیە بۆ بەڕێوەبردنی دامەزراوەیەک کە لە بواری پلاندانان و ڕێکخستن و جێبەجێکردن و چاودێریکردن کاردەکات، بە مەبەستی ئاراستەکردنی بەکارهێنەر بۆ بەرهەمێکی دیاریکراو".[1]

بازاڕسازیی وەک زانستێک لە ساڵی (1902) لە زانکۆکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خرایە ناو پرۆگرامی خوێندنەوە، لە ساڵی (1926) کۆمەڵەی نیشتمانی بازاڕسازیی و ریکلام دامەزراوە، لە ساڵی (1960) بۆ یەکەمجار (جیرۆمی ماککاراتی) رەگەزەکانی بازاڕسازیی لە چوار چەمکی سەرەکییدا دیاریکرد کە بریتیین لە (بەرهەم، نرخ، شوێن، پیاهەڵدان).[2]
فلیپ کۆتلەر (Philip Kotler) پسپۆر و شارەزا لەبواری بازاڕسازیی، پێیوایە کە سادەترین پێناسە بۆ بازاڕسازیی بریتییە لە "پرۆسەی بەدەستهێنانی قازانج، هەروەها پرۆسەی دروستکردنی پەیوەندیی و هەوڵی پاراستنی ئەو پەیوەندییەیە لەگەڵ کڕیاردا".[3]

یەکێکی دیکە لەو پێناسانەی کە لە لایەن ناوەندە ئەکادیمەکانەوە خراوەتەڕوو، پێناسەکەی (کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ بازاڕسازیی)یە کە بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: "بازاڕسازیی چالاکیەکە کە بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان لە بەرهەمهێنەرەوە بۆ بەکارهێنەر دەخاتەڕوو".[4]

یان جوڵەیەکی کۆمەڵایەتیی و کارگێرییە کە لەلایەن تاک و گرووپەکانەوە ئەنجام دەدرێت، کار لەسەر پڕکردنەوەی پێداوستی و ئارەزووی بەکاربەر دەکات، کە تێیدا بەرهەم و شێوازی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و ئاڵوگۆری بیرۆکە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دەخاتەڕوو.[5]

---

(1) **محمد تهامی، التسویق السیاسی، ص2**. https://kotobna.net/Upload/20170203526264309664.pdf (18-4-2022)

2 نەزاکەت حسێن حەمە سەعید، بازاڕسازیی و بازاڕسازیی میدیایی، چاپخانەی کارۆ، 2020، ل11.

(3) **د.حازم محمد عبدالفتاح، الافکار التسویق ، دبی، الامارات العربیة المتحدة، الریادة للنشر والطباعة، 2020، ص11 ؛ درمان صادق سلیمان، خیری علی اوسو، التسوق اسس واتجاهات متقدمة، جامعة دهوك، كلیة الادارة والاقتصاد، 2011، ص9.**

(4) **د.محمد متولی زاید، التجارة الاکترونیة والتسویق الاکترونی، الاسکندریة، مصر، المرکز االاکاددیمی للنشر، 2020م، ص22.**

(5) **د.محمد متولی زاید**، سەرچاوەی پێشووە، ل23.

بازاڕسازیی بە تەنها لە بازنەیەکی دیاریکراودا نەوەستاوە کە تەنها بریتی بێت لە بازاڕسازیی بۆ کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، بەڵکو ئەو چەمکە زۆر لەوە فراوانترەو خۆی دەبینێتەوە لە بازاڕسازیی بۆ بیروبۆچوونێک یان دامەزراوەیەک یان ڕێکخراو و کەسایەتییەکی سیاسیی ئەوەش پێی دەوترێت بازاڕسازیی سیاسیی[1].

بازاڕسازیی سیاسیی لە زمانی عەرەبیی دا (التسويق السياسي) پێ دەوترێت، لە زمانی ئینگلیزییش دا بەرامبەرە بە (Political Marketing)، کە مەبەست لێی کارکردنە لەسەر باشترکردنی بارودۆخی پارتێکی سیاسیی یان کەسایەتییەکی سیاسیی لە ڕێگەی زیادکردنی ژمارەی ئەندامەکانیان و گەشەپێدانی ئینتیمای سیاسیی ئەندامەکان و ڕەوایەتییدان بە بەرنامەو پەیامە سیاسییەکانی.[2]

بنەمای کارکردنی بازاڕسازیی سیاسیی لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ بازاڕسازیی لە بواری ئابووری و بازرگانییدا هاوشێوەن، لە بواری بازرگانییدا فرۆشیارەکان کەلوپەل و خزمەتگوزارییەکانیان دەخەنە بازاڕەوە، لە بەرامبەردا پارەو دڵسۆزی کڕیار وەردەگرن، بەڵام لە بازاڕسازیی سیاسییدا پارت و کاندیدەکان سیاسەت و بەرنامەو بەڵێن و تایبەتمەندیی کەسیی خۆیان پێشکەش بە دەنگدەران دەکەن بۆ ئەوەی پشتگیرییان بەدەستبهێنن، هەربۆیە لە نێوان ئەو دوو چەمکە هەندێک خاڵی هاوبەش هەیە.[3]

---

[1] د. محمد محمد ابراهيم، التسويق السياسى، الطريق للتفوق فى التمثيل السياسى، مصر، القاهرة، الدار الجامعية الاسكندرية، 2010، ص105.

[2] Qasim Alsadie, Political Marketing Strategy in Electoral Competition (A Study of the Tactics of President Donald Trump), Journal of University of Babylon for Humanities, Vol.(27), No.(4): 2019.p60.

[3] بازاڕیابی سیاسی، اهداف بازاڕیابی سیاسی، ابرازهای بازاڕیابی سیاسی.
https://www.newslaw.net/بازاریابی-سیاسیی-اهداف-بازاریابی-سیاسیی-ابزارهای-بازاریابی-سیاسیa273418.
(2022-2-8 )

هەروەها تێکەڵی و نزیکییەکی زۆر لە نێوان بازاڕسازیی سیاسیی و پەیوەندییکردنی سیاسیی هەیە، بازاڕسازیی سیاسیی بە یەکێک لە ئەرک و ئامانجەکانی پەیوەندییکردنی سیاسیی دادەنرێت.[1]

بازاڕسازیی سیاسیی بنچینەیەکی سەرەکییە لە ژیانی سیاسیی، ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی و لایەنە سیاسییەکان لە ناویاندا سەرۆکەکان، سیاسییەکان و پارتەکان تا حکومەت و دامەزراوەکانی، بازاڕسازیی سیاسیی دەکەن بۆ ئەوەی بگەن بە ئامانجە سیاسییەکانیان.[2]

زۆر پێناسەی جیاواز بۆ بازاڕسازیی سیاسیی کراون، بەڵام هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە پرۆسەیەکە بۆ باشترکردن و گەشەپێدانی دۆخی پارت یان دامەزراوەیەکی سیاسیی یان کاندید و کەسایەتییەکی سیاسیی، هەروەها دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ دەنگدەر و لایەنگرانیان بۆ ئەوەی پشتگیرییان بەدەست بهێنرێت.

شاما (SHAMA) پرۆفیسۆر لە بواری بەڕێوەبردن لە ئەمریکا، لە ساڵی (1976) بازاڕسازیی سیاسیی بەوە پێناسە دەکات کە "پرۆسەیەکە تێیدا پارت و کاندیدە سیاسییەکان بیرۆکەکانیان ئاراستەی دەنگدەران دەکەن، بە مەبەستی بەدەستهێنانی پشتگیرییان.[3]

پێناسەیەکی دیکەی بازاڕسازیی سیاسیی، بریتییە لە بونیادنان و گەشەپێدانی پەیوەندیی لەگەڵ دەنگدەر بۆ ماوەیەکی درێژ، کە سوودی هەبێت بۆ کۆمەڵگە و پارتە سیاسییەکان، لە ڕێگەی پابەندبوون بە بەڵێنەکان.[4]

---

(1) بەهادین ئەحمەد، پەیوەندییکردنی سیاسیی و ڕاگەیاندنی کوردیی، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، چ1، 2017، ل70.
(2) Jennifer Lees-Marshment, Brian Conley, Edward Elder, Robin Pettitt, Vincent Raynauld and André Turcotte, 2019, third edition, P22.
(3) Nandi Dabula, The influence of social media political marketing on trust, loyalty and voting intention of youth voters in South Africa,2016, P46.
(4) **مناف الحمد، التسويق السياسى النظرية والممارسة بين العالمين، مركز حرمون للدراسات المعاصرة،** 2018، ص3.

(ئارون ئۆکاس) پێیوایە سیاسیی "شیکردنەوە و پلاندانان و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندنی بەرنامەی سیاسیی و هەڵبژاردنە، کە تێیدا بەرژەوەندیی هاوبەشی نێوان رەوتێکی سیاسیی یان کاندیدێک لەلایەک و دەنگدەرەکان لەلایەکی دیکەوە دیاریدەکات، هەروەها پارێزگاریکردن لەو پەیوەندییە لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو".[1]

(بۆلەر و فاریل) پێیان وایە بازاڕسازیی سیاسیی بریتییە لە پرۆسەیەکی ئاڵوگۆرکاری کاتی هەڵبژاردنەکان، کە تێیدا سیاسییەکان هەوڵدەدەن بازاڕسازیی بۆ خودی خۆیان بکەن لە ڕێگەی جێبەجێکردنی چالاکی ریکلامی راستەوخۆ.[2]

بیتلەر و کۆلینس (Butler and Collins) لە ساڵی (1994) رایانگەیاند کە بازاڕسازیی سیاسیی هەموو ئەو بیرۆکە و بۆچوونانەیە کە پەیوەندیی بە بابەتێکی گشتیی یان کاندیدێکی دیاریکراوەوە هەیە، یان بەشێوە گشتییەکەی بازاڕسازیی سیاسیی وا دیزاین کراوە کە کاریگەریی هەبێت لەسەر دەنگی خەڵک لە کاتی هەڵبژاردندا، هەروەها بازاڕسازیی سیاسیی بەڕێوەبردنی هەندێک تەکنیکە بەکاردێت بۆ بازاڕسازیی بۆ بەرهەمێک (بەرنامەیەکی سیاسیی) لە ڕێگای ریکلام و ئاراستەکردنی کۆمەڵگە.[3]

بازاڕسازیی سیاسیی پرۆسەیەکە بۆ باشترکردنی پەیوەندییە سیاسییەکان، پارت و کاندیدە سیاسییەکان بیرۆکەکە و پلان و بەرنامەکانیان بۆ دەنگدەران دەخەنە ڕوو، ئەوەش کارێکی ستراتیژی و تەکنیکی درووستی پەیوەندیی سیاسییە بۆ ئەوەی پشتگیریی گشتیی بەدەست بێنێت.

---

[1] راسم محمد الجمال و د.خيرت معوض عياد، التسويق السياسى والاعلام الاصلاح السياسى فى مصر، القاهرة، الدار المصرية اللوبنانية، 2005، ص22.

[2] هەمان سەرچاوە، ل21.

[3] ALESSANDRO BIGI, political Marketing: Understanding and Managing Stance and Brand Positioning, Stockholm, Sweden, 2016, pg23.

هەموو ئەو پێناسانەی سەرەوە پێمان دەڵێت کە بازاڕسازیی سیاسیی کار لەسەر تێرکردنی ئارەزوو و پێداویستییەکانی بەکاربەری سیاسیی(دەنگدەر) دەکات، بە تێروانین بۆ کۆی ئەو پێناسانە، دەکرێت بازاڕسازیی سیاسیی بەوە پێناسە بکەین کە "بریتییە لە پرۆسەی پلاندانان و جێبەجێکردنی لە پێناو بەدەستهێنانی پشتگیریی و هاوکاریی جەماوەر بۆ دامەزراوەیەک یان کەسایەتیی و کاندیدێکی سیاسیی، بە بەکارهێنانی ستراتیژێکی بەرنامە بۆ دارێژراو کە لەسەر ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەریی بونیادنرابێت و تێیدا جەماوەرێکی دیاریکراو بکرێتە ئامانج.

**دووەم: گەشەی مێژوویی بازاڕسازیی سیاسیی**

بازاڕسازیی سیاسیی لە ڕووی مێژووییەوە نوێترە لە بازاڕسازیی بازرگانیی، لەم ساڵانەی دواییدا گەشەی بەرچاوی کردووە ئەوەش بە هۆی زیادبوون و پەرەسەندنی ناوەندی ڕاوێژکاریی بە بازاڕکردنی سیاسیی و گرنگی ڕێکخراوە سیاسییەکان بۆ ئەو بوارە، هەروەها زیادبوونی ئەو وتار و کتێبانەی کە لە بواری بازاڕسازیی سیاسییدا نووسراون ، هەمووی ئاماژەن بۆ داهاتووی گەشی ئەم بوارە.[1]

هەندێک لە توێژەرانی سیاسیی پێیان وایە کە هیچ خاڵێکی دیاریکراو نییە بۆ دەستپێکی مێژوویی بازاڕسازیی سیاسیی، بەڵام دەستکردنی مرۆڤ بە قسەکردن و نوسین و وێنەکێشان و هەوڵدان بۆ قەناعەتپێکردنی بەرامبەرەکەی، دەکرێت ئەوە وەکو سەرەتایەک دابنرێت بۆ دەرکەوتنی پروباگەندە دواتریش دەرکەوتنی بازاڕسازیی سیاسیی، ئەوەش بە داهێنانی  چاپخانە لە ساڵی (1436) زیاتر گەشەیکرد، هەندێکی دیکە  لە لێکۆڵەران وایدەبینن مێژووی بە بازاڕکردنی سیاسیی دەگەڕێتەوە بۆ

---

[1] بازاریابی سیاسیی، اهداف بازاریابی سیاسیی، ابرازهای بازاریابی سیاسیی.
https://www.newslaw.net/بازاریابی-سیاسیی-اهداف-بازاریابی-سیاسیی-ابزارهای-بازاریابی-سیاسیی.a273418

سییەکانی سەدەی رابردوو، ئەو کاتەی کە پەیمانگای "گالوب" لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دامەزرا، ئەو پەیمانگایە کاری لەسەر زانین و شیکردنەوەی رایگشتیی دەکرد.[1]

لەگەڵ ئەو بۆچوونانەدا هەندێکی دیکە لە لێکۆڵەران وایدەبینن کە "فرانکلین روزفلت" سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە نێوان ساڵانی (1933–1945)، یەکەم کەس بووە کە ئامرازەکانی پروپاگەندەی لە پرۆسەی بازاڕسازیی سیاسیی بەکارهێناوەو یەکەم سەرۆک بووە کە لە ئیدارەکەی خۆیدا بەشێکی تایبەتی بە پەیوەندییە گشتییەکان کردۆتەوەو چەمکی بازاڕسازیی سیاسیی لە جیاتی پروپاگەندەی سیاسیی بەکارهێناوە.[2]

بۆچوونێکی دیکە هەیە سەبارەت بە دەرکەوتنی چەمکی بازاڕسازیی سیاسیی و دەڵێت: "سەرەتای بەکارهێنانی چەمکی "بازاڕسازیی سیاسیی" دەتوانرێت بدرێتە پاڵ زانای سیاسیی، ستانلی کێلی (Stanley Kelley) لە ساڵی (1956)، ستانلی ئەوەی بە بنەما دانا کە دەتوانرێت بنەماکانی بازارکردن بۆ کاری سیاسەتکردن جێبەجێبکرێت، بەڵام مارێک (Maarek) لە ساڵی (1995) تێبینی ئەوە دەکات کە یەکەم دەرکەوتنی بازاڕسازیی سیاسیی بەشێوەیەکی گشتیی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1952) لەگەڵ هەڵمەتی بانگەشەی سەرۆکایەتی دوایت ئەیزنهاور (Dwight D. Eisenhower)، ٣٤ەمین سەرۆککۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا".[3]

بازاڕسازیی سیاسیی لە بنەرەتدا لە ئەمریکا سەریهەڵداوە، لەبەر ئەوە کاریگەریی و رەنگدانەوەی سیستمی سیاسیی ئەمریکی پێوە دیارە، لە ساڵی (1996) شەش ملیار دۆلار بۆ ئەو بوارە خەرجکراوە، جگە لە ئەمریکا لە وڵاتانی رۆژئاوای ئەوروپادا کەم تا زۆر کاری لەسەر کراوە، بەڵام هێشتا ناگات بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە وڵاتانی ئەوروپا بازاڕسازیی سیاسیی

---

(1) Qasim Alsadie, previous source, p60.

(2) هەمان سەرچاوە، ل60.

(3) Phil Harris, David Perrin, Simenti Phiri, The Americanisation of Southern African Political Campaigns: A Comparative Study of Malawi and South Africa General Elections, Journal of Marketing Development and Competitiveness, 8(1),2015, P74-75

له هەشتاكانی سەدەی رابردووەوە سەریهەڵداوە، كە تێیدا پارتە پارێزگارەكانی بەریتانیا ئاژانسی تایبەتییان بۆ دروستكردووە، هەروەها (ماری روبنسۆن) بازاڕسازیی سیاسیی بەكارهێنا بۆ سەركەوتنی لە هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی "ئێرلەندا" لە نەوەدەكانی سەدەی رابردوو، هەروەها (تۆنی بلێر) پشتی بەهەمان میكانیزم بەستووە بۆ هەڵبژاردنەكانی بەریتانیا بۆ ماوەی دوو خول.(1)

لە فەرەنساش یەكەم بەكارهێنەری پرۆسەی بازاڕكردنی سیاسیی بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن "میشال بنغران" بوو دواتر ئەم ئامرازە بوو بە ئامرازێكی كاریگەریی پرۆسەكانی هەڵمەتی هەڵبژاردن و لەساڵی (١٩٧٤) "جان جاک سیرفان شرایبر" بەشێوازێكی وورد و فراوان لەسەر دەستی گرووپێک، بازاڕسازیی سیاسییان لە هەڵمەتەكانی هەڵبژاردندا بەكارهێنا، دوای ئەوە ئیتر تێكڕای وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریكا لە هەموو هەڵمەتی هەڵبژاردنە لۆكاڵی و نیشتیمانییەكاندا وەک ئامرازێكی كاریگەر بەكاریاندەهێنا، لە بەریتانیا "مارگرێت تاچەر" خاڵی وەرچەرخان بوو لەبواری بە بازاڕكردنی سیاسەت كە لەماوەی ٤ ساڵدا توانی پەیوەندیی تەواوی هەبێت بە تێكڕای كۆمانیاكانی ڕیكلام لە وڵاتدا.(2)

**سێیەم: پێكهاتە سەرەكییەكانی بازاڕسازیی سیاسیی**

بۆ سەركەوتنی هەر پرۆسەیەكی بازاڕسازیی سیاسیی، پێویستە چەند پێكهاتەیەک بوونی هەبێت كە بریتین لە:

**یەكەم: بەرهەمی سیاسیی**: دەستەواژەی بەرهەم لە ئابووریی‌دا هەر شتێكە كە لەلایەن دەزگایەک یان ڕێكخراوێک پێشكەش دەكرێت بۆ دابینكردن و رازیكردنی كڕیار، دەكرێت ئەو بەرهەمە هەستپێكراو بێت یان هەستپێنەكراو یان بەرهەمێكی تەواو بێت یانیش كۆمەڵێک بەرهەم یەكیان

---

(1) د.راسم محمد الجمال و د.خیرت معوض عیاد، سەرچاوەی پێشووە، ل18-19.

(2) نەزاكەت حسێن حەمە سەعید، سەرچاوەی پێشووە، ل88.

گرتبێت[1]. بەڵام لە بازاڕسازیی سیاسییدا بەرهەمی سیاسیی بریتییە لە سیاسەتی گشتیی و ڕەفتاریی دامەزراوە سیاسییەکان و سەرکردایەتی و نوێنەرو کاندیدەکانیان، ئەم بەرهەمە تەنها لە کاتی هەڵبژاردندا پێشکەش ناکرێت، بەڵکو سیاسەتێکی بەردەوامیی ڕێکخراوە سیاسییەکەیە.[2]

بەرهەمی سیاسیی بریتییە لەو پەیامە سیاسییانەی کە لەلایەن حکومەت و پارت و قەوارە سیاسییەکانەوە سەبارەت بە پرس و بابەتە سیاسییەکان ئاراستەی جەماوەر دەکرێت، ڕەنگدانەوە و خوێندنەوەی سیاسییانەیە بۆ ڕووداوو گۆڕانکاریی و پرس و بابەتە سیاسییەکان، کە لە فەلسەفە و ئایدۆلۆژیای سیاسییانەوە سەرچاوەی گرتووە.[3]

کۆنترۆڵکردن و بەدەستهێنانی پشتگیریی دەنگدەرو هاووڵاتییان لە کاتی هەڵبژاردندا کارێکی ئاسان نییە، یەکێک لە سوودەکانی بەرهەمی سیاسیی ئەوەیە کە ئاستی هۆگربوون و پەیوەستبوونی دەنگدەران بۆ ڕێکخراوە سیاسییەکە دەستەبەر بکات.[4]

**دووەم: دامەزراوەی سیاسیی:** بە هەر قەوارەیەک دەوترێت کە لە پرۆسەی سیاسیی دایە، گرنگی بە چالاکیە سیاسییەکان دەدات بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی کە سیستمی سیاسیی پێش بخات، لە دامەزراوەی سیاسییدا هەوڵەکان بۆ بردنەوەو بەرەوپێشبردنی پێگەی سیاسییە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەکانەوە، لێرەوە دەتوانرێت بووترێت دامەزراوەی سیاسیی دەکرێت پارتێکی سیاسیی یان گرووپێکی پشتیوانی بێت کە پشتگیریی لە پالێوراوێک دەکات.[5]

---

(1) John Burnett ‹introduction to marketing, Publisher: BCcampus, 2010, p44.
(2) Jennifer Lees-Marshment, Political Marketing and British Political Parties: The Party's Just Begun, Palgrave, New York, 2001, p22.
(3) بەهادین ئەحمەد، سەرچاوەی پێشووە، ل93.
(4) Elif Yolbulan Okan, The Role of Social Media in Political Marketing: 2014 Local Elections of Turkey, European Journal of Business and Management Vol.6, No.22, (2014), p 134
(5) Yakup Durmaz & Emre Direkçi, A Theoretical Approach to Political Marketing. Global Journal of Management and Business Research: E Marketing 15, (2015), p34.

گرنگی دامەزراوە سیاسییەکان لەوەدا دەردەکەوێت کە یەکێکن لە نیشانەکانی پێشکەوتنی سیاسیی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، کە لە ڕێگەیەوە داواکاریی هاووڵاتییان ڕێکدەخرێت و هەلیان بۆ دەرەخسێت کە گوزارشت لە رای خۆیان بکەن، ئەوەش بە جیاکەرەوەیەکی سیاسیی و  تایبەتمەندییەکی پیشەیی دادەنرێت بۆ جیاکردنەوەی سیستمی پێشکەوتوو و سیستمی دواکەوتوو، ئەو دامەزراوانەی کە دەسەلاتیان هەیە بەوە دەناسرێنەوە کە چەقبەستوون و هەوڵدەدەن وەلامیان هەبێت بۆ سیستمی سیاسیی، لە جیاتی ئەوەی کە وەلامی داواکاریی هاووڵاتییان بدەنەوە، بەلام لە سیستمی دیموکراسی ئەو دامەزراوانە وەلامیان بۆ داواکاریی هاووڵاتییان هەیە.[1]

**سێیەم: بازاڕی سیاسیی:** بازاڕی سیاسیی ئەو هاولاتی و دەنگدەرانە دیاری دەکات کە دامەزراوە یان سەرکردە هەوڵ دەدات لایەنگیرییان بەدەستبهێنێت. لەوانەیە ئەو لایەنگرییە سروشتێکی ئایدیۆلۆجی یان پاشخانی کۆمەلایەتیی، یان کەسێتی هەبێت. پاشخانی یەکەم بە ئینتمای هاووڵاتیی بە ئایدیۆلۆژی یان فکرێکی دیاریکراوەوە بەستراوەتەوە کە ئاراستەی دەکات بەرەو پشتیوانیکردنی دامەزراوە یان پارتی سیاسیی یان سەرکردەکە کە هەڵگری هەمان ئایدیۆلۆژیە. بەلام پاشخانی دووەم دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی کۆمەلایەتیی ژیان یان قازانجی چاوەروانکراو، یان پەیوەندیی خزمایەتی. پاشخانی سێیەم پەیوەندییدارە بە هۆکارە کەسییەکانەوە. لەوانەیە دەنگدەر دەنگ بە کاندیدێک بدات نەک لەبەرئەوەی  خۆشی دەوێت بەڵکو بۆ ڕێگرتن لە سەرکەوتنی کاندیدێکی دیکە، ئەوەش پێناسە دەکرێت بە دەنگدانی پێچەوانە. هەڵمەتەکانی بازاڕسازیی سیاسیی کاتێک کاریگەر دەبێت کە توێژینەوە لەسەر بازاڕی سیاسیی بکرێت، بۆ ئەوەی تایبەتمەندیی و پاڵنەرەکانی هاووڵاتییان دیاریبکرێت، بازاڕسازیی سیاسیی بە تەواوی پشت بە بەکارهێنانی توێژینەوەی تایبەت بە جەماوەر دەبەستێت.[2]

---

[1] د. مجدي عبد الجواد، التسويق السياسی: المفهوم والمكونات، المعهد مصری للدراسات، 2019، ص23.
[2] د. مجدي عبد الجواد، سەرچاوەی پێشووە، ل28.

به پێچەوانەی بازاڕی بازرگانی، بازاڕی سیاسیی پڕکراوە لە ئایدۆلۆژیا، لەکاتێکدا دەنگدان وەک هێمایەکی کۆمەڵگەی دیموکراسی دەبینرێت، بەڵام ئاڵوگۆڕی سیاسیی گرنگی زۆری هەیە لای دەنگدران و دەیانەوێت لە رێگەی هەڵبژاردن و ئایدۆلۆژیاوە دەستاودەستکردنی دەسەڵات ببینن.(1)

**چوارەم: دابەشکردن:** پارت و سەرکردە سیاسییەکان لە رێگەی ئەرکی دابەشکردنەوە لە بازاڕسازیی سیاسییدا، زانیاریی پەیوەندییدار سەبارەت بە بەرهەمە سیاسییەکان، زانیاریی سەبارەت بە سیاسەت و بەرنامە سەرەکییەکانی پارت بڵاودەکرێنەوە و زانیارییەکانی پەیوەست بە بەرهەمی سیاسیی بۆ دەنگدەران فەراهەم دەکەن، هەروەها دانانی کاندیدەکان لە کەناڵە دروستەکاندا، و دڵنیابوونوە لەوەی کە کەناڵی دابەشکردن لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای پارتەکەدا دەگونجێت.(2)

**پێنجەم: بەکاربەری سیاسیی:** لە ڕوانگەی بازرگانییەوە بەکاربەر بە کەسێکی سروستی یان یاسایی دەوترێت کە کاڵایەک یان خزمەتگوزارییەک بەکاردەهێنێت.(3) بەڵام بەکاربەری سیاسیی هەموو ئەو دەنگدەر و لایەنگرانە دەگرێتەوە کە پشتگیریی لە پارتێکی سیاسیی یان لە پەیامێکی سیاسیی دەکەن لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجێک. بەکاربەری سیاسیی رۆڵێکی دیار دەگێڕێت لە پرۆسەی بەبازاڕکردنی سیاسییدا، چونکە بنەمای سەرکەوتن یان شکستی بەرهەمی سیاسییە، بۆیە هەمیشە پارتە سیاسییەکان هەوڵدەدەن بە بەکارهێنانی ستراتیژی پەیوەندییکردن کە بتوانێت کاردانەوەکان

(1) Yakup Durmaz & Emre Direkçi, previous source, P34.

(2) Muhammad Suhail Nazar, Scope of Political Marketing in the Context of Pakistani Political Environment, The Islamia University of Bahawalpur, 2010, P3, in http://www.aabri.com/LV2010Manuscripts/LV10016.pdf

(3) محمد الصالح مفتوح، تأثير الإعلان على السلوك المستهلك النهائی، رسالة ماجستير، جامعة قاصدی مرباح ورقلة، كلية العلوم الاقتصادية، قسم العلوم التجارية، 2013، ص8.

بخوێنێتەوە بە گرتنەبەری چەند شێوازێکی وەک تەکنیکی لێکۆڵینەوەی بازاڕسازیی لە خواست و داواکارییەکانیان تێبگات.[1]

**شەشەم: نرخدانانی سیاسیی:** نرخدانان ئەو بڕە قوربانییە ماددی و مەعنەویەیە، کە تاکێک لە پێناو بەدەستهێنانی کاڵایەک یان خزمەتگوزارییەک دەبەخشێت، و ئەو پرۆسەیە کە دامەزراوەکە لە ڕێگەیەوە نرخی دەسەڵات یان خزمەتگوزارییەکان دیاری دەکات.[2]

نرخدانانی سیاسیی جیاوازە لە نرخدانانی کاڵا و بەرهەمە بازرگانییەکان بەو پێیەی پەیوەندیی بە لایەنی سیاسییەوە هەیە، نرخدانانی سیاسیی هەموو ئەو تێچوون و خەرجییانە دەگرێتەوە کە دەبێت لەلایەن ڕێکخراوی سیاسیی یان کاندیدی سیاسییەوە دابینبکرێت بۆ ئەنجامدانی بانگەشەی هەڵبژاردن و بەبازاڕکردنی بەرهەمە سیاسییەکان، نرخدانانی سیاسیی لە بازاڕسازیی سیاسییدا زۆر گرنگە چونکە بەبازاڕکردنی بەرنامەیەک، یان کەسێک یان بڕیارێک، کاریگەرییەکی فراوانی دەبێت و بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام دەبێت لە ئەگەری سەرکەوتن یان شکستهێناندا.[3]

توخمە داراییەکە لە پرۆسەی بازاڕسازیی سیاسییدا بە یەکێک لە هۆکارە گرنگ و کاریگەرەکان دادەنرێت بۆ سەرکەوتنی هەر پارتێکی سیاسیی یان کاندیدێک، چونکە بنەمای خەرجکردن بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنەکان پێکدەهێنێت، کەمی خەرجکردن یان خراپ خەرجکردن، کاردانەوەی نەرێنی لەسەر سەرکەوتنی پارت یان کاندید دەبێت.

---

[1] ناهى شفيعة، دور الصحافة المكتوبة فى التسويق السياسى لبرنامج المصالحة الوطنية فى الجزائر، رسالة ماجستير، جامعة مولود معمرى تيزى وزو، كلية العلوم السياسة، قسم العلوم السياسة، 2018، ص48.

[2] بن كوسة ليلى، واقع وأهمية الإعلان فى المؤسسة الاقتصادية الجزائرية، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة منتورى قسنطينة، كلية العلوم الاقتصادية و علوم التسيير، قسم العلوم التجارية، 2008، ص40.

[3] ناهى شفيعة، سەرچاوەی پێشووە، ل48.

**حەوتەم: برەودانی سیاسیی:** برەودان زانیاریی بە خەڵک یان جەماوەریی بەئامانجگیراو دەبەخشێت و وایانلێدەکات دامەزراوە و شمەک و خزمەتگوزارییەکەی بناسن،[1] چەمکی برەودانی سیاسیی لەسەر بیرۆکەی گەیاندنی پەیامەکە بۆ ئەوی دیکە (ڕایگشتیی سیاسیی) دامەزراوە، بۆ ئەوەی سەرنجیان ڕابکێشێت و دواتر ڕەزامەندیی و هاوسۆزیی و پشتیوانیی و بەشدارییکردنیان لە بەرنامەی پارتی سیاسییدا بەدەستبهێنێت، بۆیە لە بازاڕسازیی سیاسییدا پێویستە هەموو ڕێگە و شێوازێکی گونجاو بەکاربهێنرێت بۆ گەیشتن بەم ئامانجە.[2]

**هەشەم: ئامرازەکانی میدیا:** میدیا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە سەرکەوتنی پرۆسەی بازاڕسازیی سیاسیی، سەرچاوەی سەرەکیی زانیارییە سیاسییەکانە، ڕۆڵی میدیا چیتر وابەستەی وروژاندنی ئەو پرسانە نییە کە تاکەکان بیری لێدەکەنەوە، بەڵکو وابەستەی فەراهەمکردنی ئەو ڕێگا و میتۆدانەیە کە فێریان بکات چۆن بیر لەو پرسانە بکەنەوە، بۆیە میدیاکان ئەو ڕێگا و هۆکارە سەرەکیانەن کە پارتە سیاسییەکان لە ڕێگەیانەوە هەڵمەتەکانی بازاڕسازیی سیاسیی بەڕێوەدەبەن، نوخبە سیاسییەکان پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی میدیا بۆ تیشک خستنە سەر بۆچوونەکانیان بۆ ئەوەی کاریگەریی لەسەر ڕایگشتیی دروستبکەن پەیامە سیاسییەکانیان بە لایەنگرانیان بگەیەنن.[3]

**چوارەم: شێواز و تاکتیکەکانی بازاڕسازیی سیاسیی**

هەندێکجار توێژەرانی بازاڕسازیی سیاسیی پشتیان بەو تاکتیکانە بەستووە کە لە بواری سەربازیدا بەکاردەهێنرێن، وەک: تاکتیکی پێکهێنانی هاوپەیمانی سەربازی، کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگری، هەڵسەنگاندنی هێزو پێگەی هێزە دوژمنکارەکان، پاراستنی مۆراڵ، کردەی هێرشبەرانە، بەکارهێنانی رەگەزی لەناکاو و تاکتیکی دیکە کە لە کۆتایی کەمپینەکە ئامانجی خۆی بەدەست

(1) ناجی معلا، إدارة التسويق، عمان، اثراء للنشر والتوزيع، 2008، ص222.

(2) ياسر سليمان محمد، التسويق السياسی وأداء الاحزاب السياسية من وجهة نظر الناخبين، مجلة كلية الاداب والعلوم الانسانية، عدد:28،

(3) د. مجدی عبدالجواد، التسويق السياسی المفهوم والمكونات، المعهد المصری للدراسات، 2019، ص37.

دەهێنێت. ئەمەی خوارەوە خستنەڕووی هەندێک لەو تاکتیکانەیە و چۆنیەتی بەکارهێنانیان لە هەڵمەتەکانی بازاڕگەری سیاسییدا:[1]

1. خۆ قایمکردن: خۆ قایمکردن ئاماژەیە بەوەی کە دامەزراوە سیاسییەکە هەڵدەستێت بە دیاریکردنی بابەتەکانی هەڵمەتەکە بە شێوەیەکی تەواو لە نێوان خۆیاندا لە لایەک، ئەم پرسانە دەبێت هاوتەریب بێت لەگەڵ ئاراستەکانی دامەزراوەی سیاسیی و بیرۆکەکانی، چونکە دژایەتی نێوان بیرۆکە و ئەو ئایدۆلۆژیایانەی کە پێشکەش دەکرێن دەکرێت لاوازییەکی بنەرەتی پیشانبدات. هەروەها دەتوانرێت خۆقایمکردن بەدیبێت بە دروستکردنی پەیوەندیی رۆشنبیریی هاوبەش لەگەڵ جەماوەری بە ئامانج گیراو، لەرێگەی تەرکیزکردن لەسەر پەیوەندی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لەگەڵیاندا، بەو مانایەی کە ناسنامەی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی هاوشێوە بێت لەگەڵ دیدگای ئەوان بۆ خۆیان و ئاواتەکانیان. دەبێت گوتارە سیاسییەکەی بگونجێت و گوزارشت لە ناوەڕۆکەکەی بکات دەربارەی ژینگەی رەمزی کە هاووڵاتیی تێیدا دەژی یان ئاگادارە لێی.
2. تاکتیکی هێرشبردنی لاوەکی: بە واتای بە ئامانج گرتنی ئەو گرووپانە دێت کە پێشتر دوورخراونەوە یان پشتگوێخراون، وەک وروژاندنی هەندێک پرسی ژینگەیی بۆ ڕاکێشانی سەرنج و پشتگیریکردنی ئەوانەی ئارەزووی پرسە ژینگەییەکان دەکەن.
3. هێرشبردنی گشتگیر: کە هەوڵەکانی بازاڕکردن ئاراستەی هەموو ناوچەکان دەکرێت بۆ ئەوەی سەرنجیان ڕابکێشن.

---

[1] خالد محمد غازی، الأصابع الخفية..التوظيف الاعلامي السياسيي لشخصية الجاسوس. مصر، وكالة الصحافة العربية (ناشرون)، 2015، ص٣٧ ؛ أسامة محمد محمد سلام، التسويق السياسيي كأداة حديثة لإدارة الحملات الانتخابية، دراسة تطبيقية أثناء انتخابات مجلس الشيوخ في جمهورية مصر العربية، 2020، ص18

4. هێرشبردنی بەشیی (جزئی): بە واتای ئاراستەکردنی هەوڵەکانی بازاڕکردن بۆ ناوچە جوگرافییە تایبەتەکان یان ئامانجە تایبەتەکان، تەنانەت لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیی لە دەوڵەتدا.

5. هێرشبردنی ڕاستەخۆ: بە واتای ڕەخنەی ڕاستەوخۆ لە ڕکابەرەکان، بە تایبەت ئەو کەسانەی کە بڕێکی زۆر پارە لە هەڵمەتەکانیان خەرج دەکەن، بەمەش سەرچاوەی ئەم پارەیە دەخەنە ژێر پرسیارەوە.

6. هێرشی پێچەوانە: لە چوارچێوەی قۆناغی کاردانەوەکانی کەمپەینەکەدا دێت و گرنگی بە دڵسۆزان و لایەنگرانی ئەو بیرۆکە و زانیاریانە دەدرێت کە دەخرێنە بازاڕەوە.

7. تاکتیکی دیپلۆماسی: تاکتیکێکی بەرگریکارانەیە کە لە ڕێگەیەوە هاوکاری ئەو دامەزراوە و لایەنانەی دیکە دەکات کە مەبدەئیان جیاوازن.

8. تاکتیکی هێرشبردنی خۆپارێزی: تاکتیکێکی بەرگرییە، بەڵام بە هێرشکردنە سەر ڕکابەرەکان دەستپێدەکات پێش ئەوەی لەلایەن ئەوانەوە هێرش دەستپێبکات، وەک: بەکارهێنانی ریکلامی هێرشبەرانە بۆ ئاشکراکردنی کەموکوڕی ئۆپۆزسیۆن.

9. پاشەکشەی تاکتیکی: بە واتای وازهێنان لە لایەنگرە دوودڵەکان، تەرکیزکردن و ئارامکردنەوەی دڵسۆزانی ناوخۆ و دڵنیاکردنەوەیان.

10. تێڕوانینی چونیەک: دەبێت دیدێکی هاوشێوەی هەبێت کە ئەوانەی بانگەشەی بۆ دەکەن ببەستێتەوە بەو پرسانەی کە دەیوروژێنێت.

11. پێویستی گۆڕانکاریی: بە واتای تەرکیزکردنە لەسەر بیرۆکەی گۆڕانکاری، خواستی جەماوەر بۆی، باسکردنی ئەو بابەتانەی کە جەماوەر مەبەستییەتی گۆڕانکاریی تێدا بکرێت.

12. بەکارهێنانی ئامرازەکانی راگەیاندن بە هەموو جۆراکانیەوە، وەک پاڵپشتییەک بۆ هەڵمەتەکانی بازاڕسازیی سیاسیی.

هەروەها یەکێکی تر لە شێواز و تاکتیکەکانی بازاڕسازیی سیاسیی مۆدێلی سێ قۆناغە، بەناوبانگترین بیرۆکەیە بۆ بە بازاڕکردنی سیاسیی کە بریتییە لە[1]:

**قۆناغی یەکەم:** دەستنیشانکردنی ویست و خواستی بەکاربەران، ئەم خواست و ویستە لە کاڵای رامیاریی و درووستکردنی پەیامی رامیاریی لەسەر بنەمای ویستی بەکاربەران رەنگدەداتەوە،

**قۆناغی دووەم:** ئاگادارکردنەوەی بەکاربەران لەو گۆڕانکارییانەی کە لەسەر ویستی ئەوان بەسەر کاڵا و پەیامی سیاسیی رێکخراوەکەدا هاتووە.

**قۆناغی سێیەم:** گەیاندن و جێبەجێکردنی ئەو پەیام و کاڵایانە، کە لەسەر خواست و ویستی بەکاربەران درووستکراوە، بە جۆرێک لە کۆتاییدا بەکاربەران رازیبکرێن و دڵسۆزییان بەدەستبهێنرێت، لە هەمانکاتیشدا رێکخراوەکە بە ئامانجی بردنەوەی خۆی بگات.

هەرچەندە مۆدێلی سێ قۆناغ رێگایەکی سادە و ئاسانی بۆ سەرکەوتنی بازاڕسازیی سیاسیی دیارییکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێت رۆڵ و گرنگیی میدیا بە گشتیی لەو بوارەدا فەرامۆشبکرێت.

لە بازاڕسازیی سیاسییدا خوێندنەوەی سایکۆلۆژیای جەماوەر و ئاگاداربوون لە خواست و داواکارییان کارێکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیە بە تایبەت لە رێگەی توێژینەوەوە، بۆ ئەوەی پێش ئەوەی بڕیارێک بدرێت یان بەرهەمێکی سیاسی بەبازاڕ بکرێت لەگەڵ سایکۆلۆژیا و داواکاریی و حەز و ویستی جەماوەر بگونجێت. بەو پێیەی کە بابەتی بازاڕسازیی سیاسیی بابەتێکی نوێیە و کەمتر کتێب و توێژینەوەی بە زمانی کوردی لە بارەیەوە ئەنجامدراوە، بۆیە لە

---

[1] ئاوارە بەختیار، تێڕوانینێکی تیۆرییانە بۆ بە بازاڕکردنی رامیاریی، گۆڤاری شرۆڤە، ژ.28، 2018، ل21.

هەرێمی کوردستان کەمتر سود لەو تاکتکانە وەرگیراوە بە تایبەت لە بەڕێوەبردنی هەڵمەتە سیاسییەکان.

## باسی سێیەم: میدیای نوێ و بازاڕسازیی سیاسیی بۆ پارتە سیاسییەکان

### یەکەم: میدیای نوێ و بازاڕسازیی سیاسیی

لەگەڵ گەشەکردنی ئینتەرنێت و دەرکەوتنی ئامرازەکانی میدیای نوێ و پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان، پارت و رێکخراو و کەسایەتییە سیاسییەکان زیاتر گرنگی پێدەدەن و بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسییەکانیان، ئینتەرنێت بەشێوەیەکی گشتیی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی بوونەتە سەکۆیەک بەدەست هێزە سیاسییەکان بۆ پەیوەندیی دروستکردن لەگەڵ جەماوەرو کاریگەریی دروستکردن و جێبەجێکردنی بەرنامە سیاسییەکان بەسەریاندا.

لەگەڵ بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە بازاڕسازیی سیاسییدا، چەمکێکی نوێ هاتە کایەوە، ئەویش "بازاڕسازیی سیاسیی ئەلیکترۆنی"یە، کە وا پێناسە دەکرێت " کۆمەڵێک پرۆسە و چالاکییە کە بەشداریی لە ناساندنی کاندیدێکی سیاسیی یان سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردن دەکات بە بەکارهێنانی ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان".[1]

ئەگەر پێشتر هێزە سیاسییەکان تەنها راگەیاندنی کلاسیکییان لەبەردەست بووبێت بۆ بازاڕسازیی سیاسیی، ئەوا ئەمڕۆ ئینتەرنێت بۆتە ئامرازێکی کاریگەر بۆ پروپاگەندەی سیاسیی بە دەست هێزە سیاسییەکانەوە، هەروەها بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا راگەیاندنی کلاسیکیش خۆی لەگەڵ ئەم

---

[1] يوسف حجيم الطائى و هاشم فوزي العبادي، التسويق الالكترونى، عمان، مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع، 2009، ص398.

پێشکەوتنەدا گونجاندووەو سوودی لە ئینتەرنێت وەرگرتووە هەواڵ و بابەتەکانیان لە پەرە ئۆنلاینەکانیان بڵاودەکەنەوە.[1]

میدیای نوێ و پێگە ئەلیکترۆنییەکان بوونەتە ئامرازێک بۆ دەرکەوتن و خۆنمایشکردنی پارت و کەسایەتییە سیاسییەکان و بڵاوکردنەوەی پەیامەکانیان و کارلێککردنیان لەگەڵ جەماوەر، ئەوەش وادەکات کە سەدان لایک و کۆمێنتی جۆراوجۆریان بۆ بێت لەلایەن شوێنکەوتوی لاپەرە ئەلیکترۆنییەکانیان، ئەو سەکۆیانەش بۆ بازاڕسازیی سیاسیی بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی بەردەوام لەناو هاووڵاتییان و لایەنگرانیان دیاربن.

ئامانجی پارت و کەسایەتییە سیاسییەکان هێشتنەوە و زیاترکردنی دەنگدەران و لایەنەگرانیانە بۆ ئەوەی بەردەوامیی بە مانەوەی خۆیان بدەن، سەکۆکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاسانترین ڕێگان بۆ ئەوەی پەیامە سیاسییەکانیان بە دەنگدەرانیان بگەیەنن و سەرنجیان رابکێشن و پاڵپشتییان بەدەستبهێنن، هەروەها لە ڕێگەی ئەم تۆڕانەوە پارتە سیاسییەکان ڕای دەنگدەرانیان لەسەر پرسە سیاسییەکان دەزانن و باشتریش لە داواکارییەکانیان تێدەگەن.[2]

میدیای نوێ و پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەردەوام لە گەشەکردندان و پارتە سیاسییەکانیش خۆیان لەگەڵ گەشەکردنەکانی گونجاندووە، پارت و کەسایەتییە سیاسییەکان خاوەنی پێگەی میدیایی تایبەت بەخۆیانن هەموو ئەو بابەتانە بڵاو دەکەنەوە کە پەیوەندییان بە چالاکی رۆژانەی

---

(1) فیلیب مآریک، الحملة الاعلامية والتسويق السياسي، ت: عبد الحكم احمد الخزامي، القاهرة، مصر، دار الفجر للنشر والتوزيع، 2012، ص43.

(2) أسامة محمد محمد سلام، التسويق السياسي كأداة حديثة لإدارة الحملات الانتخابية، دراسة تطبيقية أثناء انتخابات مجلس الشيوخ فى جمهورية مصر العربية، 2020، ص18

ڕێکخراوەکەوە هەیە، هەروەها ئەو هێزو کەسایەتیی و ڕێکخراوە سیاسییانە ئەو پێگە ئەلیکترۆنیانە بۆ بازاڕسازیی سیاسیی بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی ئاگاداری رایگشتیی و داواکارییەکانی شەقام بن.[1]

بەشێوەیەکی تایبەتمەند دەتوانین کاریگەرییەکانی ئینتەرنێت لەسەر سیاسەت بەم شێوەیە کورت بکەینەوە.[2]

1. تێچووی بەشداریی سیاسیی کەمدەکاتەوە بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی خۆڕایی.
2. دەرفەتی هۆشیاری سیاسیی زیاد دەکات، بە پێشکەشکردنی زۆرترین و تازەترین زانیاریی.
3. کەناڵی جۆراوجۆر دەخاتە بەردەست بۆ بەشدارییکردنی سیاسیی، لەوانە گفتوگۆی گشتیی، دەنگدانی ئۆنلاین، بلۆگینگ.
4. پەیوەندیی و کارلێککردنی گرووپە سیاسییەکان بەهێزتر دەکات.
5. وا لە تاکەکان دەکات بە ئامانجی گشتیی بەیەکیانەوە ببەستێتەوە و ناسنامەیەکی گشتییان بۆ دروستبکات.
6. هەلی رەخساندووە بۆ فیدباکی خەڵک، ئەگەر لە پێشوودا دامەزراوەی تایبەت بۆ وەگرتن و زانینی فیدباک دامەزرابێت، ئەوا ئینتەرنێت ئەو پرۆسەیەی ئاسانتر و خێراتر کرد.

میدیای نوێ و پێگە کۆمەڵایەتییەکان و هۆکارەکانی دیکەی پەیوەندییکردن، رۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە ئاراستەکردن و دروستبوونی رایگشتییدا، ئەمەش بووەتە هۆی زیادبوونی بەشداریی

---

[1] فاطمة عبد الكاظم محد وحنان حيدر صاحب، التسويق السياسيى وتشكيل اجتاهات الراى العام يف مواقع التواصل الاجتماعى، دراسة تحليلية لصفحتى رئيسى الوزراء ومجلس النواب العراقى فى الفيس بوک (بحث مستل)، كلية الاعلام، جامعة بغداد، مجلة الباحث الاعلامى، 2018، العدد 39، ص189.

[2] ئاراز رەمەزان ئەحمەد، سەرچاوەی پێشووە، ل70.

سیاسیی لای هاووڵاتییان، بەوەش کاریگەریی راستەقینەیان لەسەر بڕیاربەدەستان دروستکردووە.[1]

یەکێکی دیکە لەو دیاردانەی کە لە سیاسەتدا باوە، بریتییە لە پەیڕەوکردنی جۆرێک لە دەستەگەریێتی، یان بە زمانی سیاسیی هاوپەیمانێتی سیاسیی لە میدیای نوێ و پێگە کۆمەڵایەتییەکاندا، بە شێوازێک هەر پارت و لایەنێک بیەوێت بازنەی پەیوەندییەکانی فراوان دەکات بە مەبەستی بەرگریکردن لە یەکتری لە کاتی هێرشە دەرەکییەکان، وەک (کۆمێنتی خراپ، سوکایەتی پێکردن، تێکدان)، لەبەر ئەوەی بە گرووپێکی گەورەتر بەرەنگاربوونەوە کاریگەرتر و سەرکەوتووتر دەبێت.[2]

لەلایەکی دیکەوە میدیای نوێ و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەلایەن پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان وەک ئامرازێک بەکاردێت بۆ بەهێزکردنی سیاسەتی خۆیان و بەدەستهێنانی لایەنگرەکانیان و سەرکەوتنیان بەسەر رکابەرەکانیاندا، تەنانەت زۆربەی سەرکردە و سەرۆکەکانی جیهان ئەکاونتی تایبەت بەخۆیان هەیە بۆ پەیوەندییکردن لەگەڵ خەڵک، بۆ نموونە سەرۆکی وڵاتانی ئەمریکا و روسیا و بەریتانیا.[3]

میدیای نوێ و پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەم ساڵانەی دواییدا رۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن کە خۆی بەشێکە لە پرۆسەی بازاڕسازیی سیاسیی، پارت و کاندیدە سیاسییەکان لە ڕێگەی سەکۆکانی پێگە کۆمەڵایەتییەکانەوە، خۆیان بۆ دەنگدەرانیان نمایش دەکەن لە پێناو بەدەستهێنانی پشتگیرییان و دروستکردنی کاریگەریی لەسەریان.

---

[1] مشتاق طلب فاضل، دور مواقع التواصل الاجتماعی فی تکوین الرأی العام المحلی، مجلة تکریت للعلوم السیاسة، العدد22، 2018، ص213.

[2] مرسی مشری، شبکات التواصل الاجتماعی الرقمیة، مجلة المستقبل العربی، بیروت، العدد 395، ص152.

(3) طه عبدالعالی نجم، العلاقة بین تعرض الشباب العومانی لوسائل الاعلام الجدید ومستوی المعرفة السیاسییة، مجلة دفتر السیاسة والقانون، عدد4، 2011، ص49.

**دووەم: پارتی سیاسیی**

زۆر پێناسە بۆ پارتی سیاسیی کراوە، هەر قوتابخانە و رێباز و ئایدۆلۆژیایەک بەدیدە جیهانییەکانی بۆ کێشەکانی کۆمەڵ پێناسەکانی داڕشتووە، بەڵام هەموویان کۆکن کە پارتی سیاسیی بەرهەمی چالاکی فکریە و یەکگرتنێکی هاوبەشە بۆ هێنانەدی ئامانجی هاوبەش.

موریس دوڤرجە نوسەری (کتێبی الاحزاب السیاسیة) بەم شێوەیە پێناسەی پارتی سیاسیی کردووە، کە "بریتییە لە کۆمەڵە خەڵکێک لەسەر بنەمای سیستمێکی هاوبەش یەکدەگرن".[1]

یان دەکرێت بەو جۆرە پێناسە بکرێت، پارتی سیاسیی ڕێکخراوێکی هەمیشەییە لە ئاستی نیشتمانی و ناوخۆییدا، بە مەبەستی گەیشتن و پیادەکردنی دەسەڵات بۆ هێنانەدی و جێبەجێکردنی سیاسەت و ئامانجێکی دیاریکراو.[2]

توێژەری ئیتاڵی جیۆڤانی سارتۆڕی (Giovanni Sartori) بەم شێوەیە پێناسەی پارتی سیاسیی دەکات "گرووپێکی سیاسیین کە بە ناوێکی رەسمی دەستنیشانکراون، لە ڕێگەی هەڵبژاردنەکانەوە خۆیان کاندید دەکەن ئامانجیان ئەوەیە بە دەسەڵات بگەن و کاندیدەکانیان سەربخەن".[3]

بەڵام لە بیری مارکسی دا پارتی سیاسیی تەنها دەربرینێکی سیاسیی چینێکی دیاریکراوە، چالاکترین ئەندامەکانی خۆی لەو چینە دیاریدەکات کە خۆی دەیەوێت، مللانێی چینەکانی دیکە دەکات و بەرژەوەندییەکانی خۆی دەپارێزێت.[4]

---

(1) موريس ديفرجيه، الأحزاب السياسية، ت: على مقلد، عبدالمحسن سعد، القاهرة، شركة الأمل والطباعة والنشر، 2011، ص2.

(2) سعاد الشرقاوى، الأحزاب السياسة، أهميتها-نشأتها-نشاطها، القاهرة، مركز بحوث البرلمانية، 2005، ص12.

(3) Wilhelm Hofmeister, Karsten Grabow70, Political Parties, Functions and Organisation in Democratic Societies, Singapore : Konrad Adenauer Stiftung, 2011, p11.

(4) سليم الزغبي، الأحزاب السياسية والبرلمان في التجربة الأردنية، في: المرشد إلى البرلمان السياسي، الأردن: مركز الأردن الجديد للدراسات، 1995، ص 82؛ جون ميلنو، الماركسية و البرلمان، مركز الدراسات الاشتراكية، ص8.

**سێیەم: پارتی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان**

مێژووی دروستبوونی پارتە سیاسییە هاوچەرخەکان دەگەڕێتەوە بۆساڵی (1850)، تا ئەو کاتە هیچ وڵاتێکی ئەم جیهانە (جگە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) نەیاندەتوانی بەمانای وشە سەردەمییەکە بزانن پارتی سیاسیی چییە، موریس دوڤرجە پێیوایە دورستبوونی پارتە سیاسییەکان بۆ دوو بنەمای سەرەکی دەگەڕێتەوە، بنەمای یەکەم بنەمای پەرلەمانی و هەڵبژاردنە، بنەمای دووەم دەرەکییە.[1]

بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی بەشێکی زۆر لە زانایانی سیاسیی و لێکۆڵەران لەسەر ئەو رایە یەکدەگرنەوە کە سەرەتای سەرهەڵدانی پارتی سیاسیی بۆ یەکەمین جار بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ چاکسازییەکانی ساڵی (1828) دەگەڕێتەوە، کاتێک (جاکسۆن) حەوتەم سەرۆکی ئەمریکا دەستیپێکرد.[2]

ئەم سیستمە حیزبییە ئەمریکییە لە چەمکی نوێدا کۆنترین سیستمی حیزبییە لە جیهاندا، ئەمەش مێژوویەکی زۆر کۆن نیە و تازەیە، بەر لەوەی پارتی سیاسیی دروست بێت مرۆڤەکان لەسەر بنەمای هۆز و عەشیرەت و خزمایەتی....هتد یەکیانگرتووە، بەڵام پارتی سیاسیی ئەم جۆرە لە یەکگرتنە کۆمەڵایەتییەی گۆری بۆ یەکگرتنێک کە لەسەر بنەمای سیستم و ئایدۆلۆژیا بێتەکایەوە و کار بۆ هێنانەدی ئامانجێکی هاوبەش بکات.

---

(1) **موریس دیفرجیە**، سەرچاوەی پێشووە، ل6.

(2) **عماد غليون، البارت السياسى، دمشق، بيت المواطن للنشر والتوزيع**، 2018، ص16.

مێژووی دروستبوونی پارتی سیاسیی  له عێراق و کوردستانیش تا رادەیەک نوێیە. له عێراق بۆ ساڵی (1908) دەگەڕێتەوە کاتێک (کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی) له بەغدا دامەزرا، بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵییەکانی ئیپراتۆڕیەتی عوسمانی کە لەو کاتەدا بڵاوبووبۆوە.[1]

له باشوری کوردستانیش یەکەمین کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسیی  بەناوی کۆمەڵەی کوردستان (جمعیة کردستان) بوو، له سالی (1922) له سلێمانی بەسەرۆکایەتی مستەفا پاشای یامولکی دامەزرا[2]. له دوای ئەوکاتەوە بە دەیان پارت و ڕێکخراوی سیاسیی دامەزراون.

لێرەدا بە کورتی پێنج پارتی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەناسێنین کە کۆمەڵی توێژینەوەکەن، سیانیان لەحکومەتدان وەک (پارتی دیموکراتیی کوردستان، یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان) دوانیشیان ئۆپۆزسیۆنن وەک (کۆمەڵی دادگەریی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان):

### 1-3: پارتی دیموکراتیی کوردستان

لە (16 ئابی ساڵی 1946) بە سەرۆکایەتی (مەلا مستەفا بارزانی) دامەزراوە. سەرەتا ناوی (پارتی دیموکراتیی کورد) بووە و لە کۆنگرەی سێیەمدا کە لە (1953/1/26)، لە شاری کەرکووک بەسترا بڕیاردرا ناوی پارت بکرێتە (پارتی دیموکراتیی کوردستان)، لە ئێستادا لەلایەن مەسعود بارزانییەوە سەرۆکایەتی دەکرێت، پارتی دیموکراتیی کوردستان بەم شێوەیە خۆی دەناسێنێت کە " پارتێکی دیموکراتیی نیشتمانییە، باوەڕی بە مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی وئازادیی تاک ومافی نەتەوەی کورد وسەرجەم نەتەوەکانی دیکە بە مافی چارەی خۆنوسین، هەیە" لە دواین

---

[1] عبدالرزاق الحسنی، تاريخ الأحزاب السياسية العراقية، دراسة تاريخييو عن الأحزاب السياسية التى تكونت فى العراق بين العامين 1918-1958، دار الرافدين للطباعة والنشر والتوزيع، 2013، ص42.

[2] مەجید سالح، مستەفا پاشا یامولکی پۆترێتی خەباتکارێکی کورد، سلێمانی، چاپخانەی شڤان، 2017، ل67.

هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان-عێراق کە لە 2018/9/30 بەڕێوەچوو، 45 کورسی پەرلەمانی لە کۆی 111 کورسی بەدەستهێنا.[1]

### 3-2: یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان

یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان کورتکراوەکەی (ی. ن. ک)ە، لە (1975/6/1) لەلایەن جەلال تاڵەبانی و هاوڕێکانیەوە دامەزراوە، لە پێگەی رەسمی خۆی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بەم شێوەیە خۆی ناساندووە، "یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان پارتێکی سۆشیال دیموکراتیی گەلی کوردستانی عێراقە، لەپێشەوەدا نوێنەری کرێکاران و ڕەنجدەرانی بیرو بازوی کۆمەڵ تێدەکۆشێت لە پێناو تەواوکردنی ئەرکەکانی ڕزگاریی نیشتمانی و سیستەمی دیموکراسی سیکۆلار، بیناتنانی کۆمەڵی پێشکەوتووی گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی ئێستای دنیادا، درێژەی خەباتە نەپساوەکەی بگاتە وەدیهێنانی یەکسانیی کۆمەڵایەتیی، بۆ ئەوەی بتوانێت تەبا لەگەڵ بنەماکانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی هاوسەنگ کە خۆی لە دابینکردنی خۆشگوزەرانی، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، مافەکانی تاک، یەکسانی ژن و پیاو، یەکسانی لەبەردەم یاسادا ببینێتەوە"[2]. لە دواین هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان-عێراق کە لە (2018/9/30) بەڕێوەچوو، 21 کورسی پەرلەمانی لە کۆی 111 کورسی بەدەستهێنا.

### 3-3: بزوتنەوەی گۆڕان

لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە دامەزراوە، مێژووی راگەیاندنی بزوتنەوەی گۆڕان وەک رێکخراوێکی سیاسیی دەگەڕێتەوە بۆ (31-5-2010) کاتێ لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی فەرمی وەرگرت. لە پێگەی رەسمی خۆیان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بەم

---

[1] پوختەیەک دەربارەی پارتی دیموکراتی کوردستان
https://www.kdp.info/p/p.aspx?p=6&l=13&s=010000&r=347 (2022-4-4)

[2] یەکێتی نیشتیمانی کوردستان https://www.puknow.com/about?section=15 (2022-4-4)

شێوەیە خۆیان ناساندووە، "بزوتنەوەی گۆڕان ڕێکخراوێکی سیاسیی خاوەن کەسێتیی مەعنەوییە، لە گردبونەوەی ئارەزومەندانەی ئەو هاوولاتییانە پێکدێ کە لە دەوری بەرنامەی سیاسیی و پەیڕەوی ناوخۆی بزوتنەوەی  گۆڕان کۆبونەتەوە. شوێنی چالاکیی بزوتنەوەی گۆڕان هەرێمی کوردستان و عێراق و هەر جێیەکی دیکەیە کە هاوولاتییانی کوردستانی لێ بێ. لە دواین هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان-عێراق کە لە 2018/9/30 بەڕێوەچوو، 12 کورسی پەرلەمانی لە کۆی 111 کورسی بەدەستهێنا".[1]

### 3-4: کۆمەڵی دادگەریی کوردستان

کۆمەڵی دادگەریی لە ٢٠٠١/٥/٣١ دروستبووە، لە سەرەتای درووستبوونی هەتاوەکو (٢٠٢١/٢/١٩) ناوی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان بووە، بەڵام لە کۆنگرەی چوارەمی پارتەکە ناوەکەی گۆڕدرا بۆ کۆمەڵی دادگەریی کوردستان، سەرۆکی پارتەکە (عەلی باپیر)ە و پەیڕەوی پرۆگرامی سوننەی ئیسلامیی دەکات، پارتەکە و سەرۆک و ئەندامەکانی پێشتر لە ناو بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستاندا بوون، بەڵام لە (ئایاری ٢٠٠١) بە هۆی ناکۆکی لە بیرکردنەوە، عەلی باپیر جیابوونەوەی خۆی ڕاگەیاند، لە دواین هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان-عێراق کە لە (2018/9/30) بەڕێوەچوو لە کۆی (111) کورسی کۆمەڵی دادگەریی 7 کورسی پەرلەمانی بەدەستهێنا.[2]

### 3-5: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان

لەساڵی (1994) لەلایەن سەلاحەین محەممەد بەهادین و چەند هاوڕێیەکیەوە دامەزراوە، لە پێگەی ڕەسمی خۆیان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بەم شێوەیە خۆیان ناساندووە، "یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان پارتێکی نیشتیمانیی کوردستانییە، لە پێناو جێگیرکردنی بەها بنەڕەتیەکانی ئازادیی و

[1] بزوتنەوەی گۆڕان، ئێمە کێین: https://www.gorran.net/about.aspx?jimare=1 (2022-4-4)
[2] کۆمەڵی دادگەریی کوردستان: https://zaniary.com/blog/60f1720cd7ef1 (2022-4-3)

برایەتیی و دادپەروەریی، بە مەرجەعیەتی ئیسلامیی و لە سەر بنەمای هاوولاتییبوون، خەبات دەکات بۆ گەیشتن بە کوردستانێکی ئازاد و پێشکەوتوو، یەکگرتوو لە سەر بنچینەی پێکەوە گرێدانی چەمکەکانی (ئیسلام ، مرۆڤایەتیی ، نیشتمان ، نەتەوە) پێکهاتەو بنەمای فیکریی و ستراتیژ و ئامانج و پرۆگرامی پێگەیاندن و دیسپلینە رێکخراوەییەکانی دیاری دەکات"[1]. لە دواین هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان-عێراق کە لە (2018/9/30) بەڕێوەچوو، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان 5 کورسی پەرلەمانی لە کۆی 111 کورسی بەدەستهێنا.

### چوارەم: گرنگی بازاڕسازیی سیاسیی بۆ پارتە سیاسییەکان

وەک چۆن کۆمپانیا و دامەزراوە بازرگانییەکان، پێویستییان بە بازاڕسازیی هەیە بۆ ئەوەی پشکێکی گەورەی بازاڕ بەدەست بهێنن بەمەبەستی قازانجێکی زۆر و گەورەکردن و فراونکردنی سنووری کارو چالاکییەکانیان و بەردەوامییدان بە مانەوەیان، بە هەمانشێوە پارتە سیاسییەکانیش پێویستییان بە بازاڕسازیی هەیە بۆ رەوایەتییدان بە خۆیان و پەیام و سەرکردە سیاسییەکانیان لەناو ئەندامان و دەنگدەرانیاندا.

لە بازاڕسازیی سیاسییدا هەمان بنەما و شێوازەکانی بازاڕسازیی بازرگانیی پەیڕەو دەکرێت لە هەڵمەتە سیاسییەکاندا، کە لەلایەن پارت و سەرکردە سیاسییەکانەوە ئەنجام دەدرێت، بە چەند رێگەیەک کە بریتین لە شیکردنەوە بۆ دۆخ و بازاڕی سیاسیی و پلاندانان و جێبەجێکردنی هەڵمەتە سیاسییەکان، هەروەها ئاگاداربوون لە خواست و پێویستییەکانی دەنگدەران و بەدیهێنانی خواستەکانیان.[2]

---

[1] یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان: http://www.yakgrtw.net/ku/about (2022-3-29)

[2] عبدالكريم فهدالسارى، سؤدد فؤاد الألوسى: الإعلام والتسويق السياسى والانتخابى، عمان، الاردن، دار أسامة للنشر والتوزيع، 2103،

دەكرێت گرنكی بە بازاڕسازیی سیاسیی بۆ پارت و دامەزراوە سیاسییەكان لەو خاڵانەی خوارەوەدا كۆبكەینەوە[1]:

یەكەم: بازاڕسازیی سیاسیی كۆمەڵێک زانیاریی گرنگ بۆ پارتە سیاسییەكان كۆدەكاتەوە لە بارەی ئەو جەماوەرەی لەلایەن پارتەكان بە ئامانج گیراون، ئەوەش لە پێناوی ئەوەی كە چۆن بتوانرێت كاریگەرییان لەسەر دروستبكرێت بۆ ئەوەی پشتگیرییان بەدەستبهێنرێت.

دووەم: ئەوانەی كە كاندیدن دەكەونە دۆخێک كە دەبێت بەڵێنی جۆراوجۆر بە دەنگدەرانیان بدەن، بەڵام ئایا كە دەردەچن دەتوانن ئەو بەڵێنانە جێبەجێ بكەن؟، یەكێک لە گرنگییەكانی بازاڕسازیی سیاسیی ئەوەیە كە پارت و كاندیدە سیاسییەكان فێردەكات چۆن وەڵامی دەنگدەران بدەنەوە، چۆن بارودۆخەكان هەڵبسەنگێنن و ئاراستەی بكەن.

سێیەم: لەیەكچوونێكی زۆر هەیە لە نێوان چالاكی سیاسیی و چالاكی بازرگانییدا، بازاڕسازیی لە هەردووكیاندا كۆمەڵێک بەڵێن لەخۆی دەگرێت، سیاسییەكان لە هەڵمەتەكانی بانگەشەی هەڵبژاردن كۆمەڵێک بەڵێن دەدەن بەو دەنگدەرانەی كە بە ئامانجیان گرتوون، وە زۆر جاریش ئەو بەڵێنانە دژ بە یەک دەردەچن، ئەگەر ئەو بەڵێنانە بەڵێنی راستەقینە نەبن ئەوا بازاڕسازیی سەركەوتوو نابێت، بۆیە بازاڕسازیی هەوڵدەدات بزانێت چ بەڵێنێک بە دەنگدەران دەدرێت بۆ ئەوەی ئەو بەڵێنانە بەڵێنی واقیعی بن و لەگەڵ خواستی هاووڵاتییانیش یەكبگرێتەوە.

بازاڕسازیی سیاسیی تەنها لەو چوارچێوەیەدا خۆی نابینێتەوە كە تەنها بازاڕ بۆ پارتە سیاسییەكان بسازێنێت، بەڵكو ئەو پرۆسەیە لەسەر سێ ئاستی جیا ئەنجام دەدرێت، كە بریتین لە[2]:

---

[1] د. عبدلله جاد محمود واخرون، سەرچاوەی پێشووە، ل 892.

[2] **علی سعدی عبدالزهرة جبير، التسويق السياسی: المفهوم والأبعاد، مجلة مدرات للعلوم والإنسانية تصدر عن المركز الجامعی غليزان – الجزائر، العدد 03، 2020، ص616.**

**یەکەم/ بەبازاڕکردنی پارت و دامەزراوە سیاسییەکان**: چالاکییەکە بە مەبەستی پێشخستن و گەشەکردنی دامەزراوە و پارتە سیاسییەکان ئەنجام دەدرێت، ئەوەش لەپێناو ئەوەی لایەنگرانی ئەو پارتانە زانیاریی تەواویان هەبێت لە بارەی پارتەکەیان و پەیام و ئامانجەکانی، بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە پشتگیرییکردنی و هەروەها دروستکردنی پەیوەندیی لەنێوان پارت و دەنگدەرەکانیدا.

**دووەم/ بەبازاڕکردنی کەسیی**: بریتییە لە بەبازاڕکردنی کەسێک یان سەرکردەیەکی سیاسیی یان کاندیدێک، لە پێناو نوێنەرایەتی کردنی دەزگاکانیان خۆ هەڵبژاردنیان بۆ پلە و پۆستە جیاوازەکان، بەبازاڕکردنی کەسیی بریتییە لە کۆمەڵێک چالاکی کەسیی کە لە چوارچێوەی سیاسەت و پلانی پارتەکە ئەنجام دەدرێت، هەروەها ئامادەکردن و راهێنانی ئەو کەسانەیە کە کاندیدکراون بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەستبهێنن لە ڕێگای دابینکردنی پێداویستییە مادی و مەعنەوییەکانیان، فێربکرێن بۆ ئەوەی چۆن کاریگەریی لەسەر هەڵوێست و سۆزی دەنگدەران دروستبکەن.

**سێیەم/ بەبازاڕکردنی فکر**: بریتییە لە داگیرکردنی مەودای بیرکردنەوەی بەرامبەرەکانت و سەرنجراکێشانیان بۆ ئەو بابەتەی کە تۆ دەتەوێت لە پێناو جێبەجێکردنی ئەو بەرنامە سیاسییەی کە هەتە و رازیکردنی بەرامبەرەکانت بۆ قبوڵکردنی ئەو بەرنامەیە.

بەرێوەبردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن گرنگی زۆری بۆ پارتە سیاسییەکان هەیە و یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی پرۆسەی بازاڕسازیی سیاسیی، کە بەگشتی ئامانجی سەرەکی گۆڕینی بۆچوونی دەنگدەرە بە ئاڕاستەی دەنگدان لە بەرژەوەندی پارت و کاندیدێکی دیارییکراو. ئەگەر لە ڕابردوودا دەنگدەر لەسەر بنەمای پەیوەستی ئایدۆلۆژی و ئایینی و نەتەوەیی دەنگی دابێت ئەوا لە ئێستادا لە وڵاتانی دیموکراسی چەندین بابەتی دیکەی وەک پەروەردە و ئابووری و بەرژەوەندی سیاسیی پاڵنەری دەنگدەرە.

سەرکەوتنی هەر پرۆسەیەکی بازارِسازیی بەندە بەوەی ئەو بەرهەمە سیاسییەی کە پێشکەش دەکرێت، تا چەند بەرهەمێکی باش و دروستە، ئایا ئەو بەرهەمە لەگەڵ خواست و ویستی هاوولاتییاندا دەگونجێت، ئەگەر گونجا ئەوکات چالاکی بازارِسازیی ئاسانتر دەبێت و ئەگەری سەرکەوتنیشی زیاتر دەبێت.

# بەشی سێیەم: لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە

## دەرخستنی رۆڵی میدیای نوێ لە بازاڕسازیی سیاسیی بۆ پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان

**یەکەم: پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان**

**دووەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەی خشتەکان**

# بەشی سێیەم: لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە

## دەرخستنی رۆڵی میدیای نوێ لە بازاڕسازیی سیاسیی

## بۆ پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان

### یەکەم: پێگەی ئەلیکترۆنی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان

لەگەڵ دەرکەوتن و گەشەکردنی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان بەشێکی زۆر لە دەزگاکانی راگەیاندن پێگەی ئەلیکترۆنی تایبەت بەخۆیان دروستکرد، لەو نێوانەشدا زۆربەی تەلەفزیۆنە کوردییەکان خاوەنی پێگەی ئەلیکترۆنین، کە هەواڵ و بەرنامەو پەیامەکانی خۆیانی تێدا بڵاودەکەنەوە.

دەزگا راگەیاندنە نەریتییەکانی وەک رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆن، بە هاتنی ئینتەرنێت هەوڵیاندا پێگەی خۆیان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت دابمەزرێنن و لە ئێستادا زۆربەی رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان شانبەشانی دەزگاکانیان، خاوەنی پێگەی ئەلیکترۆنی تایبەت بە خۆیانن و جگە لە مادە بڵاوکراوەکانی دەزگاکانیان، هەندێکیان خزمەتگوزاریی هەواڵی و بابەتی دیکەش لە پێگەکەیاندا بڵاودەکەنەوە، هەروەها بەشێکی دیکە لە دەزگاکانی راگەیاندن تەنها پێگەی ئەلیکترۆنییان هەیە و وەک ئۆنلاین میدیا کاردەکەن و لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاودەبنەوە، وەک رۆژنامە ئەلیکترۆنییەکانی لە نمونەی (هاڤینگتۆن پۆست Huffington و ئیندیپێندێنتIndependent) ، دوای راگرتنی چاپی کاغەزی (ئیلاف، مەکتوب، سبەی، خەندان، شارپرێس، ئاوێنە).[1]

---

[1] بەرهەم خالید ئەحمەد، سەرچاوەی پێشووە، ل58.

پارته سیاسییەکان پێگە ئەلیکترۆنییەکان بۆ چەند مەبەست و ئامانجێک بەکاردەهێنن کە هەوڵی بەدیهێنانی دەدەن، لەوانە[1]:

1. پێدان و بڵاوکردنەوەی زانیاریی دەربارەی سیاسەتی پارت و ڕێساکانی.
2. کەمپەینی هەڵبژاردن، هەوڵدەدات زۆرترین دەنگدەر بەدەستبهێنێت.
3. دروستکردنی نەوەی نوێ و زیادکردنی ئەندامی تازە بۆ پارت.
4. دروستکردنی پەیوەندیی و بەهێزکردنی ئەو پەیوەندییە لەناو پارت و لەگەڵ دامەزراوەکانی دەرەوە.
5. هاندانی خەڵک بۆ بەشدارییکردنی سیاسیی و بەشدارییکردنیان لە پرسە سیاسییەکان و بۆنە و چالاکییەکانیان بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی کارلێککراو.

هەموو کەناڵێکی میدیایی (تەلەفزیۆن، رادیۆ، رۆژنامە، پێگەی ئەلیکترۆنیی..هتد) خاوەنی سیاسەتی تایبەت بە خۆیانن و ئامانجێکی دیاریکراویان هەیە، پلانی کارکردنیشیان بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجەیە، بەو پێیەی ئەم توێژینەوەیە کارلەسەر رۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکان بۆ بازاڕسازیی سیاسیی دەکات بە دیاریکراویش پێنج پێگەی ئەلیکترۆنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی سەر بە (پارتی دیموکراتیی کوردستان، یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان، کۆمەڵی دادگەریی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان) کە بریتین لە (کوردستان تی ڤی، گەلی کوردستان، کەی ئێن ئێن، پەیام، سپێدە)، لێرەدا بە کورتی دەیانناسێنین:

1-1: کوردستان تیڤی

دامەزراوەیەکی میدیایی سەر بە پارتی دیموکراتیی کوردستانە و بارەگای سەرەکییان لە شاری هەولێرەو لە ساڵی (1999) دامەزراوە، لە پیگەکەیان بەم جۆرە خۆیان ناساندووە "دەزگای

[1] ئاراز رەمەزان ئەحمەد، سەرچاوەی پێشووە، ل75.

سەتەلایتی کوردستان دەزگایەکی راگەیاندن و رۆشنبیری کوردستانییە و پەیڕەوی بیری نیشتیمانیی و نەتەوەیی و دیموکراتیی و دادپەروەریی و کۆمەڵایەتییە، پەیامی دەزگاکە پتەوکردن و پێشخستنی ئەو دەستکەوتانەیە کە بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان بە دەستیهێناون"[1]. پێگەی ئەلیکترۆنی کەناڵەکە بریتییە لە (www.kurdistantv.net).

1-2: کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان

کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان یەکێکە لە دامەزراوە میدیاییەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، بەپێی ئە ناساندنەی کە لە پێگەی ئەلیکترۆنیی تایبەت بە خۆیان نوسیویانە، گرنگی دەدات بەوهەواڵ و زانیارییانەی کە خزمەت بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکات، نێردراوی لەزۆربەی شارەکانی کوردستان و عیراق و وڵاتانی ناوچەکەو جیهان هەیە، لە (١١-٩-١٩٩١)، وەک یەکەم کەناڵی کوردیی دوای ڕاپەڕین پەخشی ناوخۆیی لەشاری سلێمانی دەستپێکرد، لە (1-6-2008)، پەخشی ئاسمانی کەناڵی گەلی کوردستان بە هەردوو شێوەزاری (سۆرانی، کورمانجی) دەستپێکرد[2]. ئەم کەناڵە پێگەی ئەلیکترۆنی تایبەت بە خۆی هەیە (www.gksat.tv) هەواڵ و بەرنامەکانی تێدا بڵاودەکرێتەوە.

1-3: کەناڵی ئاسمانی کەی ئێن ئێن

کەی ئێن ئێن یان تۆڕی هەواڵی کوردیی( Kurdish News Network- KNN) ، ساڵی (2008) وەک کەناڵێکی سەر بە کۆمپانیای وشە بۆ کاری راگەیاندنی کوردیی سەربەخۆ دامەزرا، بەڵام بەپێی راسپاردەی کۆنگرەی یەکی بزوتنەوەی گۆڕان لەساڵی (2014) کرایە بەشێک لە پرۆژەی سیاسیی بزوتنەوەکە، کەناڵی کەی ئێن ئێن گرنگی بە کاروباری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی دەدات و رومالّی پرسە هەنووکەییەکان دەکات، بارەگای سەرەکی کەناڵەکە لەگردی زەرگەتەی شاری

---

[1] دەربارەی کەناڵی کوردستان https://kurdistantv.net/ku/about-us (2022-4-26)

[2] کەناڵی گەلی کوردستان: https://www.gksat.tv/about.aspx (2022-4-26)

سلێمانی هەرێمی کوردستانە[1]. (www.knnc.net) ناونیشانی پێگەی ئەلیکترۆنی کەناڵی کەی ئێن ئێنە.

1-4: کەناڵی ئاسمانی پەیام

بنکەی سەرەکی لە شاری سلێمانییە لە باشوری کوردستان، کەناڵێکی هەواڵی سیاسییە و گرنگی دەدات بە ڕوماڵی ڕوداوە گەرمەکان، هاوکات گرنگی بە بەشی وەرزش دەدات و بەرنامە و گەشتی هەواڵی تایبەتی هەیە. کەناڵی پەیام بەشێکە لە تۆڕی میدیای کۆمەڵ و لە لایەن کۆمەڵی دادگەریی کوردستان پشتگیریی دەکرێت و لە ساڵی (2008) دامەزراوە[2]. پێگەی ئەلیکترۆنی کەناڵی پەیام (www.payam.net).

1-5: کەناڵی ئاسمانی سپێدە

دامەزراوەیەکی میدیایی سەر بە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانە لە ساڵی (2008) دامەزراوە، لە پێگە ئەلیکترۆنییەکەیاندا بەم شێوەیە خۆیان ناساندووە، "دەزگایەکی ڕاگەیاندنی کوردستانیە ، گرنگی بە روداو و هەواڵ و کێشەکانی خەڵک و کولتوری کوردیی و پاراستنی ناسنامەی نیشتیمانیی و نەتەوەیی خەڵکی کوردستان دەدات"[3]. ناونیشانی پێگەی ئەلیکترۆنی کەناڵی سپێدە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بریتییە لە (www.speda.net).

---

(1) دەربارەی کەناڵی کەی ئێن ئێن: https://www.knnc.net/about.aspx (2022-4-26)

(2) کەناڵی ئاسمانی پەیام: /https://www.peyam.net (2022-4-26 )

(3) کەناڵی ئاسمانی سپێدە: http://www.speda.net/index.php/ku/ku-bout (2022-4-26)

## دووەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەی خشتەکان

## تەوەری یەکەم: زانیاریی تایبەتیی

خشتەی (2)ڕەگەز ڕووندەکاتەوە

| ڕەگەز | دووبارە بوونەوەکان | % | پلە |
|---|---|---|---|
| نێر | 246 | 77.6 | یەکەم |
| مێ | 71 | 22.4 | دووەم |
| **کۆی گشتی** | 317 | 100 | |

لە خشتەی ژمارە (2)دا دەردەکەوێت بەرزترین ئاستی تەمەن لە سامپڵی ئەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە ڕەگەزی نێر و ڕێژەی (77.6%) پێکدەهێنن، لە کاتێکدا ڕەگەزی مێ ڕێژەی (22.4%) پێکدەهێنن، بەو پێیەش ڕێژەی ڕەگەزی نێر لە دامەزراوەکانی هەڵبژاردن و ڕاگەیاندنی پارتە سیاسییەکان بە بەراورد بە ڕەگەزی مێ زیاترە.

خشتەی (3) تەمەنی بەرتوێژان ڕووندەکاتەوە

| تەمەن | دووبارە بوونەوەکان | % | پلە |
|---|---|---|---|
| 25 – 34 ساڵ | 160 | 50.5 | یەکەم |
| 35 – 44 ساڵ | 96 | 30.3 | دووەم |
| 45 – 54 ساڵ | 48 | 15.1 | سێیەم |
| گەورەتر لە ٥٤ ساڵ | 13 | 4.1 | چوارەم |
| **کۆی گشتی** | **317** | **100** | |

**لە خشتەی ژمارە (3)دا** ئەنجامەکان دەریدەخەن، کە زۆربەی بەرتوێژان تەمەنیان لە نێوان (25–34 ساڵ) دایە ڕێژەی (50.5%) پێکدەهێنن و لە پلەی یەکەمدا دێت، هەروەها تەمەنی نێوان (35–44) بە ڕێژەی (30.3%) لە پلەی دووەمدا دێت، هەروەها ئەو بەرتوێژانەی کە تەمەنیان لە نێوان (45–54) ساڵاندایە بە ڕێژەی (15.1%) لە پلەی سێیەمدایە، ئاستی تەمەنی (54 ساڵ و زیاتر) بە ڕێژەی (4.1%) لە پلەی چوارەمدا دێت.

ئەو ئەنجامەش ئەوە دەردەخات کە زۆرینەی ئەو کەسانەی لە دامەزراوەکانی تایبەت بە هەڵبژاردن و راگەیاندنی پارتە سیاسییەکان کاردەکەن لە تەمەنێکی پێگەیشتوودان و گەنجن.

**خشتەی (4) بڕوانامەی بەرتوێژان رووندەکاتەوە**

| بڕوانامە | دووبارە بوونەوەکان | % | پلە |
|---|---|---|---|
| سەرەتایی | 2 | 0.6 | حەوتەم |
| ناوەندیی | 18 | 5.7 | پێنجەم |
| ئامادەیی | 36 | 11.4 | سێیەم |
| دبلۆم (پەیمانگا) | 78 | 24.6 | دووەم |
| بەکالۆریۆس | 156 | 49.2 | یەکەم |
| دبلومی باڵا | 3 | 0.9 | شەشەم |
| ماستەر | 21 | 6.6 | چوارەم |
| دکتورا | 3 | 0.9 | شەشەم |
| **کۆی گشتی** | **317** | **100** | |

وەک لە خشتەی ژمارە (4) دا روونکراوەتەوە زۆرینەی بەرتوێژان هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسن بە رێژەی (49.2%) لە پلەی یەکەمدا دێت، هەروەها بڕوانامەی دبلۆم بە رێژەی (24.6%) لە پلەی دووەمدا دێت، دواتر لە پلەی سێیەمدا بڕوانامەی ئامادەیی دێت بە رێژەی (11.4%)، هەروەها بڕوانامەی ماستەر بە رێژەی (6.6%) لە پلەی چوارەمدا دێت، دواتر بڕوانامەی ناوەندیی لە پلەی پێنجەمدا دێت بە رێژەی (5.7%)، هەروەها هەردوو بڕوانامەی دبلۆمی باڵا و دکتۆرا هەریەکەیان بە رێژەی (0.9%) لە پلەی شەشەمدا دێن، بڕوانامەی سەرەتایی بە رێژەی (0.6%) لە پلەی حەوتەمدا دێت. بەو پێیەش زۆرینەی ئەو کەسانەی کە لە دامەزراوەکانی هەڵبژاردن و راگەیاندنی پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان کاردەکەن هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسن.

**خشتەی (5) پارێزگا ڕووندکاتەوە**

| پلە | % | دووبارە بوونەوەکان | پارێزگا |
|---|---|---|---|
| دووەم | 18.6 | 59 | هەولێر |
| یەکەم | 70.0 | 222 | سلێمانی |
| چوارەم | 5.4 | 17 | دهۆک |
| سێیەم | 6.0 | 19 | هەڵەبجە |
| | 100 | 317 | **کۆی گشتی** |

لە خشتەی ژمارە (5) دا ئەوە دەردەکەوێت **کە** زۆرینەی بەرتوێژان لە سنوری پارێزگای سلێمانین بە ڕێژەی (18.6%) لە پلەی یەکەم دێت، هەروەها پارێزگای هەولێر لە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی (18.6%)، پارێزگای هەڵەبجە لە پلەی سێیەم دێت بە ڕێژەی(6.0%)، هەروەها پارێزگای دهۆک بە ڕێژەی (5.4%) لە پلەی چوارەم دێت، هۆکاری ئەوەی کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە لە سلێمانییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بارەگای سەرەکی دامەزراوەکانی هەڵبژاردن و ڕاگەیاندنی پارتە سیاسییەکانی (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی دادگەری کوردستان) لە سلێمانین.

**خشتەی (6) کادری حیزبی ڕووندەکاتەوە**

| کادری حیزبی | دووبارە بوونەوەکان | % | پلە |
|---|---|---|---|
| پارتی دیموکراتی کوردستان | 87 | 27.4 | یەکەم |
| یەکێتی نیشتمانی کوردستان | 74 | 23.3 | دووەم |
| بزوتنەوەی گۆڕان | 56 | 17.7 | سێیەم |
| کۆمەڵی دادگەریی کوردستان | 56 | 17.7 | سێیەم |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | 44 | 13.9 | چوارەم |
| **کۆی گشتی** | 317 | 100 | |

ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (6) ئەوە دەردەخەن زۆرینەی بەرتوێژان بە پێی ئەم خشتەیە بریتییە لە کادرانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە ڕێژەی (27.4%) لە پلەی یەکەم دێت، دوای ئەو لە پلەی دووەم یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دێت بە ڕێژەی (23.3%)، هەروەها بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی دادگەریی کوردستان هەریەکەیان بە ڕێژەی (17.7%) لە پلەی سێیەم دێن، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە ڕێژەی (13.9%) لە پلەی چوارەم دێت، توێژەر کادرانی پارتە سیاسییەکانی لە دامەزراوەکانی هەڵبژاردن و ڕاگەیاندنی بە گشتی وەرگرتووە، هەر بۆیە زۆری ڕێژەی کادرانی پارتی و یەکێتی لەناو نمونەی توێژینەوەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ژمارەی کادر و کارمەندانی ئەو دوو پارتە لەناو دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و هەلبژاردن بە بەراورد بە پارتەکانی دیکە زیاترە.

## تەوەری دووەم: بەکارهێنانی میدیای نوێ و پێگە ئەلیکترۆنییەکان (وێب سایتەکان).

**خشتەی (7) ئاستی بایەخی بەرتوێژان بە میدیای نوێ**

| بایەخدان بە میدیای نوێ | دووبارە بوونەوەکان | % |
|---|---|---|
| زۆر | 15 | 4.7 |
| تارادەیەک | 145 | 45.7 |
| کەم | 157 | 49.5 |
| کۆی گشتی | 317 | 100 |
| ناوەندە ژمێرەیی | 2.45 | |
| لادانی پێوەریی | 0.59 | |

بەپێی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (7)، زۆرینەی بەرتوێژان بە رادەی (تارادەیەک) بە رێژەی (45.7%) بایەخ بە میدیای نوێ دەدەن، هەروەها بە رێژەی (49.5%)ی بەرتوێژان بە ڕادەی (کەم) بایەخ بە میدیای نوێ دەدەن و تەنها رێژەی (4.7%) بە ڕادەی زۆر بایەخ بە میدیای نوێ دەدەن.

ئەوەش خراوەتەڕوو کە ناوەندیی ژمێرەیی (2.45) بووە و لادانی پێوەریی (0.59) بووە، ئەوە دەریدەخات کە زۆرینەی ئەو کەسانەی لە دامەزراوەکانی پەیوەست بە راگەیاندن و هەڵبژاردنی پارتە سیاسییەکان کاردەکەن لە ئاستێکی بەرزدا بایەخیان بۆ میدیای نوێ هەیە، چونکە بەپێی پێوانەی لیکەرتی سیانی (**مقياس ليكارت الثلاثي**)* ناوەندە ژمێرەیی (2.45) بە ئاستی زۆرە، واتە بەرتوێژان زۆر بایەخ بە میدیای نوێ دەدەن، بڕوانە خشتەی ژمارە (7).

* پێوانەی لیکەرتی سیانی (مقياس ليكارت الثلاثي) پێوانەکان بەم شێوەیە دیاریکراوە: "1–1.66 نزم، 1.67–2.33 ناوەند، 2.34 – 3 بەرز"

**خشتەی (8) ئاستی بەکارهێنانی میدیای نوێ لای بەرتوێژان بەپێی کاتژمێر**

| بەکارهێنانی میدیای نوێ بەپێی کاتژمێر | دووبارە بوونەوەکان | % |
|---|---|---|
| کەمتر لە کاتژمێرێک | 23 | 7.3 |
| 1 – 2 کاتژمێر | 116 | 36.6 |
| 3 – 4 کاتژمێر | 111 | 35.0 |
| 5 – 6 کاتژمێر | 32 | 10.1 |
| زیاتر لە 6 کاتژمێر | 35 | 11.0 |
| کۆی گشتی | 317 | 100 |

لە خشتەی ژمارە (8) ئەوە دەردەکەوێت کە بەشێوەیەکی گشتی رۆژانە بەرتوێژان کات تەرخاندەکەن بۆ بەکارهێنانی میدیای نوێ بەڵام بە ئاستی جیاواز، زۆرینەی بەرتوێژان رۆژانە (1-2 کاتژمێر) میدیای نوێ بەکاردەهێنن بە رێژەی (36.6%) کە بەرزترین ئاستە، هەروەها بە رێژەی (35.0%)ی بەرتوێژان رۆژانە (3-4 کاتژمێر) تەرخاندەکەن بۆ بەکارهێنانی میدیای نوێ کە دووەم ئاستە، هەروەها بە رێژەی (11.0%) (زیاتر لە 6 کاتژمێر) لە رۆژێکدا تەرخاندەکەن بۆ بەکارهێنانی میدیای نوێ کە سێیەم ئاستە، بە رێژەی (10.1%)ی بەرتوێژان رۆژانە (5-6 کاتژمێر) تەرخاندەکەن بۆ بەکارهێنانی میدیای نوێ کە چوارەم ئاستە، لە کاتێکدا نزمترن ئاستی کات تەرخانکردن بۆ میدیایی نوێ بریتییە لە (کەمتر لە کاتژمێرێک) بە رێژەی (7.3%)، بڕوانە خشتەی ژمارە (8).

**خشتەی (9) بەکارهێنانی پێگەی ئەلیکترۆنییە کوردیەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان (وێب سایتەکان)**

| % | دووبارە بوونەوەکان | بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردیەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان |
|---|---|---|
| 18.3 | 58 | زۆر |
| 59.9 | 190 | تارادەیەک |
| 21.8 | 69 | کەم |
| 100 | 317 | کۆی گشتی |
| 2.03 | | ناوەندە ژمێرەیی |
| 0.63 | | لادانی پێوەریی |

بەپێی ئەنجامەکانی ئەم خشتەی ژمارە (9)، بەرێژەی (59.9%)ی بەتوێژان تارادەیەک پێگەی ئەلیکترۆنیە کوردییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان (وێب سایتەکان) بەکاردەهێنن، هەروەها بەرێژەی (21.8%) بە ڕادەی کەم پێگەی ئەلیکترۆنیە کوردییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان ( وێب سایتەکان ) بەکاردەهێننن، لە کاتێکدا تەنها بەرێژەی (18.3%) زۆر پێگە ئەلیکترۆنیە کوردییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان (وێب سایتەکان) بەکاردەهێنن.

هەروەها ناوەندە ژمێرەیی بریتییە لە (2.03) و لادانی پێوەریی بریتییە لە (0.63)، ئەو ئەنجامە دەریدەخات کە زۆرینەی ئەو کەسانەی لە دامەزراوەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردن و ڕاگەیاندنی پارتە سیاسییەکان کاردەکەن، لە ئاستی ناوەندا تارادەیەک پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بەکاردەهێنن، بڕوانە خشتەی ژمارە (9).

**خشتەی (10) ڕادەی بەکارهێنانی پێگەی ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان لای بەرتوێژان لەماوەی 24 کاتژمێردا**

| بەکارهێنانی پێگەی ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان | دووبارە بوونەوەکان | % |
|---|---|---|
| کەمتر لە کاتژمێرێک | 75 | 23.7 |
| 1 – 2 کاتژمێر | 145 | 45.7 |
| 3 – 4 کاتژمێر | 64 | 20.2 |
| 5 – 6 کاتژمێر | 23 | 7.3 |
| زیاتر لە 6 کاتژمێر | 10 | 3.2 |
| کۆی گشتی | 317 | 100 |

بەپێی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (10)، لەماوەی 24 کاتژمێردا واتە لە شەو ڕۆژێکدا, بەرێژەی (45.7%) زۆرینەی بەرتوێژان (1–2 کاتژمێر) تەرخاندەکەن بۆ بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنیەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان کە لە پلەی یەکەمدا دێت، هەروەها ڕێژەی (23.7%) بەرتوێژان کەمتر لە کاتژمێرێک تەرخاندەکەن بۆ بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان و لە پلەی دووەمدا دێت، لە کاتێکدا ڕێژەی (20.2%) ی بەرتوێژان (3–4 کاتژمێر) پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بەکاردەهێنن و لە پلەی سێیەمدا دێت، هەروەها ڕێژەی (7.3%) ی بەرتوێژان لە شەو و ڕۆژێکدا (5–6 کاتژمێر) پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بەکاردەهێنن، نزمترین ئاستی بەکارهێنانیش بریتییە لە (زیاتر لە 6 کاتژمێر) بە ڕێژەی (3.2%).

ئەوەش ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە زۆرینەی کادرانی دامەزراوەکانی هەڵبژاردن و ڕاگەیاندنی پارتە سیاسییەکان لەماوەی 24 کاتژمێردا واتە لە شەو ڕۆژێکدا تەنها (1–2 کاتژمێر) تەرخاندەکەن بۆ بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنیەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (10).

**خشتەی (11) ئەو بابەتانەی کە بەرتوێژان حەز بە تەماشاکردنی دەکەن لە پێگەی ئەلیکترۆنییەکان ( وێب سایتەکان)**

| بابەت | دووبارە بوونەوەکان | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| موزیک و فلیم | 67 | 21.1 | دووەم |
| بابەتی کۆمەڵایەتیەکان | 141 | 44.5 | یەکەم |
| وەرزش | 27 | 8.5 | چوارەم |
| ئاینی | 19 | 6.0 | پێنجەم |
| سیاسەت | 53 | 16.7 | سێیەم |
| ئابووریی | 3 | 0.9 | حەوتەم |
| تەکنەلۆژیی | 2 | 0.6 | هەشتەم |
| خۆشباری و کاتبەسەربردن | 5 | 1.6 | شەشەم |
| کۆی گشتی | 317 | 100 | |

بە پێی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (11) ئەوە ڕووندەبێتەوە کە زۆرینەی بەرتوێژان بە ڕێژەی (44.5%) حەز بە تەماشاکردنی (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان) دەکەن لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان و پلەی یەکەمی گرتووە، هەروەها لە پلەی دووەمدا (موزیک و فیلم) هاتووە بە ڕێژەی (21.1%) بەرتوێژان تەماشای دەکەن، لە کاتێکدا بابەتی (سیاسەت) لە پلەی سێیەمدا هاتووە بە ڕێژەی (16.7%) بەرتوێژان تەماشای دەکەن، دواتر لە پلەی چوارەمدا بابەتی (وەرزش) دێت بە ڕێژەی (8.5%)، هەروەها بابەتی (ئاینی) لە پلەی پێنجەمدا هاتووە بە ڕێژەی (6.0%)، هەروەها بە ڕێژەی (1.6%)ی بەرتوێژان تەماشای بابەتاکانی پەیوەست بە (خۆشباری و کاتبەسەربردن) دەکەن و لە پلەی شەشەمدا هاتووە، بە دوای ئەویشدا بابەتی (ئابوری) دێت بە ڕێژەی (0.9%) لە پلەی حەوتەمدا هاتووە، لە کۆتا پلەشدا بابەتی تەکنەلۆژی دێت کە بە ڕێژەی (0.6%) ی بەرتوێژان تەماشای دەکەن.

ئەو ئەنجامەش دەریدەخات کە زۆرینەی کادرانی هەڵبژاردن و ڕاگەیاندنی پارتە سیاسییەکان، حەز بە سەیرکردنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن بە دوای ئەودا موزیک و فیلم، دواتریش بابەتی سیاسیی دێت، لە کاتێکدا کە خۆیان لە ناو سیاسەتدا کار دەکەن پێویست بوو بەدواداچوونیان بۆ

بابەتی سیاسیی زیاتر بووایە، بەڵام سەیرکردنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە پلەی یەکەم دایە. بڕوانە خشتەی ژمارە (11).

**خشتەی (12) ڕادەی پشتبەستنی بەرتوێژان بە پێگەی ئەلیکترۆنییەکان بۆ دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکانیان دەربارەی سیاسەت**

| ڕادەی پشتبەستن | دووبارە بوونەوەکان | % |
|---|---|---|
| زۆر | 52 | 16.4 |
| تارادەیەک | 186 | 58.7 |
| کەم | 79 | 24.9 |
| کۆی گشتی | 317 | 100 |
| ناوەندە ژمێرەیی | 2.09 | |
| لادانی پێوەریی | 0.64 | |

لە خشتەی ژمارە (12) دەردەکەوێت کە زۆرینەی بەرتوێژان بە ڕێژەی (58.7%) بە ڕادەی (تاڕادەیەک) پێگە ئەلیکترۆنییەکان وەک سەرچاوەیەک بەکاردەهێنن بۆ زانیاریی وەرگرتن لە بارەی سیاسەت، لە کاتێکدا (24.9%)ی بەرتوێژان بە ڕادەی (کەم) پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەکاردەهێنن بۆ زانیاری وەرگرتن لە بارەی سیاسەت، هەروەها بە ڕێژەی (16.4%) بە ڕادەی (زۆر) پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەکاردەهێنن بۆ دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکانیان دەربارەی سیاسەت.

هەروەها ناوەندە ژمێرەیی بریتییە لە (2.09) و لادانی پێوەریی بریتییە لە (0.64)، ئەو ئەنجامەش دەریدەخات کە زۆرینەی ئەو کەسانەی لە دامەزراوەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردن و ڕاگەیاندنی پارتە سیاسییەکان کاردەکەن لە ئاستی ناوەندا پێگە ئەلیکترۆنییەکان وەک سەرچاوەیەک بۆ دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکانیان دەربارەی سیاسەت بەکاردەهێنن، بڕوانە خشتەی ژمارە (12).

**خشتەی (13) ڕادەی پشتبەستنی بەرتوێژان بە پێگەی ئەلیکترۆنییەکان بۆ بازاڕسازیی سیاسیی**

| ڕادەی پشتبەستن | دووبارە بوونەوەکان | % |
|---|---|---|
| زۆر | 114 | 36.0 |
| تارادەیەک | 150 | 47.3 |
| کەم | 53 | 16.7 |
| کۆی گشتی | 317 | 100 |
| ناوەندە ژمێرەیی | 1.08 | |
| لادانی پێوەریی | 0.701 | |

ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (13) روونیدەکەنەوە کە زۆرینەی بەرتوێژان بەرێژەی (47.3%) تا رادەیەک پشتدەبەستن بە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بۆ بازاڕسازیی سیاسیی، هەروەها بە رێژەی (36.0%) زۆر پشت بە پێگە ئەلیکترۆنییەکان دەبەستن بۆ بازاڕسازیی سیاسیی، لە کاتێکدا رێژەی (16.7%) ی بەرتوێژان بە رادەی کەم پشت بە پێگە ئەلیکترۆنییەکان دەبەستن بۆ بازاڕسازیی سیاسیی.

ناوەندە ژمێرەیی بریتییە لە (1.08)، لادانی پێوەریی بریتییە لە (0.701)، ئەو ئەنجامە دەریدەخات کە زۆرینەی ئەو کەسانەی لە دامەزراوەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردن و راگەیاندنی پارتە سیاسییەکان کاردەکەن لە ئاستی ناوەنددا تا رادەیەک پشتدەبەستن بە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بۆ بازاڕسازیی سیاسیی، چونکە بەپێی (**مقياس ليكارت الثلاثي**) ناوەندە ژمێرەیی (1.08) دەکەوێتە ئاستی ناوەند، بڕوانە خشتەی ژمارە (13).

**خشتەی (14) مەبەستی بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە هەرێمی کوردستان**

| مەبەستی بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان | دووبارە بوونەوەکان | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| ئاراستەی هونەری | 32 | 10.1 | سێیەم |
| ئاراستەی بازرگانی | 112 | 35.3 | دووەم |
| ئاراستەی سیاسیی | 145 | 45.7 | یەکەم |
| ئاراستەی کۆمەڵایەتی | 24 | 7.6 | چوارەم |
| ئاراستەی ئاینی | 4 | 1.3 | پێنجەم |
| کۆی گشتی | 317 | 100 | |

بە پێی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (14) دەردەکەوێت کە لە هەرێمی کوردستان پێگە ئەلیکترۆنییەکان زیاتر بۆ مەبەستی (ئاراستەی سیاسیی) بەکاردەهێنرێن بە ڕێژەی (45.7%) لە پلەی یەکەمدا دێت، هەروەها بە ڕێژەی (35.3%) بۆ (ئاراستەی بازرگانی) بەکاردەهێنرێت و لە پلەی دووەمدا هاتووە، وە بە ڕێژەی (10.1%) بۆ (ئاراستەی هونەری) بەکاردەهێنرێن و پلەی سێیەمی گرتووە، دواتر بە ڕێژەی (7.6%) (ئاراستەی کۆمەڵایەتی) لە پلەی چوارەمدا هاتووە، هەروەها (ئاراستەی ئاینی) بە ڕێژەی (1.3%) لە پلەی پێنجەمدا هاتووە.

ئەمەش ئەوە دەردەخات، بە پێی وەڵامی بەرتوێژان لە هەرێمی کوردستان پێگە ئەلیکترۆنییەکان زیاتر بۆ ئاراستەکردنی سیاسیی بەکاردەهێنرێن، چونکە لەگەڵ بڵاوبوونەوە و گەشەکردنی ئینتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان پارت و لایەنە سیاسییەکانیش بە شێوەیەکی فراوان بەکارهێنەری پێگە ئەلیکترۆنییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن، هاوڵاتییان بەرەو سیاسەت و بەرنامەی خۆیان ئاراستە دەکەن. بڕوانە خشتەی ژمارە (14).

**خشتەی (15) بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان وەک سەرچاوەیەک بۆ بازاڕسازیی سیاسیی**

| ڕادەی پشتبەستن | دووبارە بوونەوەکان | % |
|---|---|---|
| زۆر | 16 | 5.0 |
| تارادەیەک | 172 | 54.3 |
| کەم | 129 | 40.7 |
| کۆی گشتی | 317 | 100 |
| ناوەندە ژمێرەیی | 2.36 | |
| لادانی پێوەریی | 0.58 | |

**بەپێی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (15)** بەشێوەیەکی گشتی زۆرینەی بەرتوێژان بە ڕێژەی (54.3%) تا رادەیەک پێگە ئەلیکترۆنییەکان وەک سەرچاوەیەک دەبینن بۆ بازاڕسازیی سیاسیی، هەروەها (40.7%) ی بەرتوێژان پێیانوایە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بە ڕادەی (کەم) پێگە ئەلیکترۆنییەکان وەک سەچاوەیەک دانانێن بۆ بازاڕسازیی سیاسیی، لە کاتێکدا بە ڕێژەی (5.0%)ی بەرتوێژان بە ڕادەی (زۆر) پێگە ئەلیکترۆنییەکان وەک سەرچاوەیەک دەبینن بۆ بازاڕسازیی سیاسیی.

هەروەها ناوەندە ژمێرەیی بریتییە لە (2.36) و لادانی پێوەریی بریتییە لە (0.58)، ئەو ئەنجامە ئەوە دەردەخات کە زۆرینەی ئەو کەسانەی کە لە دامەزراوەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردن و ڕاگەیاندنی پارتە سیاسییەکان کاردەکەن، پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە ئاستی بەرزدا وەک سەرچاوەیەک دەبینن بۆ بازاڕسازیی سیاسیی، بڕوانە خشتەی ژمارە (15).

# تەوەرەی سێیەم/ ڕۆڵی میدیای نوێ لە بازاڕسازیی سیاسیی بۆ پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان

خشتەی (16) بڕگەکانی تایبەت بە ڕۆڵی میدیای نوێ لە بازاڕسازیی سیاسیی بۆ پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان ڕووندەکاتەوە.

| Sort | Results | RI % | S.D | Mean | هیچ هاوڕانیم | هاوڕانیم | نازانم | هاوڕام | تەواو هاوڕام | ڕۆڵی میدیای نوێ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕیزبەندی | ئەنجام | گرنگی ڕێژەیی | لادانی پێوەریی | ناوەندە ژمێرەیی | ژ | ژ | ژ | ژ | ژ | |
| | | | | | % | % | % | % | % | |
| 1 | زۆر بەرز | 84.42 | 0.58 | 4.22 | 0 | 6 | 8 | 213 | 90 | پێگە ئەلیکترۆنییەکان وادەکات لە هەواڵ و ڕووداوەکانی کوردستان بەئاگابم. |
| | | | | | 0.00 | 1.89 | 2.52 | 67.19 | 28.39 | |
| 2 | بەرز | 80.76 | 0.72 | 4.04 | 5 | 8 | 22 | 217 | 65 | تایبەتمەندیی (گەڕان) لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان وادەکات بەدوای زانیارییە کۆنەکاندا بگەڕێم. |
| | | | | | 1.58 | 2.52 | 6.94 | 68.45 | 20.50 | |
| 3 | بەرز | 80.69 | 0.97 | 4.03 | 4 | 37 | 8 | 163 | 105 | کاتێک فریانەکەوتم یان کاتم نەبوو بەرنامەیەک لە کەناڵێک ببینم، لە ڕێگەی پێگەی ئەلیکترۆنیی کەناڵە تەلەفزیۆنەکەوە سەیری دەکەم |
| | | | | | 1.26 | 11.67 | 2.52 | 51.42 | 33.12 | |
| 4 | بەرز | 80.25 | 0.91 | 4.01 | 9 | 15 | 30 | 172 | 91 | پێگە زانیاریەکان وادەکات زووتر پەیامە سیاسییەکانی حیزبەکەم بە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بگەیەنم. |
| | | | | | 2.84 | 4.73 | 9.46 | 54.26 | 28.71 | |
| 5 | بەرز | 78.30 | 0.96 | 3.91 | 5 | 37 | 19 | 175 | 81 | پێگە ئەلیکترۆنییەکان زانیارییەکانم دەربارەی پرسە سیاسییەکان زیاد دەکات. |
| | | | | | 1.58 | 11.67 | 5.99 | 55.21 | 25.55 | |
| 6 | بەرز | 77.98 | 0.79 | 3.90 | 4 | 25 | 16 | 226 | 46 | پێگە ئەلیکترۆنییەکان زانیارییم لەبارەی خواست و داواکاریەکانی خەڵکی کوردستان پێدەبەخشێت |
| | | | | | 1.26 | 7.89 | 5.05 | 71.29 | 14.51 | |
| 7 | بەرز | 75.02 | 0.89 | 3.75 | 6 | 25 | 63 | 171 | 52 | پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان وورد و ڕاستگۆیانە زانیارییە سیاسییەکان ناگەیەنن. |
| | | | | | 1.89 | 7.89 | 19.87 | 53.94 | 16.40 | |
| 8 | بەرز | 73.56 | 1.08 | 3.68 | 6 | 54 | 55 | 123 | 79 | هاوڵاتیان لە هەرێمی کوردستان لە ژێر کاریگەریی پەیامەکانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان بڕیار دەدەن. |
| | | | | | 1.89 | 17.03 | 17.35 | 38.80 | 24.92 | |
| 9 | بەرز | 73.38 | 0.95 | 3.67 | 12 | 30 | 50 | 184 | 41 | پێگە ئەلیکترۆنییەکان بۆ گوزارشت لە بۆچوونەکانم و بڵاوکردنەوەیان بۆ ڕایگشتیی بەکاردەهێنم. |
| | | | | | 3.79 | 9.46 | 15.77 | 58.04 | 12.93 | |
| 10 | بەرز | 73.12 | 0.93 | 3.66 | 6 | 39 | 56 | 173 | 43 | پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان بەشداربوون لە هاندانی خەڵک بۆ بەشدارییکردنیان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان. |
| | | | | | 1.89 | 12.30 | 17.67 | 54.57 | 13.56 | |
| 11 | ناوەند | 66.37 | 1.09 | 3.32 | 16 | 65 | 79 | 116 | 41 | پێگە ئەلیکترۆنییەکان دەتوانن کۆنترۆڵی ڕەفتاری هاوڵاتیان بکەن و بێ بیرکردنەوە پەیامەکان قبووڵ بکەن. |
| | | | | | 5.05 | 20.50 | 24.92 | 36.59 | 12.93 | |
| 12 | ناوەند | 62.71 | 1.07 | 3.14 | 26 | 64 | 88 | 119 | 20 | پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان توانیویانە تێروانینی هاولاتیان بەرامبەر بە پارتە سیاسییەکان بگۆڕن. |
| | | | | | 8.20 | 20.19 | 27.76 | 37.54 | 6.31 | |
| 13 | ناوەند | 57.41 | 1.23 | 2.87 | 52 | 87 | 49 | 108 | 21 | لە بەشداریی خەڵک لەسەر پرسە سیاسییەکان لە ڕێگەی پێگە ئەلیکترۆنییەکان ڕازیم. |
| | | | | | 16.40 | 27.44 | 15.46 | 34.07 | 6.62 | |
| 14 | نزم | 44.92 | 1.04 | 2.25 | 77 | 144 | 43 | 47 | 6 | هەموو ئەو زانیاریانەی لە پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان بڵاودەکرێنەوە ڕاست و درووستن. |
| | | | | | 24.29 | 45.43 | 13.56 | 14.83 | 1.89 | |
| | بەرز | **72.06** | **0.94** | **3.60** | **228** | **636** | **586** | **2207** | **781** | کۆی گشتیی |
| | | | | | **5.14** | **14.33** | **13.20** | **49.73** | **17.60** | |

دوای هەڵاوێرکردنی داتاو زانیارییەکان بەشێوەیەکی گشتی لە خشتەی ژمارە (15) دەردەکەوێت ئاستی تایبەت بە بڕگەکانی "ڕۆڵی میدیای نوێ بۆ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان" ناوەندە ژمێرەیی بریتییە لە (3.60)، ئەو ئەنجامەش بە گوێرەی (پێوانەی لیکەرتی پێنجی) لە ئاستێکی بەرزدایە، هەروەها لادانی پێوەریی بریتییە لە (0.94) گرنگی ڕێژەییەکەی بریتییە لە (72.06%) لە کاتێکدا بەڕێژەی (تەواو هاوڕام) بریتییە لە (17.60%)، (هاوڕام) بریتییە لە (49.73%)، (نازانم) بریتییە لە (13.20%)، (هاوڕانیم) بریتییە لە (14.33%)، هیچ (هیچ هاوڕانیم) بەڕێژەی (5.14%) دێت. بەو پێیەش میدیای نوێ و بە دیاریکراویش پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە ئاستێکی بەرزدا رۆڵیان هەیە لە بازاڕسازیی سیاسیی بۆ پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان.

سەبارەت بە بڕگەکانیش بەپێی ئەنجامەکانی ئەم خشتەیە، دەردەکەوێت بەرزترین ئاست تایبەت بە بڕگەکانی "ڕۆڵی میدیای نوێ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان" بڕگەی (پێگە ئەلیکترۆنیەکان وادەکات لە هەواڵ و ڕووداوەکانی کوردستان بەئاگابم)ە، کە بەرزترین ناوەندە ژمێرەیی هەیە بە بەراورد بە بڕگەکانی دیکە بریتییە لە (4.22)، ئەو ئەنجامەش بە گوێرەی (پێوانەی لیکەرتی پێنجی) لە ئاستێکی (زۆر بەرز) دایە، هەروەها لادانی پێوەریی بریتییە (0.58) و گرنگی ڕێژەییەکەی بریتییە لە (84.42%)، هەروەها لە (28.39%) بەرتوێژان تەواو هاوڕان کە پێگە ئەلیکترۆنیەکان وادەکات لە هەواڵ و ڕووداوەکانی کوردستان بەئاگابن، هەروەها لە (67.19%) بەرتوێژان هاوڕان کە پێگە ئەلیکترۆنیەکان وادەکات لە هەواڵ و ڕووداوەکانی کوردستان بەئاگابن و لە (2.52%) ی بەرتوێژان بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە، لە کاتێکدا لە (1.89%)ی بەرتوێژان هاوڕانین لەسەر ئەوەی کە پێگە ئەلیکترۆنیەکان وادەکات لە هەواڵ و ڕووداوەکانی کوردستان بەئاگابن، هەروەها هیچ هاوڕانیم بەڕێژەی (0.00%) هاتووە.

ئەم ئەنجامانەی سەرەوە روونیدەکەنەوە کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بوونەتە سەرچاوەیەک بۆ بەرتوێژان بۆ ئەوەی لە هەواڵ و ڕووداوەکانی کوردستان بە ئاگابن.

نزمترین ئاستی بڕگەکانی تایبەت بە ڕۆڵی میدیای نوێ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بڕگەی (هەموو ئەو زانیاریانەی لە پێگە ئەلیکترۆنیەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان بڵاودەکرێنەوە ڕاست و دروستن)ە، دەردەکەوێت ناوەندە ژمێرەیی بریتییە لە (2.25)، ئەو ئەنجامەش بە گوێرەی (مقایس لیکارت خماسی) لە ئاستێکی نزم دایە، هەروەها لادانی پێوەریی بریتییە (1.04) وە گرنگی ڕێژەیەکەی بریتییە لە (44.92%) لە کاتێکدا بەرێژەی (تەواو هاوڕام) بریتییە لە (1.89%), وە (هاوڕام) بریتییە لە (14.83%) وە (نازانم) بریتییە لە (13.56%), (هاوڕانیم) بریتییە لە (45.43%) وە (هیچ هاوڕانیم) بەرێژەی (24.29%),

بڕگەی (تایبەتمەندی (گەڕان) لە پێگە ئەلیکترۆنیەکان وادەکات بەدوای زانیارییە کۆنەکاندا بگەڕێم) بە ناوەندە ژمێرەیی (4.04) پلەی دووەمی گرتووە ئەو ئەنجامەش لە ئاستێکی بەرزدایە، وە لادانی پێوەریی بریتییە (0.72)، گرنگی ڕێژەییەکەی بریتییە لە (80.76%)، لە کاتێکدا ڕێژەی تەواو هاوڕام بریتییە لە (20.50%) و هاوڕام بریتییە لە (68.45%) و نازانم بریتییە لە (6.94%)، هاورانیم (2.52%) و هیچ هاوڕانیم بریتییە لە (1.58%).

لە پلەی سێیەمیشدا بڕگەی (کاتێک فریانەکەوتم یان کاتم نەبوو بەرنامەیەک لە کەناڵێک ببینم، لە ڕێگەی پێگەی ئەلیکترۆنی کەناڵە تەلەفزیۆنەکەوە سەیری دەکەم)دێت، بە ناوەندە ژمێرەیی (4.03) لە ئاستێکی بەرزدایە، هەروەها لادانی پێوەریی بریتییە لە (0.97)، گرنگی ڕێژەییەکەی بریتییە لە (80.69%)، لە کاتێکدا ڕێژەی تەواو هاوڕام بریتییە لە (33.12%) و هاوڕام بریتییە لە (51.42%) و نازانم بریتییە لە (2.52%)، هاورانیم (11.67%) و هیچ هاوڕانیم بریتییە لە (1.26%).

بەپێی ئەو ئەنجامەش زۆرینەی بەرتوێژان لە ئاستێکی بەرزدا هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئەگەر کاتیان نەبوو بەرنامەیەک لە کەناڵێک ببینن لە ڕێگەی پێگەی ئەلیکترۆنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکەوە سەیری دەکەن.

سەبارەت بە بڕگەکانی دیکە، تا بڕگەی (یانزە) تاڕادەیەک ناوەندە ژمێرەییان نزیک لەیەکترە لەبەرئەوە لە ئاستێکی بەرزدان، بەڵام لە  بڕگەکانی (یانزدە) و (دوانزە) و (سیانزە) ناوەندە ژمێرەیی دادەبەزێت بۆ ئاستی (ناوەند)، لە بڕگەی (چواردە)شدا ناوەندە ژمێرەیی دێتە خوارەوە بۆ ئاستی نزم. بڕوانە خشتەی ژمارە (16).

## خشتەی (17) بڕگەکانی تایبەت بە بازاڕسازیی سیاسیی بۆ پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان ڕووندەکاتەوە.

| Sort | Results | RI % | S.D | Mean | هیچ هاورانیم | هاورانیم | نازانم | هاورام | تەواو هاورام | بڕگەکانی تایبەت بە بازاڕسازیی سیاسیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕیزبەندی | ئەنجام | گرنگی ڕێژەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێریاری | ژ | ژ | ژ | ژ | ژ | |
| | | | | | % | % | % | % | % | |
| 1 | زۆر بەرز | 81.77 | 0.88 | 4.09 | 10 | 8 | 26 | 173 | 100 | کەسایەتییە سیاسییەکان پێگە ئەلیکترۆنییەکان بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان بەکاردەهێنن. |
| | | | | | 3.15 | 2.52 | 8.20 | 54.57 | 31.55 | |
| 2 | بەرز | 77.35 | 0.91 | 3.87 | 7 | 25 | 37 | 182 | 66 | پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان ڕۆڵێکی کارا دەبینن لە ناساندنی کاندید و گەیاندنی پەیامی حیزبەکان لە کاتی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن. |
| | | | | | 2.21 | 7.89 | 11.67 | 57.41 | 20.82 | |
| 3 | بەرز | 76.78 | 0.88 | 3.84 | 5 | 19 | 66 | 159 | 68 | پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان هەوڵدەدەن بۆ مەرامی سیاسیی تێڕوانینی خەڵک بۆ پرسە سیاسییەکان بەلاڕێدا بەرن. |
| | | | | | 1.58 | 5.99 | 20.82 | 50.16 | 21.45 | |
| 4 | بەرز | 75.14 | 0.82 | 3.76 | 2 | 32 | 47 | 196 | 40 | پارتە سیاسییەکان لە ڕێگەی پێگە ئەلیکترۆنییەکان کاریگەریی لەسەر ویژدان و سۆزیی دەنگدەران درووستدەکەن |
| | | | | | 0.63 | 10.09 | 14.83 | 61.83 | 12.62 | |
| 5 | بەرز | 74.20 | 1.01 | 3.71 | 16 | 33 | 25 | 196 | 47 | بۆ ئاگاداربوون لە بۆچوون و زانینی ڕایگشتیی سەبارەت بە پارتەکەم، پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان بەکاردەهێنم |
| | | | | | 5.05 | 10.41 | 7.89 | 61.83 | 14.83 | |
| 6 | بەرز | 71.55 | 1.05 | 3.58 | 8 | 64 | 30 | 167 | 48 | پێگە ئەلیکترۆنییەکان وادەکات هەنگاو و کاری داهاتووی پارت و کەسایەتییە سیاسییەکان بزانم |
| | | | | | 2.52 | 20.19 | 9.46 | 52.68 | 15.14 | |
| 7 | بەرز | 69.21 | 1.12 | 3.46 | 12 | 65 | 62 | 121 | 57 | بەهۆی هەواڵی هەڵە و چەواشەکارانەی پێگە ئەلیکترۆنییەکان ئاستی متمانەی دەنگدەران بە حیزبە سیاسییەکان لاواز بووە. |
| | | | | | 3.79 | 20.50 | 19.56 | 38.17 | 17.98 | |
| 8 | ناوەند | 67.26 | 1.12 | 3.36 | 21 | 58 | 64 | 133 | 41 | پارتە سیاسییەکان نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی درووست پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە پرۆسەی بازاڕسازیی سیاسیی بەکاربهێنن. |
| | | | | | 6.62 | 18.30 | 20.19 | 41.96 | 12.93 | |
| 9 | ناوەند | 66.94 | 1.08 | 3.35 | 8 | 79 | 69 | 117 | 44 | پارتە سیاسییەکان نەیانتوانیوە گرنگیی بە پرۆسەی بازاڕسازیی سیاسیی بدەن، بۆ ڕەوایەتییدان بە خۆیان و پەیام و سەرکردە سیاسییەکانیان. |
| | | | | | 2.52 | 24.92 | 21.77 | 36.91 | 13.88 | |
| 10 | ناوەند | 64.29 | 1.08 | 3.21 | 9 | 96 | 64 | 114 | 34 | پێگە ئەلیکترۆنیەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان بەشداربوون لە بانگهێشتکردن و ساردکردنەوەی خەڵک بۆ بەشدارینەکردنیان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان. |
| | | | | | 2.84 | 30.28 | 20.19 | 35.96 | 10.73 | |
| 11 | ناوەند | 63.91 | 1.19 | 3.20 | 25 | 88 | 40 | 128 | 36 | پێگە ئەلیکترۆنیەکان هۆکارێکی باشن بۆ دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی کەسایەتیە سیاسییەکان. |
| | | | | | 7.89 | 27.76 | 12.62 | 40.38 | 11.36 | |
| 12 | ناوەند | 63.72 | 1.17 | 3.19 | 20 | 92 | 55 | 109 | 41 | پارتە سیاسییەکان توانیویانە بەشێوەیەکی دروست پێگە ئەلیکترۆنیەکان لە پرۆسەی بازاڕسازیی سیاسیی بەکاربهێنن. |
| | | | | | 6.31 | 29.02 | 17.35 | 34.38 | 12.93 | |
| 13 | ناوەند | 63.41 | 1.07 | 3.17 | 14 | 89 | 70 | 117 | 27 | پارتە سیاسییەکان لە گرنگی بازاڕسازیی سیاسیی تێنەگەشتوون و گرنگی پێنادەن. |
| | | | | | 4.42 | 28.08 | 22.08 | 36.91 | 8.52 | |
| 14 | ناوەند | 62.52 | 1.04 | 3.13 | 19 | 72 | 100 | 102 | 24 | پێگە ئەلیکترۆنیەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان دەتوانن کۆنترۆڵی ڕەفتاری دەنگدەران بکەن لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان. |
| | | | | | 5.99 | 22.71 | 31.55 | 32.18 | 7.57 | |
| 15 | ناوەند | 61.07 | 1.14 | 3.05 | 21 | 107 | 50 | 112 | 27 | پێگە ئەلیکرۆنییەکان بە ئەندازەی خودی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان ڕۆڵیان نیە لە بازاڕسازیی سیاسییدا بۆ پارتە سیاسییەکان. |
| | | | | | 6.62 | 33.75 | 15.77 | 35.33 | 8.52 | |
| 16 | ناوەند | 60.38 | 1.01 | 3.02 | 11 | 111 | 71 | 109 | 15 | پێگە ئەلیکترۆنیەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان زانیاری بەها بەرزیان سەبارەت بە کاروباری سیاسیی پێشکەشکردووە. |
| | | | | | 3.47 | 35.02 | 22.40 | 34.38 | 4.73 | |
| 17 | ناوەند | 59.18 | 1.03 | 2.96 | 14 | 120 | 61 | 109 | 13 | پێگە ئەلیکترۆنیەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان زانیاری تێروتەسەلیان سەبارەت بە پارتەکان پێشکەشکردووە. |
| | | | | | 4.42 | 37.85 | 19.24 | 34.38 | 4.10 | |
| 18 | ناوەند | 58.86 | 1.18 | 2.94 | 29 | 106 | 71 | 76 | 35 | پێگە ئەلیکترۆنیەکان بەشدار بوون لە بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی دەنگدەران و زیاتر پشت بە پەیامی پارتەکان دەبەستن. |
| | | | | | 9.15 | 33.44 | 22.40 | 23.97 | 11.04 | |
| 19 | ناوەند | 57.98 | 1.02 | 2.90 | 17 | 111 | 96 | 73 | 20 | پێگەی ئەلیکترۆنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان ئاستی متمانەی پارتە سیاسییەکانی لای هاوڵاتیان بەرزکردۆتەوە. |
| | | | | | 5.36 | 35.02 | 30.28 | 23.03 | 6.31 | |
| 20 | نزم | 46.44 | 1.12 | 2.32 | 64 | 162 | 39 | 29 | 23 | پێگە ئەلیکترۆنیەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان هیچ ڕۆڵێکیان نیە لە کاتی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن، بۆ سەرکەوتنی لیست و کاندیدی قەوارە سیاسییەکان. |
| | | | | | 20.19 | 51.10 | 12.30 | 9.15 | 7.26 | |
| | ناوەند | **66.10** | **1.05** | **3.30** | **332** | **1537** | **1143** | **2522** | **806** | کۆی گشتی |
| | | | | | **5.24** | **24.24** | **18.03** | **39.78** | **12.71** | |

دوای هەڵاوێرکردنی داتاو زانیارییەکان بەشێوەیەکی گشتی لە خشتەی ژمارە (16) دەردەکەوێت، ئاستی تایبەت بە بڕگەکانی "بازاڕسازیی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان" ناوەندە ژمێرەیی بریتییە لە (3.30) ئەو ئەنجامەش بە گوێرەی (پێوانەی لیکەرتی پێنجی) لە ئاستێکی (ناوەند) دایە، هەروەها لادانی پێوەریی بریتییە لە (1.05) گرنگی ڕێژەییەکەی بریتییە لە (66.10%) لە کاتێکدا بەرێژەی (تەواو هاوڕام) بریتییە لە (12.71%)، (هاوڕام) بریتییە لە (39.78%)، (نازانم) بریتییە لە (18.03%)، (هاوڕانیم) بریتییە لە (24.24%)، (هیچ هاوڕانیم) بەرێژەی (5.24%) دێت. بەو پێیەش زیاتر لە نیوەی ئەو کەسانەی لە دامەزراوەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردن و ڕاگەیاندنی پارتە سیاسییەکان کاردەکەن، لە ئاستێکی بەرزدا تێگەیشتنیان بۆ زانستی بازاڕسازیی سیاسیی و ڕۆڵی لە بەرەوپێشبردن و گەشەکردنی پارتە سیاسییەکان نیە، ئەوەش بەهۆی ئەوەوەیە کە زانستی بازاڕسازیی سیاسیی بۆ هەرێمی کوردستان تارادەیەک نوێیە و پارتە سیاسییەکان بەش یان دامەزراوەیەکی تایبەت بە بازاڕسازیی سیاسییان نیە.

سەبارەت بە بڕگەکانیش بەپێی ئەنجامەکانی ئەم خشتەیە، دەردەکەوێت بەرزترین ئاستی تایبەت بە بڕگەکانی بازاڕسازیی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بڕگەی (کەسایەتیە سیاسییەکان پێگە ئەلیکترۆنیەکان بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان بەکاردەهێنن)ە کە لە پلەی یەکەمدا دێت، ناوەندە ژمێرەییەکەی بریتییە لە(4.09) ئەو ئەنجامەش بە گوێرەی (پێوانەی لیکەرتی پێنجی) لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە، وە لادانی پێوەریی بریتییە لە (0.88)، هەروەها گرنگی ڕێژەییەکەی بریتییە لە (81.77%)، لەکاتێکدا بەرێژەی (تەواو هاوڕام) بریتییە لە (31.55%)، وە (هاوڕام) بریتییە لە (54.57%) وە (نازانم) بریتییە لە (8.20%)، (هاوڕانیم) بریتییە لە (2.52%) وە (هیچ هاوڕانیم) بەرێژەی (3.15%).

کەواتە بەپێی ئەنجامی ئەم بڕگەیە بەرتوێژان لە ئاستێکی بەرزدا هاوڕان لەسەر ئەوەی کەسایەتیە سیاسییەکان پێگە ئەلیکترۆنیەکان بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان بەکاردەهێنن.

بەڵام نزمترین ئاستی تایبەت بە بڕگەکانی "بازاڕسازیی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان" بڕگەی (پێگە ئەلیکترۆنیەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان هیچ ڕۆڵێکیان نیە لە کاتی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن، بۆ سەرکەوتنی لیست و کاندیدی قەوارە سیاسییەکان)ە، کە ناوەندە ژمێرەیی بریتییە (2.32) ئەو ئەنجامە لە ئاستی (نزم) دایە، لادانی  پێوەریی بریتییە (1.12) وە گرنگی ڕێژەیەکەی بریتییە لە (46.44%) لە کاتێکدا بەرێژەی (تەواو هاوڕام) بریتییە لە (7.26%), وە (هاوڕام) بریتییە لە (9.15%) وە (نازانم) بریتییە لە (12.3%), (هاوڕانیم) بریتییە لە (51.1%) وە (هیچ هاوڕانیم) بەرێژەی (20.19%).

لە پلەی دووەمدا بڕگەی (پێگە ئەلیکترۆنیەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان رۆڵێکی کارا دەبینن لە ناساندنی کاندید و گەیاندنی پەیامی پارتەکان لە کاتی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن) کە ناوەندە ژمێرەیی بریتییە لە (3.87) و لە ئاستێکی بەرزدایە، لادانی پێوەریی  بریتییە لە (0.91) و گرنگی ڕێژەییەکەی بریتییە لە (77.35%).

لە پلەی سێیەمیدا بڕگەی (پێگە ئەلیکترۆنیەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان هەوڵدەدەن بۆ مەرامی سیاسیی تێروانینی خەڵک بۆ پرسە سیاسییەکان بەلاڕێدا بەرن) دێت، ناوەندە ژمێرەیی بریتییە لە (3.84) و لە ئاستێکی بەرزدایە، هەروەها لادانی  پێوەریی (0.88)ە.

سەبارەت بە بڕگەکانی دیکە، لە بڕگەی چوارەم تا بڕگەی حەوتەم بەپێی ناوەندە ژمێرەییان لە ئاستی بەرزدان، بەڵام لە بڕگەی هەشتەم تا بڕگەی نۆزدە ئاستی ناوەندە ژمێرەیی بەرەبەرە دادەبەزێت بۆ ئاستی ناوەند، لە بڕگەی کۆتایش ناوەندە ژمێرەیی دێتە خوارەوە بۆ ئاستی نزم. بڕوانە خشتەی ژمارە (17).

## تەوەری چوارەم: پەیوەندیی و ڕۆڵی میدیای نوێ و پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان لە بازاڕسازیی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان.

### یەکەم: ڕۆڵی میدیای نوێ لە بازاڕسازیی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان.

**خشتەی (18) ڕۆڵی میدیای نوێ لە بازاڕسازیی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان**

| نمونە Model | زانیاری B | تاقیکردنەوەی ت | ئاستی بەڵگەداری | معامل التحديد | ANOVA Table (F-test) نمرەی ئازادی | بەهای تاقیکردنەوەی ف | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جێگیر (ثابت) | 1.343 | 9.931 | 0.000 | 0.404 | 1 | 213.288 | |
| میدیای نوێ | 0.545 | 14.604 | 0.000 | | 315 | 0.000 | ئاستی بەڵگەداری |

خشتەی (18) ڕۆڵی میدیای نوێ لە بازاڕسازیی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان ڕووندەکاتەوە لە ڕێگەی مۆدێلی (Regression Model)، بەگوێرەی بەهای تاقیکردنەوەی ف (ANOVA Table -F-Test): ڕوونی دەکاتەوە ئەم داتایە گونجاوە بۆ مۆدێلی (Regression Model) چونکە ئاستی بەڵگەداری (.Sig) بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (مستوى المعنوي) ی (0.05).

بەگوێرەی تاقیکردنەوەی (تاقیکردنەوەی ت) بۆ (میدیای نوێ) دەکاتە (14.604) هەروەها بەهای ئاستی بەڵگەداری (0.000) دەردەکەوێت ( میدیای نوێ ) ڕۆڵی هەیە لە (بازاڕسازیی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان) لەبەر ئەوەی ئاستی بەڵگەداری (.Sig) بچوکترە لە (0.05).

بەگوێرەی بەهای (معامل التحدید-R2 ) کە دەکاتە (0.404) واتە بەرێژەی (40.4%) ڕۆڵی میدیای نوێ لە بازاڕسازیی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان ڕەنگ دەداتەوە، بەواتایەکی تر میدیای نوێ (40.4%) ڕۆڵی هەیە لە بازاڕسازیی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها (59.6% = 40.4% - 100%) واتە بەرێژەی (36.9%) بۆ هۆکاریتر دەگەڕێتەوە کە ڕۆڵیان هەیە لە بازاڕسازیی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان.

**خشتەی (19) بەراوردی  نێوان بەرتوێژان لەهەرێمی کوردستان لەئاستی بازاڕسازیی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بەپێی: (ڕەگەز - تەمەن - بڕوانامە – پارێزگا و کادری حیزبی).**

| ئاستی بەڵگەداری P-value | بەهای ف F-Test | لادانی پێوەریی Stander Deviation | ناوەندە ژمێرەیی Mean | برگە Items | گۆڕاو Variables |
|---|---|---|---|---|---|
| 0.546 | -0.605 | 0.36 | 3.29 | نێر | **ڕەگەز** |
| | | 0.31 | 3.32 | مێ | |
| 0.611 | 0.607 | 0.354 | 3.303 | 25 – 34 ساڵ | **تەمەن** |
| | | 0.335 | 3.277 | 35 – 44 ساڵ | |
| | | 0.353 | 3.355 | 45 – 54 ساڵ | |
| | | 0.290 | 3.346 | گەورەتر لە ٥٤ ساڵ | |
| 0.42 | 1.016 | 0.03536 | 3.1250 | سەرەتایی | **بڕوانامە** |
| | | 0.37478 | 3.3111 | ناوەندیی | |
| | | 0.32222 | 3.3444 | ئامادەیی | |
| | | 0.35017 | 3.2397 | دبلۆم (پەیمانگا) | |
| | | 0.34164 | 3.3413 | بەکالۆریۆس | |
| | | 0.0001 | 3.3000 | دبلومی باڵا | |
| | | 0.39781 | 3.2500 | ماستەر | |
| | | 0.31225 | 3.1000 | دکتورا | |
| 0.184 | 1.624 | 0.35500 | 3.3686 | هەولێر | **پارێزگا** |
| | | 0.34771 | 3.2874 | سلێمانی | |
| | | 0.30311 | 3.4000 | دهۆک | |
| | | 0.30613 | 3.2263 | هەڵەبجە | |
| 0.000 | 17.716 | 0.30428 | 3.3632 | پارتی دیموکراتی کوردستان | **کادری حیزبی** |
| | | 0.37829 | 3.4568 | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | |
| | | 0.26636 | 3.2321 | بزوتنەوەی گۆڕان | |
| | | 0.28091 | 3.0241 | کۆمەڵی دادگەریی کوردستان | |
| | | 0.30968 | 3.3841 | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | |

**خشەی (19) بەراوردی  نێوان بەرتوێژان لەهەرێمی کوردستان لەئاستی بازاڕسازیی سیاسیی بۆ پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بەپێی: (ڕەگەز - تەمەن - بڕوانامە – پارێزگا و کادری حیزبی ڕووندەکاتەوە:** لە ئەنجامدا دەردەکەوێت کە جیاوازییەکی بەڵگەداری هەیە لەنێوان بەرتوێژان لەهەرێمی کوردستان لەئاستی بازاڕسازیی سیاسیی بۆ پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە (کادری حیزبی)، چونکە ئاستی بەلگەداری (p-value) بچووکترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) .

له كاتێكدا كه دەردەكەوێت جیاوازییەكی بەڵگەداری نیە لەنێوان بەرتوێژان لەهەرێمی كوردستان لەئاستی بازاڕسازیی سیاسیی بۆ حیزیە سیاسییەكانی هەرێمی كوردستان بەپێی: (ڕەگەز – تەمەن – بڕوانامە – پارێزگا)، چونكە ئاستی بەلگەداری (p-value) بۆ هەریەكەیان گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05).

**خشتەی (20) پەیوەندیی نێوان كادری حیزبی و ئاستی بایەخدان بە میدیای نوێ**

| كادری حیزبی | | تاچەند بایەخ بە میدیای نوێ دەدەیت | | | Total |
|---|---|---|---|---|---|
| | | زۆر | تارادەیەک | کەم | |
| پارتی دیموكراتی كوردستان | Count | 3 | 39 | 45 | 87 |
| | % of Total | 0.9% | 12.3% | 14.2% | 27.4% |
| یەكێتی نیشتمانی كوردستان | Count | 4 | 36 | 34 | 74 |
| | % of Total | 1.3% | 11.4% | 10.7% | 23.3% |
| بزوتنەوەی گۆڕان | Count | 4 | 20 | 32 | 56 |
| | % of Total | 1.3% | 6.3% | 10.1% | 17.7% |
| كۆمەڵی دادگەریی كوردستان | Count | 2 | 36 | 18 | 56 |
| | % of Total | 0.6% | 11.4% | 5.7% | 17.7% |
| یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان | Count | 2 | 14 | 28 | 44 |
| | % of Total | 0.6% | 4.4% | 8.8% | 13.9% |
| Total | Count | 15 | 145 | 157 | 317 |
| | % of Total | 4.7% | 45.7% | 49.5% | 100.0% |
| Chi- Square Test (تاقیكردنەوەی كای) | | 14.801 | P-value (ئاستی بەڵگەداری) | | 0.063 |

خشتەی (20) پەیوەندیی نێوان ( كادری حیزبی و بایەخیان بۆ میدیای نوێ) روونده‌كاتەوە، بە بەكارهێنانی تاقیكردنەوەی كای (Chi- Square Test)، بەهای كایی (Chi- Square Test) دەكاتە (14.801) و بەهای ئاستی بەڵگەداری (P-value) دەكاتە (0.063)، سەرئەنجام دەردەكەوێت پەیوەندییەكی ئاماریی بەڵگەداریی نیە لە نێوان (كادری حیزبی و بایەخیان بە میدیای نوێ)، لەبەر ئەوەی ئاستی بەڵگەداری (P-value) گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05).

بەپێی ئەم خشتەیە لە وەڵامی پرسیاری (تاچەند بایەخ بە میدیای نوێ دەدەیت؟)، كادرانی پارتی دیموكراتی كوردستان، بە ڕێژەی (0.9%) زۆر، بە ڕێژەی (12.3%) تارادەیەک، بە ڕێژەی (14.2%) كەم، بایەخ بە میدیای نوێ دەدەن.

کادرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بە رێژەی (1.3%) زۆر، بە رێژەی (11.4%) تارادەیەک، بە رێژەی (10.7%) کەم، بایەخ بە میدیای نوێ دەدەن.

کادرانی بزوتنەوەی گۆڕان، بە رێژەی (1.3%) زۆر، بە رێژەی (6.3%) تارادەیەک، بە رێژەی (10.1%) کەم، بایەخ بە میدیای نوێ دەدەن.

کادرانی کۆمەڵی دادگەریی کوردستان، بە رێژەی (0.6%) زۆر، بە رێژەی (11.4%) تارادەیەک، بە رێژەی (5.7%) کەم، بایەخ بە میدیای نوێ دەدەن.

کادرانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، بە رێژەی (0.6%) زۆر، بە رێژەی (4.4%) تارادەیەک، بە رێژەی (8.8%) کەم، بایەخ بە میدیای نوێ دەدەن.

**خشتەی (21) پەیوەندیی نێوان  کادری حیزبی و ڕۆژانە چەند کاتژمێر بۆ بەکارهێنانی میدیای نوێ تەرخاندەکەیت**

| | | ڕۆژانە چەند کاتژمێر بۆ بەکارهێنانی میدیای نوێ | | | | | Total |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | < 1 | 2 – 1 | 4 – 3 | 6 – 5 | > 6 | |
| پارتی دیموکراتی کوردستان | Count | 4 | 26 | 32 | 11 | 14 | 87 |
| | % of Total | 1.3% | 8.2% | 10.1% | 3.5% | 4.4% | 27.4% |
| یەکێتی نیشتمانی کوردستان | Count | 7 | 31 | 15 | 7 | 14 | 74 |
| | % of Total | 2.2% | 9.8% | 4.7% | 2.2% | 4.4% | 23.3% |
| بزوتنەوەی گۆڕان | Count | 7 | 20 | 21 | 3 | 5 | 56 |
| | % of Total | 2.2% | 6.3% | 6.6% | 0.9% | 1.6% | 17.7% |
| کۆمەڵی دادگەریی کوردستان | Count | 2 | 27 | 20 | 7 | 0 | 56 |
| | % of Total | 0.6% | 8.5% | 6.3% | 2.2% | 0.0% | 17.7% |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | Count | 3 | 12 | 23 | 4 | 2 | 44 |
| | % of Total | 0.9% | 3.8% | 7.3% | 1.3% | 0.6% | 13.9% |
| Total | Count | 23 | 116 | 111 | 32 | 35 | 317 |
| | % of Total | 7.3% | 36.6% | 35.0% | 10.1% | 11.0% | 100.0% |
| Chi- Square Test (تاقیکردنەوەی کای) | | | 34.266 | P-value (ئاستی بەڵگەداری) | | | 0.005 |

خشتەی (21) پەیوەندیی نێوان (کادری حیزبی و ڕۆژانە چەند کاتژمێر بۆ بەکارهێنانی میدیای نوێ تەرخاندەکەیت) ڕووندەکاتەوە، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی کای (Chi- Square Test), بەهای کایی (Chi- Square Test) دەکاتە (34.266)، بەهای ئاستی بەڵگەداری (P-value) دەکاتە (0.005)، سەرئەنجام دەردەکەوێت پەیوەندییەکی ئامارییی بەڵگەداریی هەیە لە نێوان (کادری حیزبی و ڕۆژانە چەند کاتژمێر بۆ بەکارهێنانی میدیای نوێ تەرخاندەکەیت) لەبەر ئەوەی ئاستی بەڵگەداری (P-value) بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05).

بەپێی ئەنجامەکانی ئەو خشتەیە، لە وەڵامی پرسیاری (چەند کاتژمێر بۆ بەکارهێنانی میدیای نوێ تەرخاندەکەیت؟)، ڕێژەی (1.3%)ی کادرانی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕۆژانە کەمتر لە یەک کاتژمێر میدیای نوێ بەکاردەهێنن، هەروەها  بە ڕێژەی (8.2%) ڕۆژانە (1-2 کاتژمێر) و بە ڕێژەی (10.1%) ڕۆژانە (3-4 کاتژمێر) و بە ڕێژەی (3.5%) ڕۆژانە (5-6 کاتژمێر) میدیای نوێ

بەکاردەهێنن، تەنها ڕێژەی (4.4%)ی کادرانی پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر لە (6) کاتژمێر میدیای نوێ بەکاردەهێنن.

بە ڕێژەی (2.2%)ی کادرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ڕۆژانە کەمتر لە یەک کاتژمێر میدیای نوێ بەکاردەهێنن، ڕێژەی (9.8%) ڕۆژانە (1-2 کاتژمێر) و ڕێژەی (4.7%) ڕۆژانە (3-4 کاتژمێر) و بە ڕێژەی (2.2%) ڕۆژانە (5-6 کاتژمێر) میدیای نوێ بەکاردەهێنن، تەنها ڕێژەی (4.4%)ی کادرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان زیاتر لە (6) کاتژمێر میدیای نوێ بەکاردەهێنن.

کادرانی بزوتنەوەی گۆڕان بە ڕێژەی (2.2%) کەمتر لە یەک کاتژمێر، ڕێژەی (6.3%) ڕۆژانە (1-2 کاتژمێر) و ڕێژەی (6.6%) ڕۆژانە (3-4 کاتژمێر) و بە ڕێژەی (0.9%) ڕۆژانە (5-6 کاتژمێر) میدیای نوێ بەکاردەهێنن، تەنها ڕێژەی (1.6%)ی کادرانی بزوتنەوەی گۆڕان زیاتر لە (6) کاتژمێر میدیای نوێ بەکاردەهێنن.

هەر بە پێی ئەنجامەکانی ئەو خشتەیەی سەرەوە، کادرانی کۆمەڵی دادگەریی بە ڕێژەی (0.6%) کەمتر لە یەک کاتژمێر، ڕێژەی (8.5%) ڕۆژانە (1-2 کاتژمێر) و ڕێژەی (6.3%) ڕۆژانە (3-4 کاتژمێر) و بە ڕێژەی (2.2%) ڕۆژانە (5-6 کاتژمێر) میدیای نوێ بەکاردەهێنن، بەڵام هیچ کادرێکی ئەو پارتە زیاتر لە (6) کاتژمێر میدیای نوێ بەکارناهێنێت.

کادرانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە ڕێژەی (0.9%) کەمتر لە یەک کاتژمێر، ڕێژەی (3.8%) ڕۆژانە (1-2 کاتژمێر) و ڕێژەی (7.3%) ڕۆژانە (3-4 کاتژمێر) و بە ڕێژەی (1.3%) ڕۆژانە (5-6 کاتژمێر) میدیای نوێ بەکاردەهێنن، تەنها ڕێژەی (0.6%)ی کادرانی ئەو پارتە زیاتر لە (6) کاتژمێر میدیای نوێ بەکاردەهێنن.

**خشتەی (22) پەیوەندیی نێوان  کادری حیزبی و بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردیەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان ( وێب سایتەکان )**

| کادری حیزبی | | پێگەی ئەلیکترۆنییە کوردیەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بەکاردەهێنیت | | | Total |
|---|---|---|---|---|---|
| | | زۆر | تارادەیەک | کەم | |
| پارتی دیموکراتی کوردستان | Count | 16 | 51 | 20 | 87 |
| | % of Total | 5.0% | 16.1% | 6.3% | 27.4% |
| یەکێتی نیشتمانی کوردستان | Count | 13 | 38 | 23 | 74 |
| | % of Total | 4.1% | 12.0% | 7.3% | 23.3% |
| بزوتنەوەی گۆڕان | Count | 8 | 37 | 11 | 56 |
| | % of Total | 2.5% | 11.7% | 3.5% | 17.7% |
| کۆمەڵی دادگەریی کوردستان | Count | 14 | 34 | 8 | 56 |
| | % of Total | 4.4% | 10.7% | 2.5% | 17.7% |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | Count | 7 | 30 | 7 | 44 |
| | % of Total | 2.2% | 9.5% | 2.2% | 13.9% |
| Total | Count | 58 | 190 | 69 | 317 |
| | % of Total | 18.3% | 59.9% | 21.8% | 100.0 % |
| Chi- Square Test (تاقیکردنەوەی کای) | | 9.077 | P-value (ئاستی بەڵگەداری) | | 0.336 |

بە پێی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (22)، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی کای ( Chi- Square Test)، بەهای کایی (Chi- Square Test) دەکاتە (9.077)  و بەهای ئاستی بەڵگەداری (P-value) دەکاتە (0.336)، سەرئەنجام دەردەکەوێت پەیوەندییەکی ئامارییی بەڵگەداریی نیە لە نێوان (کادری حیزبی و بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردیەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان ( وێب سایتەکان) لەبەرئەوەی ئاستی بەڵگەداری (P-value) گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05). کەواتە هەموو کادرانی لایەنە سیاسیەکان پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بەکاردەهێنن.

بەپێی ئەنجامەکانی ئەو خشتەیە، لە وەڵامی پرسیاسی (ئایا پێگە ئەلیکترۆنییە کوردیەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بەکاردەهێنیت؟)، دەردەکەوێت بە ڕێژەی (5.0%)ی کادرانی پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر پێگە ئەلیکترۆنییە کوردیەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بەکاردەهێنن، هەروەها بە

ڕێژەی (16.1%) تا ڕادەیەک، ڕێژەی (6.3%) کەم پێگە ئەلیکترۆنییە کوردیەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بەکاردەهێنن.

ڕێژەی (4.1%)ی کادرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان. زۆر پێگە ئەلیکترۆنییە کوردیەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بەکاردەهێنن، هەروەها بە ڕێژەی (12%) تا ڕادەیەک، ڕێژەی (7.3%) کەم پێگە ئەلیکترۆنییە کوردیەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بەکاردەهێنن.

کادرانی بزوتنەوەی گۆڕان بە ڕێژەی (2.5%) زۆر، بە ڕێژەی (11.7%) تا ڕادەیەک، بە ڕێژەی (3.5%) کەم، پێگە ئەلیکترۆنییە کوردیەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بەکاردەهێنن.

هەر بەپێی ئەنجامەکەن، کادرانی کۆمەڵی دادگەریی بە ڕێژەی بە ڕێژەی (4.4%) زۆر، بە ڕێژەی (10.7%) تا ڕادەیەک، بە ڕێژەی (2.5%) کەم، پێگە ئەلیکترۆنییە کوردیەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بەکاردەهێنن.

کادرانی یەکگرتووی ئیسلامی بە ڕێژەی بە ڕێژەی (2.2%) زۆر، بە ڕێژەی (9.5%) تا ڕادەیەک، بە ڕێژەی (2.2%) کەم، پێگە ئەلیکترۆنییە کوردیەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بەکاردەهێنن.

**خشتەی (23) پەیوەندیی نێوان  کادری حیزبی و لەماوەی  24 کاتژمێردا واتە لە شەو ڕۆژێکدا, چەند کاتژمێر تەرخاندەکەیت بۆ بەکارهێنانی پێگەی ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان**

| کادری حیزبی | | چەند کاتژمێر تەرخاندەکەیت بۆ بەکارهێنانی پێگەی ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان | | | | | Total |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | < 1 | 2 – 1 | 4 – 3 | 6 – 5 | > 6 | |
| پارتی دیموکراتی کوردستان | Count | 13 | 43 | 22 | 9 | 0 | 87 |
| | % of Total | 4.1% | 13.6% | 6.9% | 2.8% | 0.0% | 27.4% |
| یەکێتی نیشتمانی کوردستان | Count | 13 | 39 | 12 | 5 | 5 | 74 |
| | % of Total | 4.1% | 12.3% | 3.8% | 1.6% | 1.6% | 23.3% |
| بزوتنەوەی گۆڕان | Count | 17 | 22 | 14 | 2 | 1 | 56 |
| | % of Total | 5.4% | 6.9% | 4.4% | 0.6% | 0.3% | 17.7% |
| کۆمەڵی دادگەریی کوردستان | Count | 17 | 21 | 10 | 6 | 2 | 56 |
| | % of Total | 5.4% | 6.6% | 3.2% | 1.9% | 0.6% | 17.7% |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | Count | 15 | 20 | 6 | 1 | 2 | 44 |
| | % of Total | 4.7% | 6.3% | 1.9% | 0.3% | 0.6% | 13.9% |
| Total | Count | 75 | 145 | 64 | 23 | 10 | 317 |
| | % of Total | 23.7% | 45.7% | 20.2% | 7.3% | 3.2% | 100.0% |
| Chi- Square Test (تاقیکردنەوەی کای) | | | 24.982 | P-value (ئاستی بەڵگەداری) | | | 0.07 |

خشتەی ژمارە (23) ئەوە ڕووندەکاتەوە، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی کای ( Chi- Square Test)، بەهای کایی (Chi- Square Test) دەکاتە (24.982)  بەهای ئاستی بەڵگەداری (P-value) دەکاتە (0.07)، سەرئەنجام دەردەکەوێت پەیوەندییەکی ئاماریی بەڵگەداریی نیە لە نێوان (کادری حیزبی و لەماوەی  24 کاتژمێردا واتە لە شەو ڕۆژێکدا, چەند کاتژمێر تەرخاندەکەیت بۆ بەکارهێنانی پێگەی ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان)، لەبەر ئەوەی ئاستی بەڵگەداری (P-value) گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05). بەپێی ئەم ئەنجامە کادرانی لایەنە سیاسیەکان بەبێ جیاوازی لەماوەی  24 کاتژمێردا کات تەرخاندەکەک بۆ بەکارهێنانی پێگەی ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان.

بەپێی ئەنجامەکانی ئەو خشتەیەی سەرەوە، لە وەڵامی پرسیاری(لەماوەی  24 کاتژمێردا واتە لە شەو ڕۆژێکدا, چەند کاتژمێر تەرخاندەکەیت بۆ بەکارهێنانی پێگەی ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە

تەلەفزیۆنەکان؟) دەردەکەوێت کە ڕێژەی (4.1%)ی کادرانی پارتی دیموکراتی کوردستان کەمتر لە یەک کاتژمێر پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان بەکاردەهێنن، هەروەها ڕێژی (13.6%) (1–2 کاتژمێر) و بەرێژەی (6.9%) ڕۆژانە (3–4 کاتژمێر) و ڕێژەی (2.8%) (٤-٦ کاتژمێر) پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان بەکاردەهێنن.

کادرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بە ڕێژەی (4.1%) کەمتر لە یەک کاتژمێر، ڕێژەی (12.3%) ڕۆژانە (1–2 کاتژمێر) و ڕێژەی (3.8%) ڕۆژانە (3–4 کاتژمێر) و بە ڕێژەی (1.6%) ڕۆژانە (5–6 کاتژمێر) پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان بەکاردەهێنن، هەروەها ڕێژەی (1.6%)ی کادرانی یەکێتی زیاتر لە (6) کاتژمێر پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان بەکاردەهێنن.

کادرانی بزوتنەوەی گۆڕان، بە ڕێژەی (5.4%) کەمتر لە یەک کاتژمێر، ڕێژەی (6.9%) ڕۆژانە (1–2 کاتژمێر) و ڕێژەی (4.4%) ڕۆژانە (3–4 کاتژمێر) و بە ڕێژەی (0.6%) ڕۆژانە (5–6 کاتژمێر) پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان بەکاردەهێنن، تەنها ڕێژەی (0.3%)ی کادرانی بزوتنەوەی گۆڕان زیاتر لە (6) کاتژمێر پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان بەکاردەهێنن.

هەر بە پێی ئەنجامەکان کادرانی کۆمەڵی دادگەریی، بە ڕێژەی (5.4%) کەمتر لە یەک کاتژمێر، ڕێژەی (6.6%) ڕۆژانە (1–2 کاتژمێر) و ڕێژەی (3.2%) ڕۆژانە (3–4 کاتژمێر) و بە ڕێژەی (1.9%) ڕۆژانە (5–6 کاتژمێر) پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان بەکاردەهێنن، تەنها ڕێژەی (0.6%)ی کۆمەڵی دادگەریی زیاتر لە (6) کاتژمێر پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان بەکاردەهێنن.

کادرانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، بە ڕێژەی (4.7%) کەمتر لە یەک کاتژمێر، ڕێژەی (6.3%) ڕۆژانە (1–2 کاتژمێر) و ڕێژەی (1.9%) ڕۆژانە (3–4 کاتژمێر) و بە ڕێژەی (0.3%) ڕۆژانە (5–6 کاتژمێر) پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان بەکاردەهێنن، تەنها ڕێژەی

(0.6%)ی کادرانی یەکگرتووی ئیسلامی زیاتر لە (6) کاتژمێر پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان بەکاردەهێنن.

**خشتەی (24) پەیوەندیی نێوان کادری حیزبی و ئەو بابەتانەی لە پێگەی ئەلیکترۆنییەکان ( وێب سایتەکان) تەماشای دەکەن**

| حەز دەکەیت چ بابەتێک لە پێگەی ئەلیکترۆنییەکان تەماشا بکەیت | | **کادری حیزبی** | | | | | Total |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | پارتی | یەکێتی | گۆڕان | کۆمەڵی | یەکگرتووی | |
| موزیک و فلیم | Count | 17 | 27 | 13 | 7 | 3 | 67 |
| | % of Total | 5.4% | 8.5% | 4.1% | 2.2% | 0.9% | 21.1% |
| بابەتی کۆمەڵأیەتیەکان | Count | 44 | 27 | 23 | 29 | 18 | 141 |
| | % of Total | 13.9% | 8.5% | 7.3% | 9.1% | 5.7% | 44.5% |
| وەرزش | Count | 9 | 4 | 6 | 6 | 2 | 27 |
| | % of Total | 2.8% | 1.3% | 1.9% | 1.9% | 0.6% | 8.5% |
| ئاینی | Count | 2 | 1 | 1 | 6 | 9 | 19 |
| | % of Total | 0.6% | 0.3% | 0.3% | 1.9% | 2.8% | 6.0% |
| سیاسەت | Count | 13 | 14 | 12 | 5 | 9 | 53 |
| | % of Total | 4.1% | 4.4% | 3.8% | 1.6% | 2.8% | 16.7% |
| ئابووریی | Count | 2 | 0 | 0 | 1 | 0 | 3 |
| | % of Total | 0.6% | 0.0% | 0.0% | 0.3% | 0.0% | 0.9% |
| تەکنەلۆژیی | Count | 0 | 0 | 1 | 0 | 1 | 2 |
| | % of Total | 0.0% | 0.0% | 0.3% | 0.0% | 0.3% | 0.6% |
| خۆشباری و کاتبەسەربردن | Count | 0 | 1 | 0 | 2 | 2 | 5 |
| | % of Total | 0.0% | 0.3% | 0.0% | 0.6% | 0.6% | 1.6% |
| Total | Count | 87 | 74 | 56 | 56 | 44 | 317 |
| | % of Total | 27.4% | 23.3% | 17.7% | 17.7% | 13.9% | 100.0% |
| Chi- Square Test (تاقیکردنەوەی کای) | | | 61.657 | P-value (ئاستی بەڵگەداری) | | | 0.000 |

لە خشتەی (24) دەردەکەوێت، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی کای (Chi- Square Test)، بەهای کایی (Chi- Square Test) دەکاتە (61.657)، وە بەهای ئاستی بەڵگەداری (P-value) دەکاتە (0.000)، سەرئەنجام دەردەکەوێت پەیوەندییەکی ئاماریی بەڵگەداریی هەیە لە نێوان (کادری حیزبی و چ بابەتێک لە پێگەی ئەلیکترۆنییەکان ( وێب سایتەکان) تەماشا بکەیت) لەبەر ئەوەی ئاستی بەڵگەداری (P-value) بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05).

بەپێی ئەنجامەکانی ئەو خشتەیەی سەرەوە، لە وەڵامی پرسیاری (حەز دەکەیت چ بابەتێک لە پێگەی ئەلیکترۆنییەکان تەماشا بکەیت؟) دەردەکەوێت بۆ سەیرکردنی بابەتی (موزیک و فیلم) یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی (8.5%)، پارتی دیموکراتی کوردستان لە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی (5.4%)، بزوتنەوەی گۆڕان لە پلەی سێەم دێت بە ڕێژەی (4.1%)، کۆمەڵی دادگەریی لە پلەی چوارەم دێت بە ڕێژەی (2.2%)، یەککگرتووی ئیسلامی لە پلەی پێنجەم دێت بە ڕێژەی (0.9%).

لە سەیرکردنی (بابەتە کۆمەڵایەتییەکان) پارتی دیموکراتی کوردستان لە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی (13.9%)، کۆمەڵی دادگەریی لە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی (9.1%)، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە پلەی سێەم دێت بە ڕێژەی (8.5%)، بزوتنەوەی گۆڕان لە پلەی چوارەم دێت بە ڕێژەی (7.3%)، یەککگرتووی ئیسلامی لە پلەی پێنجەم دێت بە ڕێژەی (5.7%).

لە سەیرکردنی (بابەتی وەرزشی) پارتی دیموکراتی کوردستان لە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی (2.8%)، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی (1.3%)، بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی دادگەریی هەردووکیان لە پلەی سێیەم دێن بە ڕێژەی 1.9%)، یەککگرتووی ئیسلامی لە پلەی چوارەم دێت بە ڕێژەی (0.6%).

لە سەیرکردنی بابەتی (ئاینیی)، یەککگرتووی ئیسلامی لە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی (2.8%)، کۆمەڵی دادگەریی لە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی (1.9%)، پارتی دیموکراتی کوردستان لە پلەی سێەم دێت بە ڕێژەی (0.6%)، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان هەردووکیان لە پلەی چوارەم دێن بە ڕێژەی (0.3%).

بەڵام لە سەیرکردنی بابەتی (سیاسی)، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی (4.4%)، پارتی دیموکراتی کوردستان لە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی (4.1%)، بزوتنەوەی گۆڕان

له پلەی سێیەم دێت بە ڕێژەی (3.8%)، یەکگرتووی ئیسلامی لە پلەی چوارەم دێت بە ڕێژەی (2.8%)، کۆمەڵی دادگەریی لە پلەی پێنجەم دێت بە ڕێژەی (1.9%).

له سەیرکردنی بابەتی (ئابووریی) کادرانی پارتە سیاسییەکان بە گشتیی کەمتر گرنگی پێدەدەن، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان لە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی (0.6%)، کۆمەڵی دادگەریی لە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی (03%)، بەڵام کادرانی یەکێتی و گۆڕان و یەکگرتوو هیچ بایەخێکیان بۆ سەیرکردنی بابەتی ئابووری نییە.

بەڵام بابەتی (تەکنەلۆژیی) پارتە سیاسییەکان بایەخی کەمی پێدەدەن، هیچ بەرتوێژێک لە پارتەکانی (پارتی، یەکێتی، کۆمەڵ) سەیری ناکەن، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەم گۆڕان و یەکگرتوو سەیری دەکەن.

بابەتی (خۆشباریی و کاتبەسەربردن)، بەرتوێژن لە یەکێتی و گۆڕان سەیری ناکەن، بەڵام کۆمەڵ و یەکگرتوو هەردووکیان بە ڕێژەی (0.6%) سەیری دەکەن، کادرانی پارتی بە ڕێژەی (0.3%) سەیری دەکەن.

**خشتەی (25) پەیوەندیی نێوان کادری حیزبی و پێگەی ئەلیکترۆنییەکانت کردووە بە سەرچاوەیەک بۆ دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکانت دەربارەی سیاسەت**

| **کادری** حیزبی | | **پێگەی ئەلیکترۆنییەکانت کردووە بە سەرچاوەیەک بۆ دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکانت** | | | Total |
|---|---|---|---|---|---|
| | | زۆر | تارادەیەک | کەم | |
| پارتی دیموکراتی کوردستان | Count | 17 | 40 | 30 | 87 |
| | % of Total | 5.4% | 12.6% | 9.5% | 27.4% |
| یەکێتی نیشتمانی کوردستان | Count | 9 | 44 | 21 | 74 |
| | % of Total | 2.8% | 13.9% | 6.6% | 23.3% |
| بزوتنەوەی گۆڕان | Count | 12 | 34 | 10 | 56 |
| | % of Total | 3.8% | 10.7% | 3.2% | 17.7% |
| کۆمەڵی دادگەریی کوردستان | Count | 10 | 39 | 7 | 56 |
| | % of Total | 3.2% | 12.3% | 2.2% | 17.7% |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | Count | 4 | 29 | 11 | 44 |
| | % of Total | 1.3% | 9.1% | 3.5% | 13.9% |
| Total | Count | 52 | 186 | 79 | 317 |
| | % of Total | 16.4% | 58.7% | 24.9% | 100.0% |
| Chi- Square Test (تاقیکردنەوەی کای) | | 15.815 | P-value (ئاستی بەڵگەداری) | | 0.045 |

لە خشتەی ژمارە (25) دەردەکەوێت، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی کای (Chi- Square Test), بەهای کایی (Chi- Square Test) دەکاتە (15.815) وە بەهای ئاستی بەڵگەداری (P-value) دەکاتە (0.045) سەرئەنجام دەردەکەوێت پەیوەندییەکی ئاماریی بەڵگەداریی هەیە لە نێوان (کادری حیزبی و پێگەی ئەلیکترۆنییەکانت کردووە بە سەرچاوەی بۆ دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکانت دەربارەی سیاسەت) لەبەر ئەوەی ئاستی بەڵگەداری (P-value) بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05)

بەپێی ئەنجامەکانی ئەم خشتەیەی سەرەوە، لە وەڵامی پرسیاری (ئایا پێگە ئەلیکترۆنییەکانت کردووە بە سەرچاوەی بۆ دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکانت؟)، کادرانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە ڕێژەی (5.4%) زۆر، بە ڕێژەی (12.6%) تارادەیەک، بە ڕێژەی (9.5%) کەم، پێگە ئەلیکترۆنییەکانیان کردووە بە سەرچاوەیەک بۆ دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکانیان دەربارەی سیاسەت.

کادرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بە ڕێژەی (2.8%) زۆر، بە ڕێژەی (13.9%) تارادەیەک، بە ڕێژەی (6.6%) کەم، پێگە ئەلیکترۆنییەکانیان کردووە بە سەرچاوەیەک بۆ دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکانیان دەربارەی سیاسەت.

هەروەها بزوتنەوەی گۆڕان، بە ڕێژەی (3.8%) زۆر، بە ڕێژەی (10.7%) تارادەیەک، بە ڕێژەی (3.2%) کەم، پێگە ئەلیکترۆنییەکانیان کردووە بە سەرچاوەیەک بۆ دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکانیان دەربارەی سیاسەت.

هەر بەپێی ئەنجامەکان کۆمەڵی دادگەریی، بە ڕێژەی (3.2%) زۆر، بە ڕێژەی (12.3%) تارادەیەک، بە ڕێژەی (2.2%) کەم، پێگە ئەلیکترۆنییەکانیان کردووە بە سەرچاوەیەک بۆ دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکانیان دەربارەی سیاسەت.

یەکگرتووی ئیسلامییش، بە ڕێژەی (1.3%) زۆر، بە ڕێژەی (9.1%) تارادەیەک، بە ڕێژەی (3.5%) کەم، پێگە ئەلیکترۆنییەکانیان کردووە بە سەرچاوەیەک بۆ دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکانیان دەربارەی سیاسەت.

**خشتەی (26) پەیوەندیی نێوان کادری حیزبی و ڕادەی پشتبەستنیان بە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بۆ بازاڕسازیی سیاسیی**

| کادری حیزبی | | تا چ ڕادەیەک پشت دەبەستیت بە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بۆ بازاڕسازیی سیاسیی | | | Total |
|---|---|---|---|---|---|
| | | زۆر | تارادەیەک | کەم | |
| پارتی دیموکراتی کوردستان | Count | 23 | 43 | 21 | 87 |
| | % of Total | 7.3% | 13.6% | 6.6% | 27.4% |
| یەکێتی نیشتمانی کوردستان | Count | 24 | 35 | 15 | 74 |
| | % of Total | 7.6% | 11.0% | 4.7% | 23.3% |
| بزوتنەوەی گۆڕان | Count | 21 | 28 | 7 | 56 |
| | % of Total | 6.6% | 8.8% | 2.2% | 17.7% |
| کۆمەڵی دادگەریی کوردستان | Count | 25 | 24 | 7 | 56 |
| | % of Total | 7.9% | 7.6% | 2.2% | 17.7% |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | Count | 21 | 20 | 3 | 44 |
| | % of Total | 6.6% | 6.3% | 0.9% | 13.9% |
| Total | Count | 114 | 150 | 53 | 317 |
| | % of Total | 36.0% | 47.3% | 16.7% | 100.0% |
| Chi- Square Test (تاقیکردنەوەی کای) | | 12.984 | P-value (ئاستی بەڵگەداری) | | 0.112 |

خشتەی (26) پەیوەندیی نێوان (کادری حیزبی و تا چ ڕادەیەک پشت دەبەستیت بە پێگەی ئەلیکترۆنییەکان بۆ بازاڕسازیی سیاسیی) ڕووندەکاتەوە، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی کای (Chi- Square Test)، بەهای کایی (Chi- Square Test) دەکاتە (12.984) بەهای ئاستی بەڵگەداری (P-value) دەکاتە (0.112)، سەرئەنجام دەردەکەوێت پەیوەندییەکی ئاماریی بەڵگەداریی نیە لە نێوان (کادری حیزبی و تا چ ڕادەیەک پشت دەبەستیت بە پێگەی ئەلیکترۆنییەکان بۆ بازاڕسازیی سیاسیی) لەبەر ئەوەی ئاستی بەڵگەداری (P-value) گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05).

بەپێی ئەنجامەکانی ئەم خشتەیەی سەرەوە، لە وەڵامی پرسیاری (تا چ ڕادەیەک پشت دەبەستیت بە پێگەی ئەلیکترۆنییەکان بۆ بازاڕسازیی سیاسیی؟)، کادرانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە ڕێژەی (7.3%) زۆر، بە ڕێژەی (13.6%) تارادەیەک، بە ڕێژەی (6.6%) کەم، پشت بە پێگەی ئەلیکترۆنییەکان دەبەستن بۆ بازاڕسازیی سیاسیی.

کادرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بە ڕێژەی (7.6%) زۆر، بە ڕێژەی (11%) تارادەیەک، بە ڕێژەی (4.7%) کەم، پشت بە پێگەی ئەلیکترۆنییەکان دەبەستن بۆ بازاڕسازیی سیاسیی.

بزوتنەوەی گۆڕان، بە ڕێژەی (6.6%) زۆر، بە ڕێژەی (8.8%) تارادەیەک، بە ڕێژەی (2،2%) کەم، پشت بە پێگە ئەلیکترۆنییەکان دەبەستن بۆ بازاڕسازیی سیاسیی.

هەر بەپێی ئەنجامەکان کۆمەڵی دادگەریی، بە ڕێژەی (7.9%) زۆر، بە ڕێژەی (7.6%) تارادەیەک، بە ڕێژەی (2.2%) کەم، پشت بە پێگە ئەلیکترۆنییەکان دەبەستن بۆ بازاڕسازیی سیاسیی.

یەکگرتووی ئیسلامییش، بە ڕێژەی (6.6%) زۆر، بە ڕێژەی (6.3%) تارادەیەک، لەکاتێکدا تەنها بە ڕێژەی (0.9%) کەم، پشت بە پێگە ئەلیکترۆنییەکان دەبەستن بۆ بازاڕسازیی سیاسیی.

**خشتەی (27) پەیوەندیی نێوان کادری حیزبی و مەبەستی بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان**

| پێگەی ئەلیکترۆنییەکان زیاتر بۆ چ مەبەستێک بەکاردەهێنرێت | | کادری حیزبی | | | | | Total |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | پارتی | یەکێتی | گۆڕان | کۆمەڵی | یەکگرتووی | |
| ئاراستەی هونەری | Count | 7 | 9 | 1 | 11 | 4 | 32 |
| | % of Total | 2.2% | 2.8% | 0.3% | 3.5% | 1.3% | 10.1% |
| ئاراستەی بازرگانی | Count | 24 | 23 | 23 | 30 | 12 | 112 |
| | % of Total | 7.6% | 7.3% | 7.3% | 9.5% | 3.8% | 35.3% |
| ئاراستەی سیاسیی | Count | 47 | 35 | 31 | 13 | 19 | 145 |
| | % of Total | 14.8% | 11.0% | 9.8% | 4.1% | 6.0% | 45.7% |
| ئاراستەی کۆمەڵایەتی | Count | 7 | 7 | 1 | 2 | 7 | 24 |
| | % of Total | 2.2% | 2.2% | 0.3% | 0.6% | 2.2% | 7.6% |
| ئاراستەی ئاینی | Count | 2 | 0 | 0 | 0 | 2 | 4 |
| | % of Total | 0.6% | 0.0% | 0.0% | 0.0% | 0.6% | 1.3% |
| Total | Count | 87 | 74 | 56 | 56 | 44 | 317 |
| | % of Total | 27.4% | 23.3% | 17.7% | 17.7% | 13.9% | 100.0% |
| Chi- Square Test (تاقیکردنەوەی کای) | | | 41.74 | P-value (ئاستی بەڵگەداری) | | | 0.000 |

**لە خشتەی ژمارە (27) دەردەکەوێت،** بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی کای (Chi- Square Test)، بەهای کایی (Chi- Square Test) دەکاتە (41.74) بەهای ئاستی بەڵگەداری (P-value) دەکاتە (0.000)، سەرئەنجام دەردەکەوێت پەیوەندییەکی ئاماریی بەڵگەداریی هەیە لە نێوان (کادری حیزبی پێگەی ئەلیکترۆنییەکان زیاتر بۆ چ مەبەستێک بەکاردەهێنرێت)، لەبەر ئەوەی ئاستی بەڵگەداری (P-value) بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05).

لە هەرێمی کوردستان بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان زیاتر بۆ مەبەستی ئاراستەی سیاسییە، بە رێژەی (45%) پلەی یەکەمی گرتووە، دواتر ئاراستەکانی بازرگانیی و هونەریی و کۆمەڵایەتی و ئاینی دێن.

بەپێی ئەنجامەکانی ئەو خشتەیەی سەرەوە، لە وەڵامی پرسیاری (ئایا لە هەرێمی کوردستان پێگە ئەلیکترۆنییەکان زیاتر بۆ چ مەبەستێک بەکاردەهێنرێن؟) دەردەکەوێت بە پلەی یەکەم کۆمەڵی دادگەریی کوردستان بە ڕێژەی (3.5%) پێیان وایە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بۆ مەبەستی (ئاراستەی هونەریی) بەکاردێت، هەروەها یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پلەی دووەم بە ڕێژەی (2.8%)، پارتی دیموکراتی کوردستان لە پلەی سێیەم بە ڕێژەی (2.2%)، یەکگرتووی ئیسلامیی لە پلەی چوارەم بە ڕێژەی (1.3%)، و بزوتنەوەی گۆڕان لە پلەی پێنجەم بە ڕێژەی (0.3%) پێیان وایە وایە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بۆ مەبەستی (ئاراستەی هونەریی) بەکاردێت.

بۆ (ئاراستەی بازرگانی)، ڕێژەی (7.6%) ی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێژەی (7.3%)ی کادرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ڕێژەی (7.3%)ی بزوتنەوەی گۆڕان، ڕێژەی (9.5%)ی کۆمەڵی دادگەریی، ڕێژەی (3.8%)ی کادرانی یەکگرتوو، پێیان وایە پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ مەبەستی (ئاراستەی بازرگانی) بەکاردەهێنرێن.

بۆ (ئاراستەی سیاسیی)، ڕێژەی (14.8%)ی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێژەی (11%)ی کادرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ڕێژەی (9.8%)ی بزوتنەوەی گۆڕان، ڕێژەی (4.1%)ی کۆمەڵی دادگەریی، ڕێژەی (6.0%)ی کادرانی یەکگرتوو، پێیان وایە پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ مەبەستی (ئاراستەی سیاسیی) بەکاردەهێنرێن.

بۆ (ئاراستەی کۆمەڵایەتیی)، ڕێژەی (2.2%)ی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێژەی (2.2%)ی کادرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ڕێژەی (0.3%)ی بزوتنەوەی گۆڕان، ڕێژەی (0.6%)ی کۆمەڵی دادگەریی، ڕێژەی (2.2%)ی کادرانی یەکگرتوو، پێیان وایە پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ مەبەستی (ئاراستەی کۆمەڵایەتیی) بەکاردەهێنرێن.

بۆ (ئاراستەی ئاینیی)، ڕێژەی (0.6%)ی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێژەی (0.0%)ی کادرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ڕێژەی (0.0%)ی بزوتنەوەی گۆڕان، ڕێژەی (0.0%)ی کۆمەڵی دادگەریی، ڕێژەی (0.6%)ی کادرانی یەکگرتوو، پێیان وایە پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ مەبەستی (ئاراستەی ئاینیی) بەکاردەهێنرێن.

**خشتەی (28) پەیوەندیی نێوان کادری** حیزبی **و بەشێوەیەکی گشتی پێگەی ئەلیکترۆنییەکان وەک سەرچاوەیەک دەبینێت بۆ بازاڕسازیی سیاسیی**

| **کادری** حیزبی | | بەشێوەیەکی گشتی پێگەی ئەلیکترۆنییەکان وەک سەرچاوەیەک دەبینێت بۆ بازاڕسازیی سیاسیی | | | Total |
|---|---|---|---|---|---|
| | | زۆر | تارادەیەک | کەم | |
| پارتی دیموکراتی کوردستان | Count | 1 | 52 | 34 | 87 |
| | % of Total | 0.3% | 16.4% | 10.7% | 27.4% |
| یەکێتی نیشتمانی کوردستان | Count | 5 | 37 | 32 | 74 |
| | % of Total | 1.6% | 11.7% | 10.1% | 23.3% |
| بزوتنەوەی گۆڕان | Count | 1 | 28 | 27 | 56 |
| | % of Total | 0.3% | 8.8% | 8.5% | 17.7% |
| کۆمەڵی دادگەریی کوردستان | Count | 5 | 35 | 16 | 56 |
| | % of Total | 1.6% | 11.0% | 5.0% | 17.7% |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | Count | 4 | 20 | 20 | 44 |
| | % of Total | 1.3% | 6.3% | 6.3% | 13.9% |
| Total | Count | 16 | 172 | 129 | 317 |
| | % of Total | 5.0% | 54.3% | 40.7% | 100.0% |
| Chi- Square Test (تاقیکردنەوەی کای) | | 12.795 | P-value (ئاستی بەڵگەداری) | | 0.119 |

خشتەی ژمارە (28) ڕوونیدەکاتەوە، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی کای (Chi- Square Test)، بەهای کایی (Chi- Square Test) دەکاتە (12.795) بەهای ئاستی بەڵگەداری (P-value) دەکاتە (0.119)، سەرئەنجام دەردەکەوێت پەیوەندییەکی ئاماریی بەڵگەداریی نیە لە نێوان (کادری حیزبی و بەشێوەیەکی گشتی پێگەی ئەلیکترۆنییەکان وەک سەرچاوەیەک دەبینێت بۆ بازاڕسازیی سیاسیی) لەبەر ئەوەی ئاستی بەڵگەداری (P-value) گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05).

بەپێی ئەنجامەکانی ئەم خشتەیەی سەرەوە، لە وەڵامی پرسیاری (بەشێوەیەکی گشتی پێگە ئەلیکترۆنییەکان وەک سەرچاوەیەک دەبینێت بۆ بازاڕسازیی سیاسیی؟)، کادرانی پارتی دیموکراتی

کوردستان، بە ڕێژەی (0.3%) زۆر، بە ڕێژەی (16.4%) تارادەیەک، بە ڕێژەی (10.7%) کەم، پێیان وایە پێگە ئەلیکترۆنییەکان سەرچاوەیەکن بۆ بازاڕسازیی سیاسیی.

کادرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بە ڕێژەی (1.6%) زۆر، بە ڕێژەی (11.7%) تارادەیەک، بە ڕێژەی (10.1%) بە رادەی کەم، پێیان وایە پێگە ئەلیکترۆنییەکان سەرچاوەیەکن بۆ بازاڕسازیی سیاسیی.

هەروەها بزوتنەوەی گۆڕان، بە ڕێژەی (0.3%) زۆر، بە ڕێژەی (8.8%) تارادەیەک، بە ڕێژەی (8.5%) بە رادەی کەم، پێیان وایە پێگە ئەلیکترۆنییەکان سەرچاوەیەکن بۆ بازاڕسازیی سیاسیی.

کۆمەڵی دادگەریی کوردستان، بە ڕێژەی (1،6%) زۆر، بە ڕێژەی (11%) تارادەیەک، بە ڕێژەی (5.0%) بە رادەی کەم، پێیان وایە پێگە ئەلیکترۆنییەکان سەرچاوەیەکن بۆ بازاڕسازیی سیاسیی.

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، بە ڕێژەی (1.3%) زۆر، بە ڕێژەی (6.3%) تارادەیەک، بە ڕێژەی (6.3%) بە رادەی کەم، پێیان وایە پێگە ئەلیکترۆنییەکان سەرچاوەیەکن بۆ بازاڕسازیی سیاسیی.

## دووەم: سەلماندنی گریمانەکانی توێژینەوە

**گریمانەی یەکەم:** پەیوەندیی ئاماریی هەیە لە نێوان بەکارهێنانی میدیای نوێ لەلایەن پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و بازاڕسازیی سیاسیی.

**خشتەی (29) پەیوەندیی نێوان میدیای نوێ و بازاڕسازیی سیاسیی بۆ حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان رووندەکاتەوە.**

| گۆڕاوەکان | بازاڕگەی سیاسیی | |
|---|---|---|
| | پەیوەندیی (الارتباط) | ئاستی بەڵگەداری ( الدالة الاحصائية ) ( P-value) |
| میدیای نوێ | 0.635 | 0.000 |

بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (29) دەردەکەوێت پەیوەندییەکی ئاماری بەڵگەداری هەیە لە نێوان (میدیای نوێ و بازاڕسازیی سیاسیی)، کە بەهاکەی دەکاتە (0.635)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پەیوەندییەکی ئاماری راستەوانەی بەهێز هەیە لە نێوان (میدیای نوێ و بازاڕسازیی سیاسیی)، هەروەها پەیوەندییەکی بەڵگەدارە لەبەر ئەوەی (ئاستی بەڵگەداری -P-value) بچوکترە لە بەهای (0.05)، لەسەر ئەو بنەمایەش پەیوەندیی ئاماریی هەیە لە نێوان بەکارهێنانی میدیای نوێ لەلایەن پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و بازاڕسازیی سیاسیی، تا زیاتر پارتە سیاسییەکان گرنگی بە میدیای نوێ پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بدەن و بە شێوەیەکی دروست بەکاریبهێنن بازاڕسازیی سیاسیی سەرکەوتووتر و کاریگەرتر دەبێت.

**گریمانەی دووەم**: پەیوەندیی ئامارییی هەیە لە نێوان پشتبەستنی پارتە سیاسییەکان بە پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان و ئاستی گرنگیدان بە بازاڕسازیی سیاسیی.

خشتەی (30) بەراوردی نێوان ڕادەی پشتبەستنی پارتە سیاسییەکان بە پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان و بازاڕسازیی سیاسیی

| ئەنجام | ئاستی بەڵگەداری | تاقیکردنەوەی ف | لادانی پێوەریی | ناوەندە ژمێرەیی | ژ | بڕگە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Results | P-value | F-Test | S.D | Mean | N | |
| بەڵگەدارە | 0.001 | 7.19 | 0.34118 | 3.2702 | 114 | زۆر |
| | | | 0.33622 | 3.2743 | 150 | تارادەیەک |
| | | | 0.34289 | 3.4660 | 53 | کەم |

بە سەیرکردنی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (30) دەردەکەوێت، کە جیاوازیەکی ئامارییی بەڵگەدار هەیە لە نێوان ڕادەی پشت بەستن بە پێگەی ئەلیکترۆنیەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان و بازاڕگەری سیاسی، چونکە بەهای ئاستی بەڵگەداری (p–value) دەکاتە (0.001) کە بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05).

**گریمانەی سێیەم**: پەیوەندیی ئاماریی هەیە لە نێوان بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان لەلایەن پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و بازاڕسازیی سیاسیی هەیە.

خشتەی (31) بەراوردی نێوان بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان لەلایەن پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و بازاڕسازیی سیاسیی

| بڕگە | ژ | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | تاقیکردنەوەی ف | ئاستی بەڵگەداری | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | N | Mean | S.D | F-Test | P-value | Results |
| زۆر | 16 | 3.4375 | .39770 | 1.735 | 0.178 | بەڵگەدارە نیە |
| تارادەیەک | 172 | 3.2808 | .35266 | | | |
| کەم | 129 | 3.3205 | .32731 | | | |

بە سەیرکردنی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (31) دەردەکەوێت جیاوازیەکی ئاماری بەڵگەداری نیە لە نێوان پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان لەلایەن پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و بازاڕسازیی سیاسیی، چونکە بەهای ئاستی بەڵگەداری (p-value) دەکاتە (0.178) کە گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05).

**گریمانەی چوارەم**: جیاوازی ئاماریی هەیە لە نێوان سامپڵی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی (ڕەگەز، بڕوانامە، کادری سیاسیی پارتەکان، پارێزگا) و ئاستی بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان بۆ بازاڕسازیی سیاسیی.

**خشتەی (32) بەراوردی نێوان بەرتوێژان لە ئاستی پشتبەستن و بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان بۆ بازاڕسازیی سیاسیی بەپێی: (ڕەگەز - تەمەن - بڕوانامە – پارێزگا و کادری حیزبی)**

| ئاستی بەلگەداری | بەهای ف | لادانی پێوەریی | ناوەندە ژمێرەیی | برگە | گۆڕاو |
|---|---|---|---|---|---|
| P-value | F-Test | Stander Deviation | Mean | Items | Variables |
| 0.301 | -1.036 | 0.42 | 3.59 | نێر | **ڕەگەز** |
| | | 0.33 | 3.65 | مێ | |
| 0.319 | 1.175 | 0.406 | 3.596 | 25 – 34 ساڵ | **تەمەن** |
